





سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ناميلكەی( ژن، ژیان، ئازادی)

## بەشی: ٣

بەشێک لە وتارو نوسراوە و وتووێژی نووسەران سەبارەت بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتنی ژینا ئەمینی، موشکبارانی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، مانگرتن و خۆپێشاندان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئێران و دەرەوە وڵات.

رووح و رەوانی ژینا و هەموو شەهیدانی راپەرینی کوردستان و ئێران شاد و سپاس و پێزاین بۆ نووسەرانی ئەم ناميلكەيە. من هەر ئەوەندم دەستكەوتوون و لە دووتوێی ئەم ناميلكەيە دا دەیخەمە بەرچاوی ئێوەی خۆشەویست.

کۆی ناميلكەكە ١٤٦ لاپەڕەوە ٣٦ بابەتن.

ناوەڕۆکی بابەتە و نووسراوەکان راو بۆچوونی و تێبینیی نووسەران خۆيانن. بەندە لێيان بەرپرسيار نيم.

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست:

١- ئێران دەیهەوێ ناڕەزایەتییەکان چۆن سەرکوت بکا و دنیا دەبێ چۆن وەڵام بداتەوە؟ ............................
و؛ لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور ........ ٥
٢- خوێنی "ژینا"ی کورد ڕژاوەتە نێو گەرووی کاربەدەستانی ڕێژیم و خەریکە بیانخنکێنێ .........................
مستەفا شەڵماشی ..... ١٠



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

٣- ڕاپەڕینی خەڵک و ئەرکی ئێمە : ئەگەر دەمانەوێ ئەو دەرفەتە لەدەست نەچێ! ........... ئاسۆی حەسەن زادە .... ١٥
٤- ئیسلامی سیاسی یان ئایینی بەرپرس ........................................................ سمکۆ سەقزی ...... ٢١
٥- لە سەنگەری ئازادیخوازانەوە بۆ مەکۆی ڕاپەڕین .................................. دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی ...... ٢٤
٦- بۆچی کراینەوە بە ئامانج؟ .................................................................. کوردستان ..... ٢٧
٧- ئێران بەبێ ژینا و جیهان بەبێ ئێران ..................................................... بارام مەجیدخان ...... ٣١
٨- هەڤپەیڤینی حەسەن قازی لە بەرنامەی ڕاوێژی تیلیڤیزیۆنی ستێرک لەگەڵ پرۆفێسۆر عەبباس وەلی سەبارەت بە شۆڕشی ژن لە ڕۆژهەڵات و ئێران ...................................................................................... ٣٤
٩- ڕاپەڕین و شۆڕش لە ئێران... ماهیەت و ڕێگریەکان و ئاییندەکەی ........................ عەبدوڵا مەحمود ....... ٤٦
١٠- ئێران.. وەک یوگسلاڤیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ........................................ بورهان یاسین ........ ٥١
١١- دەمی ڕاپەڕینە ............................................................................... عەلی بداغی ........ ٥٥
١٢- وانەکانی مانگی خەرمانان ................................................................. د. کامران ئەمینباوە ..... ٥٨
١٣- توانای مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و پێگەی حیزبی دێموکرات! ................................. عومەر باڵەکی ....... ٦١
١٤- نامەی پەیمان نوێکردنەوە یان دڵنەواییدانەوەی دیوەزمەی دیکتاتۆر! ............... شەمزین ئەحمەدنەژاد ...... ٦٥
١٥- نارەزایەتیەکان؛ دوو جیاوازیی گرینگ، بزووتنەوەیەکی گشتی و هەنگاوێک بۆ ئینقلاب ................................ د. ئازاد محەممەدیانی ..... ٦٧
١٦- قوتابییانی ئێران لەنێوان دوو سروودا ........................................................ تاهیر قاسمی ....... ٧١
١٧- شۆڕشی ژنان، شۆڕشێک بۆ هەمووان ........................................................ کەیهان یۆسفی ....... ٧٥
١٨- قەیرانی کۆتایی ............................................................................... برایم لاجانی ..... ٨٠
١٩- "ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێک بۆ ڕزگاری ................................................ ئاسۆ منبەری ..... ٨٤
٢٠- تێچووی ئێمە و گیرفانی ئەوان .............................................................. کەیوان دروودی ....... ٨٧
٢١- پشت پەردەی گوشارەکانی ئەم دواییەی تاران لەسەر هەرێمی کوردستان .................... زریان ڕۆژهەڵاتی ..... ٩٠
٢٢- هەڵوێستی هێزە شیعەکانی عێراق لەمەڕ دوا پێشهاتەکانی ئێران ............................ یاسین تەها ....... ٩٣
٢٣- پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران ............................... عوسمان کەوکەبیشاد ....... ١٠٣
٢٤- بەرگری یان هێرش؟ ..................................................................حیسام دەستپیش ....... ١٠٦
٢٥- پۆڵا دەشکی، بەڵام ناچەمێ ............................................................... زانیار حوسێنی ....... ١٠٨
٢٦- ڕاپەڕین لە سەرەتای چوارەمین حەوتوودا ................................................ خالید حەسەن پوور ....... ١١١
٢٧- کێن و کامانەن ئەوانەی بەراستی دەبێ ببن بە جێگرەوەی کۆماری پەت وسێدارە ........ لوقمان زەهرایی ....... ١١٣



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

٢٨- شۆڕشە و کۆشکی زۆرداریی دەڕوخێنم ........................................ هاشم ڕۆستەمی ........ ١١٥
٢٩- شۆڕشێک لە ژنانەوە بۆ لاوان ........................................ شاهۆ حوسێنی ...... ١١٧
٣٠- مانگرتن ڕێگایەک بۆ شکاندنی شکۆی دیکتاتۆر ........................................ ت. ئاگری ........ ١٢٠
٣١- چەند سانایە شۆڕشگێڕ؟! ........................................ سەردار عەزیز ...... ١٢٣
٣٢- پێویستیی پێکهێنانی بەرەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ........................................ حوسێن نازدار ...... ١٢٧
٣٣- ڕۆڵی گرنگی مامەڵەی ڕاست لەگەڵ سەرهەڵدانەکەی ئێراندا ........................................ عیماد عەلی ....... ١٣٠
٣٤- ڕەنجی بە خەسار ........................................ هیوا خانی ....... ١٣٣
٣٥- ئەم بڵقە کەی دەتەقێتەوە؟ (شەقام، مانگرتن، دیپلۆماسیی چالاک) ........................................ ڕەزا دانشجوو ...... ١٣٩
٣٦- ئەمجارە جیاوازە ........................................ ئایەت ڕۆحانی ...... ١٤٢



## نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میلەتا ئەژین



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئێران دەیهەوێ ناڕەزایەتییەکان چۆن سەرکوت بکا و دنیا دەبێ چۆن وەڵام بداتەوە؟



و لە ئینگلیزییەوە: کەماڵ حەسەنپوور
ماڵپەڕی ١٩٤٥ – مایکڵ ڕوبین

دوای مردنی مەهسا ئەمینی، کچێکی تەمەن ٢٢ ساڵەی ئێرانی، کە بە تاوانی دەرکەوتنی قژی دەستبەسەر کرابوو، ناڕەزایەتییەکان لە ئێران هەر وا لە تەشەنەکردندان. دەستبەسەرکردنی ئەوتۆ لەلایەن گەشتی ئێرشادەوە ئاساییین. کاتێک لە گەڕەکێکی خۆشبژێوی باکووری تاران خوێندکار بووم کە زۆرێک لە ژنان بەردەوام "حیجابی نەشیاویان" نیشان دەدا، من ناچار بووم چارەکێک بە پێیان بچم بۆ چوارڕێیانێکی سەرەکی تا لەوێ تاکسیی بگرم بۆ ئەوەی خۆم بگەیەنمە ناوەندی شار کە شوێنی ژیانم بوو. چەند جار، مسافیری بەپەلە بە سرتە ئەو خانمانەیان وشیار دەکردەوە کە بە پێیان بەرەو هەمان ئاراستەی ئێمە دەڕۆیشتن و دەیانگوت لە پرسگەی "حیزبوڵڵا" گەشتی ئێرشادی لێیە و خەریکی جاڕزکردن و گرتنی ژنانە. پرسگەکان زۆر جار کەمتر کاریان بە جێبەجێکردنی بڕیارە کۆمەڵایەتییەکانی ئایەتوڵڵاکان بوو تا گەندەڵی. گەشتی ئێرشاد، کە زۆربەیان هی ناوچە هەژارترەکانی کۆمەڵگەی خۆراوای تاران یان گەڕەکەکانی باشووری تاران بوون، داوای دراو یان دەکرد تا پێش بە دەستبەسەرکران بگرن. ئەوان تاقمێک لەو کەسانەی دراویان نەدەدا لە وانێتی پۆلیسدا کۆیان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکردنەوە و دەیانبردنە بنکەیەک تا بە زۆرەملێ درواى زۆرتریان لێ بستێنن.

لە کاتێکدا ئەوانەی لە ڕوانگەی سیاسی و ئابوورییەوە بە ڕێبەری گەورە -عەلی خامنەییەوە- نەبستراونەوە بەو نارەزایەتییانەی ئێستا دڵخۆشن، خۆزگەخوازیی بە تەنیا نابێتە هۆی سەرکەوتن. کۆماری ئیسلامی کەڵک لە ژمارەیەک ستراتیژیی بۆ سەرکوتکردنی ویستی جەماوەریی وەردەگرێ.

### سەرچاوەی ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی دژی نارەزایەتی

ئێران لە یەکەم وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بوو کە باوەشی بۆ ئینتەرنێت کردەوە. کاتێک من بۆ یەکەم جار لە ١٩٩٦ سەفەرم بۆ ئێران کرد، چاوەدێری هێشتا لەگۆترە بوو. لە کاتێکدا کە بێگومان هێندێک ئامرازی ئێلێکترۆنیک بوونیان هەبوو، بەشی هەواڵگریی زۆرتر پشتی بە هەواڵگریی مرۆیی بەستبوو: بەرتیلیان دەدا بە کارمەندانی کافینێتەکان تا سیخوڕی بکەن یان داوایان لە بەڕێوەبەرەکان دەکرد مێژووی گەڕانەکان تۆمار بکەن.

ئەوە لە ١٩٩٩ ئاڵوگۆڕی بەسەردا هات، کاتێک کۆماری ئیسلامی ئەزموونی یەکەم نارەزایەتییە سەرانسەرییەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامی تاقی کردەوە. چەخماخەی ئەو وەرسووڕانە بە هێرشی سپای پاسداران بۆ سەر شوێنی حەوانەوەی خوێندکاران لە ناوەندی تاران لێ درا. چەند کاتژمێر پێشتر، خوێندکارەکان بە شێوەی هێمنانە نارەزایەتییان دژی داخرانی ڕۆژنامەیەکی بەناوبانگ دەربڕیبوو. ئەندامانی سپای پاسداران بە جلوبەرگی مەدەنی ڕژانە شوێنی حەوانەوەی خوێندکاران، کەلوپەلی خوێندکارانیان تێکشکاند و دزییان و، خوێندکارانیان لە پەنجەرەوە فڕێ دا خوارەوە و لانیکەم کەسێکیان کوشت.

ئاستی تووڕەیی و خێرایی بڵاوبوونەوەی نارەزایەتییەکان ڕێژیمی پەشۆکاند و تەنانەت ئێرانییەکانیشی تووشی سەرسوڕمان کرد. بە هەڵکەوت، من دیسان ئەوکاتی لە تاران بووم. پچڕاندنی هێڵی ئینتەرنێت یارمەتیی نەکرد. بەسیج درێژەی بە لێدانی سەری خەڵک دا، بەڵام دەگەڵ دەستکردنەوەی ئێرانییەکان ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە. بە کەڵکوەرگرتن لە هێزی لە ڕادەبەدەر، ڕێژیم شەقامەکانی ئارام کردەوە، بەڵام هەموو ڕووداوەکە هەناوی هێزە ئەمنییەتییەکانی هەژاند.

### شەڕی دەروونیی کۆماری ئیسلامی

لە ئاکامدا ڕێژیم ڕووی کردە چین تا یارمەتی بکات بۆ ناسینەوەی ڕوخسار . کاتێک دوو ساڵ دواتر دوای بڵاوبوونەوەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەنگۆی ناچارکردنی یانەی نیشتمانیی تۆپی پێی ئێران بۆ دۆڕاندنی کێبڕکێیەکی چوون بۆ پاڵەوانەتیی جیهانی تا پێش بە جەژنگرتنی تێکەڵی ژن و پیاو لە سەر شەقام بگرێ، نارەزایەتییەکان سەریان هەڵدایەوە، ڕژێم وێنەی خۆپیشاندەرانی دەگرت و پاشان ئەوانی چەند ڕۆژ دواتر دەستبەسەر دەکرد، هێندێک جار پاش چەند حەوتوو و لە نیوەشەودا، کاتێک لە چاوی دنیا دوور بوون.

لایەنە بەد نییەتە ڕاستەقینەکەی ئەو ستراتیژییە ئەو کارانە بوون کە ڕژێم دەگەڵ دەستبەسەرکراوەکانی کرد. زۆر جار، بەرەورووی سزای گەلێک دژوار دەبوونەوە. زۆر جار، دوای ئەوەی پۆلیس دەیبردنە بەندیخانەی ئێڤین، هێزە ئەمنییەتییەکان ئەشکەنجەیان دەکردن. ژن و پیاو باسی لێدان، جاڕزکردنی سێکسی و، ئەشکەنجەی وەک سەر لە پیسایی‌نانیان کردووە. بەڵام ڕژێم ئەوانی تا هەتایە لە بەندیخانەدا ڕانەدەگرت. لەجیاتان، ئەوان پشوویان دەدا بە زیندانییەکانیان بۆ کۆتایی حەوتوویەک یان ڕەنگبێ زۆرتریش. زیندانییەکان دەگەڕانەوە ماڵەکانیان و نە تەنیا ئەندامانی بنەماڵەکانیان، بەڵکو دۆست و هاوپۆلەکانیشیان دەیاندیت کە هەڤاڵ و خۆشەویستە بەندکراوەکانیان لە ڕوانگەی فیزیکی و دەروونییەوە ئەو کەسەی چەند حەوتوو لەوەپێش نین. پەیامەکە ڕوون بوو: سنوورێک ببەزێنی، ئەوە تۆش دەگرێتەوە. بۆ تەکمیل کردنی خراپەکارییەکەیان، ئەوانیان دەگێڕایەوە بەندیخانە.

### ڕێکخستنەوەی سپای پاسداران بۆ تێکشکاندنی نارەزایەتییەکان

ڕێبەرایەتیی ڕێژیم خێرا سەرنجی دا کە سەرەڕای هەوڵەکانی، ڕێژەی نارەزایەتییەکان ڕوو لە زیادبوونە. لە ٢٠٠٧، محەممەدعەلی جەعفەری ڕێبەرایەتیی سپای پاسدارانی گرتە دەست. لێکدانەوەی ناوبراو لەمەڕ ئەمنییەت لە بەرپرسی پێش خۆی، یەحیا ڕەحیم سەفەوی کە ئێستا ڕاوێژکاری سەربازیی تایبەتیی خامنەییە، جیاواز بوو. ئەو پێی وابوو کە هەڕەشەی نێوخۆیی بۆ سەر ڕێژیم لە هی هێزی دەرەکی زیاترە، بە تایبەتی دوای لە سێدارەدانی سەرکۆماری عێراق سەددام حوسێن. لەبەر ئەو هۆیە، جەعفەری سوپای پاسدارانی لە سەرڕا ڕێکخستەوە تا لە هەر پارێزگایەک یەکەیەک بکاتە بەرپرسی ئاسایشی هەمان پارێزگا. ڕوونکردنەوەی ئەوە کە ئاخۆ کارمەندانی ئەو یەکەیانە خۆجێین یان نا، بۆشایی هەواڵگریی واشینگتۆنە، هەرچەندە وەڵامی ئەو پرسیارە ئەورۆ گرینگە، چونکە ئاشکرای دەکات ئاخۆ لە کاتی فەرمانی تەقەکردن لە جەماوەری سەر شەقام، خزمایەتی لە ئایدیۆلۆژی گرینگترە. لە ٢٠٠٩، ستراتیژیی گۆڕدراوی دژی نارەزایەتی کاریگەر بوو؛ ئەورۆ، ناڕوونە ئاخۆ بە هەمان شێوە دەبێ.

ڕێژیم بە هەمان شێوە ستراتیژیی دەستبەسەرکردنی پێشگیرانەی ئەو کەسانەی گرتۆتە بەر کە چالاکیی ئەوان لە هێڵە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان تێپەڕ دەبێ. ئەوە هۆی سەرەکیی ئەوەیە کە بۆچی ڕێژیم چالاکانی ژینگە و سەندیکا کرێکارییەکانی دەستبەسەر کرد.

لە پەیوەندی لەگەڵ ئەمنییەتەوە، ڕێژیم پەیوەندییەکی ئاشق-نەفرەتیی بەرانبەر بە ئینتەرنێتەوە هەیە. هێنانەخواری خێرایی ئینتەرنێت و پچڕاندنی بەستەری ماڵپەڕەکانی سۆشیالمێدیا ستراتیژیی یەکلاکەرەوەی ڕێژیمە، بۆیە توانایی ئیلان ماسک بۆ هێنانەکایەی جێگرەوەیەکی ڕایەڵەی پەیوەندیگرتن گرینگە. هەر لەو کاتەشدا، لە دەستپێکی ناڕەزایەتییە ئابوورییەکانی ٢٠١٨، ئەو ڕێژیمە هەوڵی دا بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی سەرکردەکانی ناڕەزایەتییەکە کە ڕوخساری خۆیان بۆ ڕێگریی لە ناسرانەوە حەشار دابوو، کەڵک لە تویتەر وەرگرێ.

### بەرەوڕووبوونەوەی سەدەیەک سەرکوت

خولیای دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵی زانیاریی تەنیا بۆ پێشگرتن بە هاوئاهەنگیی خۆپیشاندەران نییە، بەڵکوو بۆ ئەوەیە بتوانن دوور لە چاوی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، تاوانە دژی مرۆڤایەتییەکانیان بەڕێوە ببەن. تەنانەت کاتێک ڕێژیم لە سەرکوتکردنی خۆپیشاندەراندا پێشکەوتنی وەدەست هێناوە، کەڵکوەرگرتن لە هێزی ڕووت دوایین تیری نێو کەوانی ئەو دەمێنێتەوە. ئەوە پێشینەیەکی مێژوویی هەیە. ڕەزا خان، ئەوکاتی کە ئەفسەرێکی قەزاقی پارس لە خزمەت ئەحمەد شادا بوو، بە گێڕاندنەوەی نەزم لە پارێزگاکاندا پاش دەیان ساڵ پشێوی، پلەی بەرز بۆوە. لەکۆتاییدا، لە ١٩٢٥، پارێزەری خۆی لە سەر کار لابرد و، بۆخۆی دەستی بەسەر تاج و تەخت داگرت. لە کاتێکدا کە بریتانیاییەکان لە پاشخانی جەنگی جیهانیی دووهەم و بە گومانی هاوسۆزیی بۆ ئاڵمان ئەویان لە کۆتاییدا لە سەر کار لابرد، محەممەدڕەزای کوڕی، ئەو شایەی کە لە شۆڕشی ئیسلامیی ١٩٧٩ لە سەر کار لابرا، بۆ گەڕاندنەوەی نەزم، پاش ژمارەیەک ڕووداوی جیاییخوازانە لە کۆتاییەکانی چلەکانی زایینی، ڕەچاوی هەمان شێوە کاری کرد.

کۆماری ئیسلامیی تازە بەدەسەڵات گەیشتوو، کوردستانی ئێرانی لە ساڵەکانی دوای شۆڕشی ئیسلامی بە بێبەزەییەکی زیاتریش کردە ئامانج تا کوردەکان بەچۆک دابێنێ. وروژاندنی ناسیۆنالیستیی کوردان و هەروەها ناسنامەی سوننی ئەوان لە ڕوانگەی دەوڵەتی ئەمنییەتیی ئێران دوو تاوانی ئەوان بوون. ئەوە بە هەڵکەوت نییە کە کوردەکان زۆرترین ڕێژەی قوربانییانی ناڕەزایەتییەکانی ئەو دواییانەیان داون.

کۆماری ئیسلامیی بێ شەڕ چۆک داناداا. لە کاتێکدا کە شەڕەکە هی ئێرانە و دنیای دەرەوە ناتوانی لە دەرەوەڕا سەرکەوتنی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەسەر دا بسەپێنێ، بۆ سەرکەوتنی خۆپیشاندەران، پێویستییان بە پشتگیریی ئەخلاقی و تەکنیکی هەیە. وەک دەستپێک، ستارلینکی ماسک . سەندیکا نێونەتەوەییەکان دەتوانن بە دراوی مانگرتن پشتگیریی کرێکارانی ئێرانی بکەن تا بتوانن هاوکات کە بژێوی بنەماڵەکانیان دابین دەکەن، ڕێژیم لە پەلوپۆ بخەن. ئەوە هەروەها یەکلاکەرەوەیە کە زەرەر نەگەیەنین: هەڵگرتنی ئابلۆقە و دانی دراوی زۆرەملی بە ئێران، ڕاستەوخۆ دەچێتە گیرفانی سپای پاسدارانەوە. کاتی ئەوە هاتووە پشوویەک بدرێ، ئەگەر سیاسەتی ئەوپەڕی زەختیش نەگەڕێندرێتەوە. ئەوە هەروەها یەکلاکەرەوەیە کە هەواڵەکان لە کوردستانەوە تا کیش و لە بوشەهرەوە تا بەلوچستان بە بەردەوامی بڵاو ببنەوە تا خۆپیشاندەران ببینن کە ئەوان بەشێکن لە جووڵانەوەیەکی مەزنتر و ئەشکەنجە دەرانیان تێبگەن کە بۆ هەر جۆرە پێشێلکارییەک ناچار بە وەئەستۆ گرتنی بەرپرسیاریی دەبن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٤ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# خوێنی "ژینا"ی کورد ڕژاوەتە نێو گەرووی کاربەدەستانی ڕێژیم و خەریکە بیانخنکێنێ



مستەفا شەڵماشی

بەهۆی شەهیدبوونی کچێکی لاوی خەڵکی شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دەستی تیمەکانی "گەشتی ئیرشاد"ی کۆماری ئیسلامی ئێران، ڕاپەڕین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێ کرد. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەوەخت و بەجێ مانگرتن و خۆپیشاندانی ڕاگەیاند و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش هاتنە سەر خەت و پشتیوانییان لە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان کرد. خەڵکی تێکۆشەر، زیندوو و دڵسۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەڵامی بانگەوازی حیزبەکانیان دایەوە و دوکان و بازاڕ لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، گاڵە دران.

وەڵامدانەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە داوای حیزبە کوردستانیەکان بۆ مەحکومکردنی ئەو جینایەتەی ڕێژیم ئەوەندە بەربڵاو و بەهێز بوو کە لە ماوەی بیستوچوار سەعاتدا تیشکی هاویشت بۆ شەقامەکانی زیاتر لە سەد شاری گەورەی ئێران بە تارانی پایتەختیشەوە. درووشمی زۆر بەجێ وگشتگیری "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە دروشمی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو چینوتوێژ و گرووپبەندییە سیاسیەکانیەوە و تەختی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەلەرزە خست. هەروەها کچە شەهیدی کورد ژینا "مهسا" بوو بە ڕێبەر و پێشەنگی خەبات بۆ کۆمەڵانی بەرینی خەڵکی ئێران. جگە لەوە ناوی ژینا لەنێو مێدیای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردی، ئێرانی و جیهانیدا لاپەڕەکانی یەکەمی مێدیا و سۆشیال مێدیای بۆخۆی داگیر کرد.

لە ماوەیەکی کەمدا شەقامەکانی زۆربەی نیزیک بە تەواوی شارەکانی ئێران بوون بە مەیدانی بەربەرەکانێی لاوەکانی ئێران لەگەڵ هێزەکانی ڕژیم. خوێندکارەکانی زانستگاکان، وەرزشوانان، کەسایەتییە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان، کەسایەتییە سیاسییەکان، ڕۆژنامەنوسەکان و بەشێکی بەربڵاو لە کەسایەتیە ناسراوەکان پشتیوانییان لە خۆپیشاندان و مانگرتنەکان کرد و بە دەربڕینی مێدیایی، لە مەیدانەکانی تۆپی پێدا، لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و لە هەر ڕێگایەکی دیکەوە کە بۆیان گونجاو بوو، پشتیوانیی خۆیان لە ڕاپەڕینی بەربڵاو وشکۆداری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان دەربڕی. لە دەرەوە دیاسپۆرای کوردی و ئێرانی دەستی کرد بە چالاکی لە شەقامی ئورووپا و ئامریکادا و هەر لە کاناداوە تا ئوسترالیا خۆپێشاندانی هەزاران و تەنانەت دەیان هەزارییان پێکهێنا. تەنیا لە ڕۆژی شەممە، ٩ی ڕەزبەردا لە نیزیکەی دوو سەد شاری گەورەی جیهاندا خۆپیشاندانی بەشکۆ کرا. ژمارەی خۆپیشاندەران لە تۆرنتۆی کانادا تەنانەت لە پەنجا هەزار کەس تێپەڕی و لە زۆربەی شارەکانیش بە هەزاران، یا دەیان هەزار بوو.

یەکەم چەخماخەی ئەو ڕاپەڕینە بەشکۆیە، بەهۆی شێوەی بێبەزەییانە کوشتنی کچە لاوێکی سەقزی کە بۆ دیتنی پایتەختی وڵاتەکەی و بۆ چەند ڕۆژێک لەگەڵ براکەی سەفەری کرد بوو و تەنیا بە بیانووی بەدەرەوە بوونی بەشێک لە قژی شەهید کرا ، لێ درا. بەڵام دەبێ ئەوەش بگوترێ کە بڕیاری لێبڕاوانە و بەوەختی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی حیزبە کوردستانیەکانی دیکەش لە مانگرتن و ڕاپەڕین، ڕۆڵێکی واتاداریان هەبوو لە وەڕێخستنی ئەو ڕاپەڕینە و گەورەکردنەوە و هاندانی بەرەو ئاستی شۆڕشێکی تازە لە ئێراندا. هەر بۆیە ڕێژیم هێندەی دیکە ڕق و تووڕەیی لە حیزبە کوردستانیەکان هەڵگرت و وەک هەمیشە وەڵامی جووڵانەوەی مەدەنیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە موشەکباران و بۆمبارانی فڕۆکەی درۆن بۆ سەر بنکە و بارەگا و کامپەکانی حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دایەوە و بەزەیی بە منداڵی قوتابخانەشدا نەهاتەوە و قوتابخانەشی کردە ئامانجی مووشەکەکانی.

بەداخەوە لەو کردەوە جینایەتکارانەیەدا ١٧ کەس شەهید بوون کە ژنی دووگیان، منداڵی دوو ڕۆژە و ژنی بەتەمەنی تێدا بوو، هەروەها زیاتر لە پەنجا کەسیش بریندار بوون.

ئەو ڕاپەڕینە بوو بەهۆی تەقینەوەی ڕق و قینی چەندین ساڵەی کۆمەڵانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران. چین و توێژە جۆراوجۆرەکان بە بیر و بۆچوونی جیاوازەوە لە دەوری ژیلای کورد و درووشمی "ژن، ژیان، ئازادی" کە لە کوردستانەوە کەوتە سەرزاران، کۆ بوونەوە. کۆمەڵانی خەڵک بە تێکڕایی خۆیان لە خۆشەویستی بۆ ژینا و ئەو درووشمەدا دیتەوە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ویستی هەموویانی تێدا بوو. ژنانی ئێران کە لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەو ڕێژیمەوە کەوتبوونە بەر زەبرو زەنگی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی و تەنانەت مافی هەڵبژاردنی جۆری لیباس لەبەرکردن و دەسەڵات بەسەر جەستەی خۆشیان لێ وەرگیرابۆوە، لە یەکەم وشەی دروشمەکەدا وێنا کران و لە دوو وشەکەی دیکەدا بەڵێنی وەرگرتنەوەی مافەکانیان پێ درا. دووەم وشە و سێهەم وشەی درووشمەکە، واتە ژیان و ئازادی، ویستی هەموو کۆمەڵانی خەڵکن. خەڵک نان و ئازادیی دەوێ، تا بە سەربەستی بژی. بەڵام دەزانێ کە لە کۆماری ئیسلامیدا هەرگیز ئازادی نابینێ و بەو هەموو ئاژاوەگێڕی و تیرۆریزمەی کۆماری ئیسلامی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جیهانیشدا وەڕێی خستوە، هیچ کاتێک ناتوانێ خاوەنی ژیانێکی شیاوی ئەم سەردەمە بێ. هەر ئەوەش وای کرد کە درووشمەکانیش توندتر بن و سەری نیزامی کۆماری ئیسلامی بکەنە ئامانج و سەرەڕای دووپاتەکردنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، درووشمی بمرێ خامەنەیی و بمرێ کۆماری ئیسلامییش دووپاتە بوونەوە.

بەرهەمی ئەو بەدەنگەوە هاتنەی کوردستان بووەتە هۆی پێکهاتنی یەکیەتییەکی بێوێنە لەنێو هەموو نەتەوە و ئایین و ئایینزا جیاکانی ئێراندا. ئەو هەوڵەی ڕێژیم بە درێژایی مێژووی چلوسێ ساڵەی خۆی داویەتی تا گەلانی غەیرە فارس بە تەجزییەتەڵەب تۆمەتبار بکا و فارسەکان بە مەترسیی دابەشبوونی ئێران بترسێنێ، هەمووی بوو بە بڵقی سەر ئاو و لە شەقامەکانی تاران و تەورێزدا دروشمی "کردستان، چشم و چراغ ایران" دەنگی دایەوە و گەلی ئازەری لە شەقامەکانی شارە گەورەکانیدا بە پێچەوانەی ویستی کاربەدەستانی ڕێژیم هاواری کرد، کورد برامانن و پشتیوانیانین.

هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینەوە تا ئەوڕۆش کاربەدەستانی ڕێژیم شۆکە بوون و نەیاندەزانی و نازانن چ بڵێن و چ بکەن. تەنیا شتێکی کە لەلای خۆیان شکی دەبەن و هەمیشە کەڵکیان لێ وەرگرتوە و تا ئێستاش بە کاری دێنن، سەرکوتکردنی ئەو کەسانەیە کە دێنە سەر شەقامەکان و تا ئێستا لەو سەرکوتکردنەدا لانی کەم سەد و پەنجا خۆپێشاندەر لە شەقامەکاندا شەهید بوون و بە سەدان کەسیش بریندار بوون؛ هەروەها بە هەزاران کەس خراونەتە نێو سیاچاڵەکانی زیندانەوە.

دوی دوو حەوتوو خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە شاشەی مێدیاکاندا خۆ وەدەرخست و لە کاتێدا دەنگی نووسابوو، هێندێک وەڵامی کۆنی بۆ ئەو پرسیارانەی تازە لە سەری کەڵەکە بوون، لە ساکە ڕزیوەکەی دەرهێنان و دووپاتی کردنەوە. خۆپیشاندەرانی بە نۆکەرانی دەزگای هەواڵگریی ئامریکا و ئیسرائیل لە قەڵەم دا و حیزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوەی کورد و نەتەوە بەشخوراوەکانی دیکەی ئێرانی وەک تەجزیەتەڵەب ناو برد. خوێنی ژینا قورگی گووشیبو و باش قسەی بۆ نەدەکرا و جگە لە لێدانەوەی قەوانە کۆنەکە و هێندێک مەزلومنمایی بۆ هێزە سەرکوتکەرەکانی، وەک سپای پاسداران و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەسیج کە گۆیا خەڵک زوڵمی لەوان کردووە، هیچ قسەیەکی دیکەی بۆ گوتن پێ نەبوو. دیارە زەبوونانە دیسان هەڕەشەی کردنەوە و هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕاسپارد کە بە حیسابی هەموو ئەو کەسانە بگەن کە لە خۆپیشاندانەکاندا بون، دەستیان هەبووە، یا پشتیوانیان لێ کردوون.

ئێستا ڕاپەڕینە مەزنەکە لە شۆڕش نیزیک بووەتەوە. گومان لەوەدا نییە کە ئەوەندە بەربڵاو و گەورە بۆتەوە کە ڕێژیم پێی کۆ ناکرێتەوە. ئاساییە ئەگەر هەڵکشان و داشکانی هەبێ و زۆریش ئاستەمە ڕۆژی سەرکەوتن دیاری بکرێ، بەڵام بێگومان دەتوانین بڵێین کە ئەم بڵێسەیە تازە ناکوژێتەوە. چوونکە چەند تایبەتمەندییەکی تێدایە کە لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی پێشوودا نەبووە.

**یەکەم**: هێزی شۆڕش و ڕاپەڕین لاوە تازە پێگەیشتووەکانی دەیەی هەشتان. ئەو نەوەیە سەرەڕای نەترسانی، بە هۆی چالاکبوونی لە سۆشیال مێدیادا شارەزایی لە خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی دژواردا هەیە و دەتوانێ زوو خۆی بگۆڕێ. جگە لەوە نەوەیەکە کە بەهاسانی لە مەیدان وەدەر نانرێ. ئاخرەکەی دەتوانێ پشتیوانیی دایک و بابەکانیش بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و کارەکە یەکسەرە بکا.

**دووەم**: یەکیەتییەکی بێوێنە لەنێو گەلانی ئێراندا پێکهاتووە. وێدەچێ ترسی دابەشبوونی خاکی ئێران بە دوای گۆڕانی ڕێژیمدا بە یەک شەو تواوەتەوە و کۆمەڵانی خەلکی ناوەندنشین چیدیکە بەو درۆیەی ڕێژیم ناخاپێنرێن و ئەوەش دەبێتە هۆی یەکگرتن و هاوکاریکردن و دروستبوونی ئاڵتەرناتیڤ بۆ ڕێژیمی ئاخوندەکان.

**سێ**: بەهۆی مانگرتنەکانەوە چینی مامناوەندی و بازاڕ دێتە نێو شۆڕشەکە و بە دوای منداڵەکانیدا دەکشێ و ناتوانێ چیدی بێ پشتیوان لە شەقامدا بەجێیان بێڵێت.

**چوار**: بە درێژبوونەوەی نارەزایەتییەکان هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕژیم ماندوو دەبن و شک و گومانیان تێدا دروست دەبێ. ئەوان کە زۆرتر بە خاتری ئیمکاناتی ماددی ڕەگەڵ ڕژیم کەوتوون، بەرەبەرە لە مانەوەی ڕێژیم وەشک دەکەون و پشتی بەر دەدەن و هەڵدەوەرن.

**پێنج**: دیاسپۆرای ئێرانی و کوردی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر و باشتر دێنە مەیدان و بە تەوژمێکی زۆرترەوە شوێن لەسەر بیروڕای گشتی وڵاتان دادەنێن و بڕیاردەرانی وڵاتە شوێندانەرەکان هان دەدەن کە پێداچوونەوە بە سەر پەیوەندییەکانیاندا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بکەنەوە و چیدی ئەو ڕێژیمە بە نوێنەری خەڵکی ئێران نەزانن. تەنانەت خەریکن سیاسەتەکانیان بە نیسبەت ڕێککەوتنی "بەرجام"یش بگۆڕن.

**شەش**: ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە ناوەندگەرا و نوێنەرانی نەتەوە ژێر دەستەکانی ئێرانەوە، گەیشتوەتە ئەو ئەنجامە کە پێویستە هەرچی زووتر یەک بگرێ و ئاڵتەرناتیڤێکی دێموکڕاتیک بۆ ڕێژیمی ئاخوندەکان پێک بێنێ. ئێستا لە هەر کاتێک



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر هەموولایەک ئامادەیی ئەوەیان تێدایە کە بە پاراستنی بۆچوون و تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە لەگەڵ هێزەکانی دیکە یەک بگرن بۆ تێپەڕبوون بەسەر کۆماری ئیسلامیدا. ئیدی بۆ کەس ئەو شک و گومانە نەماوە کە کۆماری ئیسلامی ڕەنگە بتوانێ هێندێک شت بگۆڕێ. بۆیە ئیسلاحتەڵەبی و دڵخۆشکردن بە ئیمکانی ئاڵوگۆڕ لەنێو ڕێژیمدا هیچ نەماوە. ئێستا هێزەکان بە تەواوەتی لە دوو بەرەدا جێ دەگرن: بەرەی کۆماری ئیسلامی و بەرەی خوازیارانی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی.

تازە خوێنی ژینا گەرووی گرتوون و لە کۆڵیان نابێتەوە هەتا نەیانخنکێنێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕاپەڕینی خەڵک و ئەرکی ئێمە: ئەگەر دەمانەوێ ئەو دەرفەتە لەدەست نەچێ!



ئاسۆی حەسەن زادە

بزوتنەوەی بێوێنەی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕین کە سێ حەوتوویە سەرتاسەری ئێرانی داگرتووە و هەتا دێ بەرینتر و قووڵتر دەبێتەوە، بەرهەمی چل و سێ ساڵ سەرەڕۆیی و ناکارامەیی کۆماری ئیسلامی و ئەزموون وەرگرتنی خەڵکی ئێران و هێز و بژاردەکانی نەیاری ئەو ڕێژیمەیە. چەخماخەی ئەو بزوتنەوەیە دەنگدانەوەی قەتڵی حکومەتیی کچە کوردێک (ژینا ئەمینی) لە تاران بوو. بەهۆی دەسپێشخەریی کورد لە وەڕێخستنی ناڕەزایەتییەکان و بەشداریی شێلگیرانەی کوردستان لە قۆناغەکانی دواتری ئەو بزوتنەوەیەدا و سیاسەتی بەرپرسیارانەی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، هاوپێوەندییەکی پێشتر نەدیتراو لەگەڵ کورد لە کۆمەڵگای ئێراندا دروست بووە و چاوی مێدیا و ناوەندە سیاسییەکانی دەرەوەش تا ڕادەیەک هاتۆتە سەر فاکتەری کورد لە ئێران. بەڵام، لەبەر ئەوەی زۆر لەو کاردروستایی و خۆڕێکخستنەی کوردی ڕۆژهەڵات کە دەبوو زۆر بەر لە ئێستا کرابا نەکراوە، کوردی ڕۆژهەڵات هێشتا وەک خۆی نەبۆتە ناوەندێکی بارستایی ئەو ڕووداو و ئاڵوگۆڕانە و هیچ دوور نیە دەرفەتی پێشەنگ بوون یان ئەو جێگە و پێگە تایبەتییەی کورد لە ڕەوتی پێشهاتەکانی ئێراندا دەتوانێ هەیبێ، لەدەست بدا.

بەهۆی خێرایی و چڕوپڕیی ڕەوتی ڕووداوەکانی نێوخۆی ئێران و هەلومەرجێکی هەستیار و پڕمەترسی کە ئێستا هێزە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان تێیدان، ئەم ڕۆژانە کەمترین دەرفەت بۆ نووسین و بیرکردنەوە هەیە. بەوحاڵەش، بزوتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لە عەینی جووڵان و بڕیارداندا ئێستا لە هەموو کاتێک زیاتر پێویستیی بە ڕاوێژ و بیرکردنەوەیە. لەم یادداشتەدا کە بە پلەی یەکەم ڕووی لە "تاوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، تێدەکۆشین ئاماژە بە گرینگترینی ئەو هەنگاوانە بدەین کە پێویستە لەو قۆناغەدا هەڵبهێندرێنەوە.

### نەولەویەتی کوردستان و هاوپێوەندی لەگەڵ سەرجەم ئێران

هەمیشە بە دروستی گوتراوە کە ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و گۆڕانی گەورەی سیاسی لە ئێران نە ئەرکی کورد بەتەنیایە و نە لە توانای کوردیش بەتەنیادایە. بەلەبەرچاوگرتنی دژمنکاریی لەمێژینە و زیاتری کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کورد، ئەگەر تەنیا لە گۆشەنیگای بەرژەوەندیی کورد و ڕزگاریی کوردستانیشەوە چاو لە مەسەلەکە بکەین، پێویستە کورد ئەوپەڕی یارمەتی بە درێژەکێشان، بەهێز بوون و سەرکەوتنی بزوتنەوەی سەراسەری بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی بکا. بەڵام هەڵەیە ئەگەر پێمان وابێ دەبێ کورد لەپێناو پاراستن و پەرەپێدانی یەکگرتوویی ئێستای ئەو بزوتنەوەیەدا بەشێوەی کاتی و تاکتیکییش واز لە گوتار و جووڵە و دەرکەوتنی خۆی وەکوو کورد بێنێ.

سەرەڕای ڕاست و دروستیی چەمکی "درد مشترک" بۆ جولاندنی هێزی خەڵک لە ئێران، کورد وەک خۆیشی خاوەنی سەرەکیی قەزیەکەیە و هەقی خۆیەتی بۆخۆی تەعبیر لە خۆی بکا. ئەگەر کورد دەیەوێ لە ئایندەی ئێراندا وجوودی وی لەلایەن هێزە بەناو سەراسەرییەکانەوە تەحەمول بکرێ و خواستەکانی بەدی بێن، پێویستە هەر ئێستا کە دەرفەتی نیشاندانی هێزی خۆی هەیە و قسەی لێ وەردەگیرێ، خەڵک و بژاردەکانی باقیی ئێران بە بوون و دنیابینیی خۆی ڕابێنێ. ئەوەندەش کە تا ئێستا لە حەرەکەتەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات و هەڵوێستی لایەن و بژاردەکانی ئۆپۆزیسیۆن دیتوومانە، سەرەڕای مانۆڕ و پرۆپاگانداکانی ڕێژیم و هێندێک کردار و دەربڕینی شۆڤێنیستانە و مەزنیخوازانە کە لێر و لەوێ دەبیستین، خۆدەرخستنی کورد وەک خۆی تا ئێرە هیچ زیانێکی بە هاوپێوەندیی سەراسەری نەگەیاندووە. ڕاستە ڕوانگەی سیاسیی زۆرینەی لایەن و بژاردە نەریتییەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئایندەی ئێران زۆر لەو شتە دوورە کە کورد خەباتی بۆ دەکا، بەڵام مەرج نیە زۆرینەی کۆمەڵگای ئێران (بەتایبەتی لەنێو چینی لاودا) قالبگرتووی چەمکە ناوەندگەراکانی پێشوو بن و حاڵەتێکی زەینیی نوێ لە کۆمەڵگای ئێراندا دروست بووە کە کە ئەگەر کورد قورس و قایم و ژیرانە بجوڵێتەوە، دەتوانێ جێگە و پێگەیەکی هەرگیز نەدیتراو لە کایەی سیاسیی سەراسەریی ئێراندا پێشکەش بە کورد بکا.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام ئەوە نابێ تواناکانی خۆمان و ئاڵەنگارە کۆن و نوێیەکانی سەر ڕێگای وەدی هاتنی ئامانجەکانمان لەبیر بەرێتەوە و وامان لێ بکا کە قورسایی کار و خەباتمان لە کوردستانەوە بگوازینەوە بۆ هەموو ئێران. ئەوە جیا لەوە کە واقعبینانە نیە، مەترسیی ئەوەشی لێ دەکرێ لە کۆتاییداس کورد بکاتە ئاردی نێو دڕووان. لەگەڵ هەموو نەخشێک کە پێویستە هێز و بژاردە سیاسییەکانی ئێمە لە ڕەوتی هاوپێوەندی و یەکگرتنی سەراسەری و هەوڵدان بۆ دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤێکی سیاسیی مەعقوول لە ئێراندا بیگێڕن، پێویستە ئەولەوییەتی کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە بە خەڵک و حیزبەکانەوە ئێستاش هەر تێکۆشانی بەکردەوە بۆ تۆکمەیی و بەهێزیی سەنگی کورد و دروستکردنی دوفاکتۆیەکی کوردیی پایەدار و ئەمین بێ کە هەم لەنێو خۆیدا تەبا و وڵامدەر و بەبەرنامە بێ، هەم بەڕووی دەرەوەیدا بنەما ژێئۆپۆلیتیک و سیاسییەکانی دەوام هێنان و پاراستنی خۆی دابین کردبێ.

### جەمسەری گەلانی ژێردەستەی ئێران

بەپێچەوانەی گوتاری هەمیشەییمان لەو بارەوە و سەرەڕای هەستانی شێلگیرانەی گەلانی دیکەی ژێردەستە لە ئێران بەتایبەتی لە بەلوچستان و ئەهواز، یەکگرتن و هەماهەنگیی جەمسەری گەلانی ژێردەستەی ئێران ئێستاش زۆر لاوازە. بۆ بەهێزکردنی جەمسەری گەلانی ژێردەستەی ئێران "کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ" بەتەنیا ناتوانێ وڵامدەر بێ و پێویستە بیر لە گوتاری ڕوونتر و ڕێکاری کاراتر لەو پێوەندییەدا بکرێتەوە. هەر لەو سۆنگەیەوە، ئاشکرایە کە یارمەتیدان بە هەستانی زیاتری ئازەربایجانی ئێران و جێخستن و پاراستنی بنەماکانی برایەتیی کورد و ئازەری و پوچەڵکردنەوەی پیلانەکانی ڕێژیمیش لەو پێوەندییەدا زەروورەتێکی ڕوونە.

### ڕێککەوتن لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی

ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئۆپۆزیسیۆنی بەناو سەراسەری، جێی خۆیەتی لەو قۆناغەدا کوردی ڕۆژهەڵات تێبکۆشێ لەگەڵ هەموو ئەو جەمسەرە جیاوازانەی نێو ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە خوازیاری ڕووخانی کۆماری ئیسلامیین هاوکاری بکا. لەو پێناوەدا تەنانەت دەکرێ هێندێک باسی بنەڕەتی کە هەتا پێش ئەم دۆخە دەمانگوت دەبێ لەپێشدا لەسەریان ساغ بینەوە و حەواڵەی "مەجلیسی موئەسەسان"یان ناکەین، هەڵپەسێردرێن. بەڵام هەرجۆرە ڕێککەوتنێک تەنیا دەبێ بۆ ئەم قۆناغە و لەپێناو ڕووخاندنی ڕێژیم و بەمەرجی ڕەچاوکردنی جێگە و پێگەی شیاوی کورد بێ و نابێ هیچ ڕێککەوتنێکی ستراتژی لەگەڵ هیچ جەمسەر یا لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن ئیمزا بکرێ کە لە بەرژەوەندیی نەتەوەی کورد لە ئێرانی داهاتوودا و قابیلی قبووڵی زۆرینەی حاشاهەڵنەگری کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نەبێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## یەکخستنی نێوماڵی کوردی ڕۆژهەڵات

ئەگەر هەتا پێش ئەم بزوتنەوەیە دەبوو باس لە پێویستیی دروستکردنی سەنتێزێک لەنێوان ئامانجە گەورە و بچووکترەکانی خەبات یان شێوازە جیاوازەکانی تێکۆشان و پەسندکردنی وتار و ئالیەتێکی هەمەلاگیری کوردی بۆ وەخۆگرتنی هەموو پۆتانسیەل و فرەچەشنییەکانی نێو کۆمەڵگای کوردستان بکەین، ئەمڕۆ ئیدی بەپەلە پێویستمان بەوەیە کە تەواوی کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە بە هەموو جیاوازییە کۆن و تازەکانی دەروونی خۆی یەکدەست و یەکگرتوو بۆ سەرخستنی ئەو بزوتنەوەیە و پتەوکردنی جێگە و پێگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئێستا و داهاتوودا بجوڵێتەوە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە تەواوی کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە هەستیاری و ناکۆکیی خۆی لەسەر ئەو بابەتانەی پێشتر درزی تێ خستبووین ڕابگرێ یان بە جۆرێک مامەڵەی لەگەڵ بکا کە زیان بە یەکگرتنی بەکردەوەی کۆمەڵگای سیاسیی ئێمە نەگەیەنێ.

پاشان، ئێستا کە بەخۆشییەوە یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکڕات پێش سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە وەدی هاتووە، پێویستە لایەنە لێکدابڕاوەکانی دیکەش بەتایبەت "کۆمەڵەکان" هەرچی زووتر یەک بگرنەوە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر ئەو هێز و دەنگانەش کە باوەڕیان بە گوتار و ستراتژییەکی جیاواز لە حیزبە لەمێژینەکانی ڕۆژهەڵات هەیە (چ ئەوانەی هەڵگری گوتاری دژەداگیرکارییین و چ ئەوانەی لەپێوەندی لەگەڵ چارەسەری پرسی نەتەوایەتیدا گوتارێکی زۆر ڕوونیان نیە)، پێویستە لە کردار و گوتاری خۆیاندا لانیکەم تا سەرکەوتنی ئەو بزوتنەوەیە نەبنە هۆکار نە بۆ یەکنەگرتنی کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵات لە تەواوەتیی خۆیدا و نە بۆ لاوازبوونی هاوپێوەندیی سەراسەری لە ئێراندا. هەتا ئەو کاتە کە هەموو یان زۆرینەی بێئەملاوئەولای کۆمەڵگای سیاسیی ڕۆژهەڵات پێکەوە لەسەر فۆرموولێک بۆ چارەسەری پرسی کوردی ڕۆژهەڵات ڕێک دەکەوێ، پێویستە هەموو ئەو هێزانەی ڕۆژهەڵات کە دوو شتیان قبووڵە لە هەموو مەیدانەکاندا پێکەوە و بە یەک ئاقاردا کار بکەن:

١- باوەڕ بە وجوودی سیاسیی کورد وەک خۆی و بەبێ پاشکۆیەتیی سەراسەری؛
٢- دژایەتیی دەستێوەردانی هێزەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئێستا وەک مەشرووعترین و ناسراوترین ئادرەسی سیاسیی کوردی ڕۆژهەڵات جێکەوتووە. بەڵام بە دوو هۆ سروشت و کارکردەکەی بۆ دۆخی هەستیار و چارەنووسسازی ئێستا وڵامدەر نیە: یەکەم لەبەر ئەوە کە پێکهاتەکەی سنووردارە و تەنیا سێ هێزی ڕۆژهەڵات (با گرینگترین هێزەکانیش بن) تێیدا ئەندامن؛ دووەم لەبەر ئەوە کە سازوکارەکانی ناوەندی هاوکاری بۆ خەباتی هاوبەش و ڕێبەرایەتی کردنی بزوتنەوەیەکی مەیدانیی فرەڕەهەند هێشتا سەرەتایی و دەڵەمەن. سەبارەت بە کەمایەسیی یەکەم، هێزەکانی ناوەندی هاوکاری ئەگەر نەشتوانن هەر ئێستا بنەمای ئەو ناوەندە فراوان بکەنەوە، پێویستە هەرچی زووتر ئەڵقەیەک بەدەوری ناوەنددا یان مێکانیزمێکی هەماهەنگی لەگەڵ ئەو ناوەندە دروست بکەن بۆ ئەوەی هێزە سیاسییەکانی دەرەوەی ناوەندی هاوکاری و پێکهاتە مەدەنی و کەسایەتییە کاریگەرەکانی کوردی ڕۆژهەڵات لە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان لە باس و ڕایژەکانی ناوەند و جێبەجێکردنی بڕیار و بەرنامەکانیدا بەشدار بکەن. بۆ کەمایەسیی دووەمیش، ئەگەر گۆڕینی سروشتی ناوەند بۆ بەرە یا هەر فۆرم و چوارچێوەیەکی پێشکەوتووش جارێ مومکین نەبێ، پێویستە سازوکارەکانی کاری هاوبەشی هێز و لایەنەکانی ناوەندی هاوکاری وردتر بکرێنەوە و کاراتر و هەمەلاگیرتر بجوڵێنەوە. ئەوەش نەک هەر بۆ شۆڕکردنەوەی پلان و کارەکانی ناوەند بۆ نێو کەرەستەی خەباتگێڕیی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات، بەڵکوو بەڕووی سەرجەم کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیشدا. هەر ئێستا لە نێوخۆی کوردستان، لە سەرتاسەری ئێران و لە دەیان وڵاتی دنیادا بە سەدان و هەزاران کەس و ڕێکخراوی بەتوانا و دڵسۆز هەیە کە هەر کامەیان پێویستە لە یەکێک لە ڕەهەندەکانی تێکۆشانی هاوبەش و ڕێکخراوی کوردی ڕۆژهەڵاتدا سازمان بدرێن.

## دەنگی یەکگرتووی کوردی ڕۆژهەڵات بەڕووی ئێرانییەکان و جیهاندا

خێرایی ڕووداوەکان و زۆریی باس و بابەتەکان و ئەو شوێنانەی ڕوانین و پێگەی کوردی ڕۆژهەڵاتیان بۆ پرسیارە بە چەشنێکە کە هیچ کەس و لایەنێک بەتەنیا ناتوانێ دەنگ و پەیامی کوردی ڕۆژهەڵات بە گوێی کۆمەڵگای ئێران و ناوەندە مێدیایی و سیاسییە دەرەکی و نێودەوڵەتییەکان بگەیەنێ. هاوکات هەوڵە تاکەکەسی یان تاکلایەنییەکانیش بۆ گەیاندنی ئەو دەنگ و پەیامە لە ڕێگای ئامرازە جۆراوجۆرەکانی بەردەست لە دنیای ئەمڕۆدا لەگەڵ ئەوەدا کە پێویست و بەجێن، دەبێ هەماهەنگ بکرێن بۆ ئەوەی چاوگەی خەت و زانیاری و دەرکەوتی ئاقار و پەیامیان یەک بێ .هەربۆیە یەکێک لە ئەرکەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دروست کردنی هەیئەتێکی هاوبەشی دیپلۆماسی و مێدیایی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات بەپشتبەستن بە کەرەستەی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەند و بەکەڵک وەرگرتن لە توانا و پۆتانسیەلەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەرەوەی ناوەندە کە وێڕای دیاریکردنی خەتی سیاسی و مێدیایی رۆژ، چەندین تیمی لۆبیسازیی سیاسی و حزووری مێدیایی و چالاکیی سایبریش بەخۆی ببەستێتەوە.

هەر لەو بوارەدا نەبوونی مێدیایەکی بەهێزی کوردی رۆژهەڵات کە بە زمانەکانی فارسی و عەرەبی و ئینگلیسی دەنگی کوردی رۆژهەڵات بگەیەنێتە دەرەوە، زۆر دیارە. مشوورخواردن لەو کەمایەسییە گەورەیەش تەنیا بە هەوڵی هاوبەشی هەموو لایەک دەکرێ،

## رێکخستنی خەڵک لە نێوخۆ

بزوتنەوەی ئەم دواییانەی خەڵکی کوردستان نیشانی دا کە وشیاری و خەللاقیەت و ئازایەتیی خەڵک بۆ هاتنەمەیدان و ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم و دروستکردنی رایەڵەکانی یەکگرتن لەگەڵ باقیی ئێران لە ئاستێکی زۆر بەرزدایە. بەوحاڵەش بزوتنەوەیەک هەرچەندە بە جۆش و خرۆش و پشوودرێژ بێ، بەبێ بوونی نەخشەڕێگایەکی ڕوون و سازوکارێکی یەکگرتوو بە ئامانجی دڵخواز ناگا. چ لەبەر ئەوەی ریسالەتی حیزبەکانی رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵکە و چ لەبەرئەوەی رێژیم رایەڵەکانی خۆڕێکخستنی خەڵکی پچڕاندووە و ئەمجارەش دەستی داوەتە ڕاوەدوونانی رێبەرانی حەرەکەتی خەڵک لە نێوخۆی وڵات، لێرەشدا ئەرکی حیزبەکانی رۆژهەڵات و ناوەندی هاوکاری بەرجەستە دەبێتەوە. رێگای تیژڕەو و "مینرپێژکراو"ی بزاڤی ئەمجارەی خەڵک و هەلومەرجی نوێی خەبات بە ئێمە دەڵێ کە ئیدی ریتم و فۆرمەکانی پێشووی رێکخستن و پەیامدان بە خەڵک وڵامدەر نین و پێویستە هەم پەیامەکانمان بۆ خەڵک خێراتر و بەرۆژتر بن، هەم بەرنامەکانمان بۆ رێکخستنی خەڵک نەک تەنیا هەر گوتاری، بەڵکوو مەیدانییش بن.

## نەخشی هێزی پێشمەرگە

ئەو هەڵوێستەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و هێزەکانی دیکەی رۆژهەڵات لەمەڕ نەجوڵاندنی تا ئێستای هێزی پێشمەرگە گرتوویانەتەبەر تا ئێرە دروست و بەجێیە. بەڵام چەند هەنگاوێکی زەرووری لە بەستێنی هێزی پێشمەرگەشدا هەیە کە پێویستە هەر ئێستا هەڵبهێندرێنەوە. یەکەم، بەدەر لە هەموو جیاوازییە سیاسییەکانمان، پێویستە ستادێکی فەرماندەیی هاوبەشی هەموو ئەو هێزانەی رۆژهەڵات کە پێشمەرگەیان هەیە پێک بێ بۆ ئەوەی ئەو هێزانە لەو هەلومەرجەدا تەواو هەماهەنگ بجوڵێنەوە و پێش بە هەر جۆرە تاکڕەوی و نالێکییەکیش لەو بوارەدا بگیرێ. ئەو ستادە هەروەها دەتوانێ بە رێگای دیکە بیر لە پڕکردنەوەی بۆشایی بوونی هێزی پێشمەرگە لە نێوخۆی وڵات بکاتەوە و خۆیشی بۆ ئەو حاڵەتە ئامادە بکا کە هەلومەرجێکی وا بێتە پێش کە مەترسیی ئەوە دروست بێ کۆنترۆڵی خاکی رۆژهەڵاتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان بکەوێتە دەست هێزی سەر بە پارچەی دیکەی کوردستان یان کۆماری ئیسلامی دەست بداتە کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان. لە ئەگەرێکی وەهادا ئیدی ناکرێ هێزی پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات لە حاڵەتی ئێستایدا بمێنێتەوە، چەند و چۆنی و دەرەنجامەکانی ئەو جوڵانە هەرچییەک بن.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## ئیسلامی سیاسی یان ئایینی بەرپرس




**سمکۆ سەقزی**

بەپێی بەراورد لە شارەکانی کوردستاندا هەر سێسەد ماڵ و بنەماڵە مزگەوتێکیان هەیە، هەر مزگەوتێکیش مامۆستاییێکی ئایینی هەیە کە ڕۆڵی پێشنوێژ دەبینێ و بەپێی ڕێژەی زانایی و تاقەتی مامۆستاکە و قەرەباڵغیی گەرەک بەشێک لەم مزگەوتانە حوجرەی فەقێیان هەیە کە سێ تا پێنج فەقێ تێیاندا دەخوێنن.

بە پێی سیاسەتی ڕێژیم بەتایبەت دوای مردنی خومەینی، لە دەورەی خامنەیی هەموو شارەکانی کوردستان مەرکەزی بوزرگی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی تێدا دامەرزا کە زۆرینەی مەلایان و فەقێکان لەوێدا ناونووس کراون. هەوڵێکی جیددیش درا کە وەک قوم و تاران بۆ مەلایانی ئەهلی سونەت و فەقێکان، حەوزەی عیلمییە دامەرزێنن کە بۆ نموونە چەن حەوزە عیلمییەیەکی بەناو حەوزەی عیلمییەی خاهەران دامەرزاوە. ئەم سیاسەتە لە باری فکری و بوودجە و بەرێوەچوونی هاوکاریی نێوان سازمانی ئەوقاف، سازمانی تەبلیغی ئیسلامی، ئیتلاعات، سپا و حەوزەی عیلمییەی قوم و دەستوورەکەشی لە ناوەندی دەسەڵاتەوە دەهات و جێبەجێ کرا.

لەو رێگایەوە مامۆستایانی ئایینی خرانە ژێر کونترۆڵ و چاوەدێری و گوتار و خوتبەی مینبەرەکانیان بەپێی ئەو رێنوێنییەیە کە مەرکەز بۆیان دیاری دەکات، لە پێگەیاندنی فەقێکانیش بۆ پەروەردە و راهێنان دەستی رێژیم ئاوەڵا و کاریگەر بووە.

رۆڵی گەورە جاشی بەدناو "مەلا قادر قادری"ی پاوە بۆ پێدانی خەت بە تاران زەق و دیارە کە وەک سەرپەرشتی ئەم پرۆژەیە دەناسرێت. هەمیشە ئەو وەک هێمایەک بۆ باشترین مەلای ئایینی ئەهلی سونەت لە کوردستاندا لەلایەن دامودەزگای تەبلیغییەوە پروپاگاندای بۆ کراوە.

لەم مەرکەزی بوزرگی ئیسلامییەشدا بە دانپێدانانی ئەو مامۆستایانە کە لەوێ ئەندامن هیچ رێزێک نە لە ئایین بەگشتی و نە لە ئەهلی سونەت بە تایبەتی دەگیرێ.

لە بەرانبەر مانگانەیەک زۆر کەم و برە خۆراکێکی لە قەن و رۆن، ئەوپەڕی سووکایەتی بە مامۆستایان دەکرێ. وەک فەرزی سەرشان دەبێ لە هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی رێژیمدا وەک رێپێوانەکان بەشدار بن.

خۆیان و مزگەوت و فەقێکانیان کاتی هەڵبژاردان دەبێ وەک ناوەندی شانۆی دەنگدان لە خزمەت رێژیمدا بن. ئیمرۆ کە خرۆشان و شۆرشێکی مەزن سەری هەڵداوە وەک پێویست و زەروورەتێکی مێژوویی و بەخۆداچوونێکی ویژدانی دەبێ مامۆستایانی ئایینی لە ئاست و قەورارەی بەرزی نەتەوەی کورد دەرکەون، دەبێ چاویان نەبەستن و ئەو هەموو ستەم و جینایەتە ببین، دەبێ خۆیان لەو دەنگە حەقخوازەی میللەتەکەیان کەڕ نەکەن.

مینبەر و مزگەوتیان دەبێ لە خزمەت میللەتدا بێ و شکۆ و شانازی بۆ گوتاری ئایینی بگەڕیننەوە.

ئەوان لە بەردەم بژاردەیەکی مێژووییدا دان، نابێ ئەو کەڵکە سووک و نابەجێیە کە بە ناوی ئایین لەوان و لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مزگەوت دەکرێ قبووڵی کەن. مزگەوت نە حەوزە و پایگای بەسیجە نە حەوزەی دەنگدان بە سیخوڕ و چڵکاوخوڕ و دزی شۆرا و مەجلیس.

ئەبێ ئەوەیان بێتەوە یاد حوجرە و مزگەوت لە مێژووی کوردستاندا شوێنی عیرفان و شیعر و فێربوونی مەعریفە و زمانی کوردی بووە.

مەگەر بلیمەتانی وەکوو مەحوی و نالی و هەژار و هێمن و محەممەدی خاڵ لە کام زانکۆ خوێندوویانە و پێگەیشتوون غەیری حوجرە و مزگەوتەکان؟

شۆڕشە مەزنەکانی کورد کە وەک تاجی شکۆ و شانازی وان، بەدەستی شێخ عوبەیدوڵڵاکان و شێخ ڕەزاکان کراون و هەوێنەکەی مزگەوت و ئایینی بەرپرس لە بەرانبەری نەتەوەدا بووە.

ئیمڕۆ ئێوەی مامۆستایانی ئایینی بە هەموو پێوەرێکی ئەخلاقی، ویژدانی، ئایینی، ئینسانی دەبێ لە بەرانبەری ستەم و ستەمکارییەک کە هیچ پاساوێکی بۆ نییە دەنگ هەڵبڕن.

شێخ سەعیدەکان و قازی پێشەوامان ئولگوو و ئیمامی ژیانتان بن.

بێزاری و نەفرەت دەربڕن بەرانبەر بەوانەی ئایینیان کردووەتە ئامرازی چارەڕەشیی میللەت و کوشتاری نوێژخوێنی بێدەسەڵاتی بەلووچ، ئاستی خۆتان بەرز کەن، ئێوە خەتی شۆڕشگێری و خەبات بدەن بە کۆمەڵگاتان نەک ئەوەی بەسیجییە خوێڕیی حەوزەی قوم ڕێگاتان بۆ دیاری بکات.

ئەم وتارە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە ناوەڕۆکی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# لە سەنگەری ئازادیخوازانەوە بۆ مەکۆی ڕاپەڕین




**دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی**

لە سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە، لەو کاتەوەی ئەم کۆمارە ڕەشە بیچمی داکوتا و گۆپاڵی شەلم کوێرم ناپارێزمی لە دژبەرانی خۆی بەدەستەوە گرت و دەستی کرد بە کوشتوبڕ، ئەوەی لە دەستی هات کردی و کوشتی. کەچی کوردستان بۆ ئەو شوێن و جێگەیەکی جیاواز بوو لە بەشەکانی دیکەی ئێران.

دەسەڵاتی تازە پێگەیشتوو، سەرەتا لە نێو خۆیدا و لە هاوڕێیانی نزیکەوە دەستی پێکرد. بەشێوەی جۆراوجۆر - تێرۆر و تەقینەوە بۆ دژبەران - لێی کوشتن و لەناوی بردن. زۆر کەس لە نێو ئەو کاتی کۆماری ساوای ئیسلامیدا خاوەنی دەنگوڕەنگی خۆیان بوون. ئەوانە هەروا بە ئاسانی نەدەچوونە ژێر باری بیروڕاکانی ئەمانەوە و نەدەبوونە دارەدەست و گۆپاڵی سەرکوتی خومەینی و دار و دەستە لێ نزیکەکەیەوە.

هەر بۆیە بەشێوەی جۆراوجۆر کوشتنیان، یان لەدەسەڵات دووریان خستنەوە و لە سەر ڕێی خۆیان لایان بردن. خومەینی و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوانەی لێی نزیک بوون و ئاڵقە بەگوێیی ئەویان بە شانازی دەزانی، هەر لە سەرتاوە هەم لەو هاوڕێیانە و هەم لە ئازادیخوازانی ئێران و هەم لە گەلانی ئێران بە فێڵ بوون. ئەوان پلان و بەرنامەی خۆیان هەبوو. هەر بۆیە هەرکەس بیوایەتە لەمپەری سەر ڕێیان بە هەر نرخێک بوایەت وەلایان دەنا و دەیانسڕییەوە. ئەوان پۆلێک مرۆڤی بیروشک و دەسەڵات خۆشەویست و چاوچنۆک بوون، کە کۆمەڵێک ئاڵقە بەگوێ و ساویلکەیان لە دەوری خۆیان کۆکردبووەوە. ئەو کەسە ساویلکانە بۆ هەمووکارێک - چ کوشتن و چ خۆ بەکوشتدان - ئامادە و گوێ بە فەرمان بوون. ئەوانیش - دەسەڵاتداران - ئەمانەیان وەک کەرەستەی خۆیان چاو لێ دەکردن و دەستیان لە خەڵک پێکوشتن و بە کوشت دانیان نەدەپاراست. هەر بە یارمەتیی ئەم کەسە ئاڵقە لە گوێیانەیان، دەستیان کرد بە کوشتار و لە سەر ڕێ لادانی ئەو کەسانەی بیر و باوەڕی جیاوازیان هەبوو. بە بیانووی دەسەڵاتی ئایینییەوە، خۆیان کردە نوێنەری خودا لە سەر زەوی و دژبەرانیان کردە دوژمنی خودا، هەر بۆیە بە ئاسانی و بێ بەزەییانە، دەستیان لێ نەپاراستن و خوێنیان ڕشتن و لە داریان دان.

لەوکاتەدا کە لە شارەکانی ئێراندا کۆماری سێدارە دەستی لە کەس نەدەپاراست و وەک نوێنەری خودا خەریکی گەسکدانی هێزی دژە خودا بوو، لە کوردستان و دوور لە دەسەڵاتە شوومەکەی ئەو کۆمارە هارە خەباتێکی گەرم و ڕەوا بەڕێوە بوو. زۆربەی خاکی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی نیشتمانپەروەرانی کورددا بوو. لێرە، لەم نیشتمانە پڕ لە جوانی و خەباتەدا، وانەی ئازادی و مرۆڤایەتی بە ئاشکرا دەگوترایەوە. وانەکانی، دێموکراسی. مافی مرۆڤ، مافی نەتەوایەتی، مافی ژنان لە زۆربەی گوند و شارەکاندا دەگوترایەوە و سەرەڕای گرفتەکانی سەردەم، خەڵک فێر دەکران چۆن بژین و چۆن لە ژیان بڕوانن. مافی تاک چییە و چۆن دەبێ ڕێز لە مافی گشتی بگیردرێت. ئەو هەوڵانە هەلێکی باش بوون بۆ فێربوون و پێگەیاندن و پێشکەوتنی فیکری ئەم کۆمەڵگایە. لەو سەردەمەدا هەر پێشمەرگەیەک مامۆستایەکی قوتابخانە و هەر کادرێک مامۆستایەکی زانکۆ بوو.

ئەو هەلە لە کوردستان، لە ژێر باڵی پێشمەرگەدا ڕەخسابوو، بووە دەرفەتێک هەتا نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە بەشەکانی دیکەی ئێرانەوە خۆ بگەیەننە کوردستان و لەژێر ئەم شاباڵەدا خۆ لە کوشتن و لەناوبردن بپارێزن. کوردستان و پێشمەرگەش زۆر دڵاوایانە باوەشیان بۆ ئەو ئازادیخوازانە کردەوە. ئەوانیش توانییان لێرە و بە یارمەتیی کورد و پێشمەرگە خۆیان ڕێک بخەنەوە لە ژێر ئەم ئاڵا پیرۆزەدا پشوو بدەن.

هاتنی ئەم لێشاوە لە ئازادیخوازانی ئێران بۆ کوردستان، بووە هۆی ئەوەی کوردستان ببێتە سەنگەری ئازادیخوازان. کوردستان سەرەڕای خەباتی گەرم و خوێناوی بۆ مافی نەتەوایەتی و بەربەرەکانێ لە گەڵ دوژمنانی ئازادی و مرۆڤایەتی، ببووە سەنگەری ئازادیخوازان و دەنگی ئازادیخوازی و یەکسانیخوازی هەموو شار و گوند و چیا و پێدەشتەکانی ئەم وڵاتەی


سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

تەنییەوە. هەر ئەوەشە، ئەو وانانەی لەو فێرگە مەزنانەدا بە گوێی کوڕان و کچانی ئەو سەردەمەدا درا، ئێستا بووەتە هەوێنی بیرێکی مەزن کە خەزانی بە سەردا نایەت و هەتا هەتایە هەر گەش و جوان دەمێنێتەوە.

ئێستاش لەم سەردەمە تایبەتەی مێژوودا، دوای تێپەڕینی نزیکەی چل ساڵ لەو سەردەمە، ئەو وانەنا هەر گەرم و تازەن و دوای کوشتنی « ژینای شەهید» بە دەستی مرۆڤکوژەکانی کۆماری سێدارە دێنەوە ڕۆژەڤ و کاریان پێ دەکرێت. ئێستاش جووڵە و نووسراوە و دروشمی خەڵکی کوردستان کەوشەنەکانی وڵاتی کوردان دەبڕێت و لە شارەگەورەکانی ئێران و هەر بەزمانی کوردی دەگوترێنەوە. دیسان و لەم سەردەمەشدا کوردستان بووەتە مەکۆی ڕاپەڕین. هەر لێرە، لە کوردستان، بە دەیان ڕەمز بۆ ئەو ڕاپەڕینانە لەدایک بووە. دەنگی یەکسانیخوازی و ئازادیخوازیی ژنان و پیاوانی کورد لە زۆربەی شارەکانی ئێراندا، هەر بەزمانی کوردی دەگوترێنەوە.

هاواری « ژن، ژیان، ئازادی » بەرزە و دروشمەکانی ئێرە هەوێنی شوعارەکانی ئەوانە.

ئەگەر دوێنێ، لەلایەن زۆربەی خەڵکانی غەیرە کوردی ئێرانەوە کورد و خەباتەکەی بە ئاژاوەگێڕ و پیاوکوژ و نارەوا دەزانرا، ئێستا لەلایەن زۆربەی خەڵکی ئێرانەوە پشتیوانی لە کورد و دەنگە ئاشتیخواز و یەکسانیخوازانەکەی دەکرێت. ئەمە گۆڕانێکی مەزن و گرینگە لە خەباتی مرۆڤتەوەرەی خەڵکی کوردستاندا.

هەرچەندە ئەم دەسکەوتانە هەروا بە ئاسانی بۆ گەلی کورد وەدەست نەهاتوون. تێچووی ئەم دەسکەوتانە زۆر قورس و تاقەتپڕووکێن بوون. بە هەزاران شەهید، بە هەزاران بریندار و کەمئەندام، ماڵ و شار و گوندی سووتاو، تیرۆر و کوشتن و لەسێدارەدان، بۆ گەلی کورد تێچووی ئەم دەسکەوتەن. هەر لەم پێناوەدا، سەرکردەگەلێکی مەزنی وەک دوکتور قاسملوو، دوکتور سەعید، فوئاد مستەفاسوڵتانی لەو ڕێگەیەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە. هەزاران کچ و کوڕمان چوونەتە بەندیخانەکانی کۆماری سێدارە و لەوێ تووشی جەزرەبە و سووکایەتی و کوشتن بوونەتەوە. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تێچووەش، کورد هەر پێی سەر بڵێندە و لێی پەشیمان نییە.

هەر وەک لە سەردەمێکدا کوردستان و خەباتەکەی ببووە سەنگەری ئازادیخوازان، ئێستاش بووەتە مەکۆی ڕاپەڕین، هەر بۆیە شانازی بە خۆیان و خەباتەکەیانەوە دەکەن و هەتا گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە - ئازادی و مافی نەتەوایەتییە - لە سەر ئەو ڕێبازە سوورتر شێلگیرتر دەبن. هەتا گەیشتن بە ئاواتەکانیان ناوەستن و پشوو نادەن. بە خۆشییەوە کوڕان و کچانی ئێستای ئێمە زیاتر شارەزای مافەکانی خۆیانن، لە هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، ناسرەون و خەباتی بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکەن. دوژمنانی گەل و ئازادیش دەبێ دڵنیان بن، ئەم نیشتمانە هەتا سەر و هەتا گەیشتن بە مافەکانی، هەر سەنگەری ئازادیخوازان و مەکۆی ڕاپەڕینەکان دەمێنێتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٥ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## بۆچی کراینەوە بە ئامانج؟

ئاماژە: لە ماوەی چوار ساڵدا حیزبی دێموکرات دوو جار کراوەتە ئامانجی هێرشی مووشەکی و لەو سۆنگەیەوە دەیان کەس لە تێکۆشەرانی ئەم حیزبە شەهید یا بریندار بوون. بۆچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پشکی شێری لە تێرۆر و سەرکوت و زەبروزەنگی کۆماری ئیسلامی پێ براوە؟ ڕێژیمی ئێران بۆچی لە ٦ی ڕەزبەردا دەیان مووشەکی بالستیکی لە حیزبی دێموکرات گرتەوە؟ لەو پێوەندییەدا ڕا و بۆچوونی سێ کەسایەتیی سیاسیی حیزبی دێموکرات کە لە ڕووماڵی ڕووداوی ئەو هێرشەدا لێدوانیان بۆ "کوردکاناڵ" داوە، بۆ خوێنەرانی "کوردستان" دەگوازینەوە.

**مامۆستا عەبدوڵڵ حەسەنزادە:** پێچەوانەی لێکدانەوەی کۆماری ئیسلامی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزب نەک ئاگری ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکان دانامرکێنێ؛ بەڵکوو ڕق و نەفرەتی خەڵک زیاتر دەکات



غەرەزی کۆماری ئیسلامی لەو هێرشە دڕندانە و ئاژاوەگێڕانەیەی کە کۆماری ئیسلامی کردیە سەر بنکەی حیزبەکانی ئێمە لە باشووری کوردستان دوو شتن:



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکەمیان لادانی سەرنجی بیروڕای گشتیی ئێران و جیهان لەو ڕووداوانەی لە نێوخۆی وڵاتدا ڕوو دەدەن و ئەو نارەزایەتییانەی کە ئێستا سەرانسەری وڵاتی گرتۆتەوە. ئێستا ڕۆژ هەیە زیاتر لە ١٠٠ شار لە ئێران دژی ئەو نیزامە دێنە سەر شەقام و دروشمی توند کە سەری ئەو نیزامەی کردۆتە نیشانە، بەرز دەکەنەوە. بۆیە دەیهەوێ چاوی بیروڕای گشتی لەو باسە سەرەکییە وەرسووڕێنێ و بۆ پشتەوەی سنوورەکانی بەڕێ بکات.

ئامانجێکی دیکە ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی لەهەمبەر ئەو حەرەکەتە ناشتیخوازانەیەدا کە کوردستان سەرەتا و دواتر ناوچەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتەوە لاواز و دەستەوەستانە. بۆیە دەیەوێ بیکێشێتە گۆڕەپانی شەڕ و چەک و لێکدان کە لەو دۆخەدا هەم لە بەرانبەر خەڵکی ناڕازی و ڕاپەڕیو لە نێوخۆی وڵات و هەم لە بەرانبەر حیزبە سیاسییەکان ئیمکانات و تێکنۆلۆژیی پێشکەوتووی شەڕ و سەرکوتی هەیە. بۆیە هەم باشە و هەم پێویستە کە کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانێکدا بیێڵینەوە کە تێیدا لاوازە. واتە خەڵکی ئێمە لە کوردستان و خەڵک لە ناوچەکانی دیکەی ئێران پێویستە لە خۆپیشاندانەکان بەردەوام بن و هەروەها ئەوەندەی دەکرێ دەرفەت بە هێزەکانی کۆماری ئیسلامی نەدەن خۆپیشاندانەکان بەرەو توندوتیژی و زەبروزەنگ بەرن. ئەوە بەوە دەکرێ کە هاونیشتمانانی ئێمە بە بیری کراوە و ژیریی خۆیانەوە لە شەقامەکاندا بمێننەوە و ویست و داخوازەکانی خۆیان کە بەرحەق و ڕەوان بیهێننە گۆڕێ و سوور بن لەسەر ئەو داواکارییانە.

لەگەڵ ناردنی سڵاو بۆ یادی تازەترین شەهیدەکانمان، ئەمن لامواییە پێچەوانەی تێگەیشتنەکانی کۆماری ئیسلامی مووشەکبارانی بنکەکانی حیزب نەک ئاگری ڕاپەڕین و نارەزایەتییەکان دانامرکێنێ؛ بەڵکوو ڕق و نەفرەتی خەڵک هەم لە کوردستان و هەم لە هەموو ناوچەکانی ئێران زیاتر دەکات و دەبێتە هۆی باڵوبوونەوە و بەرینتربوونی زیاتری خۆپیشاندان و ڕاپەرینەکان.

-------

**مستەفا مەولوودی**: لە ئێستادا کە ڕاپەڕینی سەرانسەری لەدژی ڕێژیم وەرێ کەوتوە، بەدڵنیاییەوە ئەو پەلەقاژانە دادی نادەن و سەرکەوتن هەر بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران، کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەبێت





سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتاوە دوژمنایەتیی خۆی لەگەڵ بزووتنەوەی کورد بەگشتی و هێزە سیاسییەکان بەتایبەتی و بەتایبەتیتر لەگەڵ حیزبی دێموکرات نەشاردۆتەوە و ئەم هێرشەش درێژەی ئەم سیاسەتە بەردەوامەی کۆماری ئیسلامییە. هیندێک لایەن و مێدیا باس لەوە دەکەن جیاوازییەکی هێرشەکەی ئەمجارە ئەوەیە کە پارێزراوترین شوێن لە شەڕەکان بەپێی هەموو پرەنسیپەکان، وەک قوتابخانە و کەمپ و شوێنی ژیانی ژن و منداڵ و خەڵکی مەدەنی کرانە ئامانج. بەڵام ئەوەی کۆماری ئیسلامیی باش ناسیبێ، دەزانێ کە ئەم ڕێژیمە قەت دەروەستی پڕەنسیپ و کۆنڤانسیۆنە نێودەوڵەتییەکان نەبووە هەتا پێمان وابێ ئەمە یەکەمجارە کە ئەو سنوورانەی بەزاندوە. کۆماری ئیسلامی هەر لە فیتوای جیهادی خومەینی لە دژی کوردستان کە خوێن و گیانی گەورە و بچووکی خەڵکی کوردی بۆ هێزەکانی ڕێژیمەکەی حەڵاڵ دەکرد، لە هێرشەکانی بۆ سەر کوردستان و ئەو کۆمەڵکوژییانەی لە ئاواییەکانی وەک قارنێ و قەڵاتان و قەرەگۆل و سۆفییان کردنی، لە تێرۆر و ئێعدامی زیندانییانی سیاسیی کورد بە درێژایی مێژووی ئەو ڕێژیمە و زۆر تاوانی دیکە، ئەوانە هەر هەمووی پێچەوانەی پرەنسیپە جیهانییەکان و کۆنڤانسیۆنە نێونەتەوەییەکانن کە ڕێژیم بۆخۆی بەشێک لەوانیشی ئیمزا کردوە.

خاڵێکی دیکە بەرفراوانیی ئاستی ئەو هێرشەیە کە بێگومان بۆ ئەوە بوو زیانی زۆری گیانیمان بەربکەوێ و وێرانییەکی زۆری لێ بکەوێتەوە هەتا بە خەیاڵی خۆی ئیرادەی خەبات و شۆڕشگێڕیمان تێکبشکێنێ و بەچۆکمان دابینێ؛ بەڵام ئەوە جارێکی دیکەش تاقیکردنەوە تاقیکراوەکانە.

هەتا ئێستا شانازیی خۆڕاگری و مانەوە لە مەیدان بۆ حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگە بڕاوە و، شکست و داماوییش بۆ هێزەکانی ڕێژیم ماوەتەوە. بەتایبەت لە ئێستادا کە ئیدی ڕاپەڕینی سەرانسەری لەدژی ئەو ڕێژیمە وەڕێ کەوتوە، بە دڵنیاییەوە ئەو پەلەقاژانە دادی نادەن و سەرکەوتن هەر بۆ خەڵک و کۆمەڵگەی ئێران و هەروەها کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەبێت.

-----



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**تەیموور مستەفایی: تایبەتمەندییەکی گرینگی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئێران ئەوەیە چەخماخەکەی لە کوردستان لێ دراوە و کورد پێشەنگایەتییەکەی کرد. ئەمەش بێهۆ نییە، چونکی کورد لە ئێران چل و سێ ساڵە قورسایی شۆڕش و بەرەنگاری لەدژی ڕێژیمی لەئەستۆ بووە**



**مووشەکتێگرتن لە حیزبی دێموکرات لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ئەوە بوو کۆمەڵگەی ڕاپەڕیوی ڕۆژهەڵات و ئێرانی پێ چاوترسێن و کپ بکات. بەڵام ئەو نارەزایەتییانە کە دەرەنجامی کەڵەکەبوونی دەیان قەیرانی قووڵی هەمەلاگیرن شتێک نییە کۆماری ئیسلامی بتوانێ بەسەریدا زاڵ ببێت و دایمرکێنێت.**

**کوژرانی ژینا ئەمینی هاندەرێک بوو بۆ تەقینەوەی قینی پەنگخواردووی خەڵک، قینی چوار دەیە سەرکوت، گەندەڵی، بێحورمەتی بە کەرامەتی مرۆڤەکان و پێشێلکردنی سەرەتاییترین و سەرەکیترین مافەکانیان کە کۆماری ئیسلامی زەوتی کردووە. بۆیە سەرەڕای تێچووی زۆری سەرهەڵدان و نارەزایەتییەکان و سەرکوت و زەبروزەنگی زۆر، خەڵکی ئیدی کێرد گەیوەتە ئێسکانیان و ئامادەن هەموو تێچوویەکی بۆ بدەن. تایبەتمەندییەکی گرینگی ڕاپەڕینی نوێی خەڵکی ئێران ئەوەیە چەخماخەکەی لە کوردستان لێدراوە و کورد پێشەنگایەتییەکەی کرد. ئەمەش بێهۆ نییە. کورد لە ئێران چل و سێ ساڵە قورسایی شۆڕش و بەرەنگاری لەدژی ڕێژیمی لەئەستۆ بووە. زۆرترین سەرکوت، زۆرترین زیندانیی سیاسی، زۆرترین ئێعدام، زۆرترین پەراوێزخستن و پێشێلکاریی مافەکان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا لە کورد کراوە. سەرباقی هەموو ئەوانە دەسەڵات هەمیشە هەوڵی داوە کەلێن و دابڕان بخاتە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران و ئەو ناکۆکییانە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکار بێنێ. بەڵام بینیمان کە دواجار کوردستان بوو بە چاو و ڕووناکایی ئێران" و ئەوە "ژن، ژیان، ئازادی"یە کە لە کوردستانەوە دەبێتە دروشمی سەرەکی بۆ ڕاپەڕین لە سەرانسەری ئێراندا. ئەمانە هەمووی هەنگاوی بۆ پێشەوەن لە پێناو یەکیەتی و ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی.**

**دواجار ئەوەی لە ئێستادا پێویستمان پێیەتی، یەکگری و وشیارییە. وشیاری بۆ ئەو مەبەستە نەهێڵین پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ درز تێخستن لە جووڵانەوەکە سەر بگرێ. یەکگری بۆ ئەوەی بە توانا و هێزی هەموومان بتوانین بە**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

سەر کۆماری ئیسلامیدا سەر بکەوین و کۆتایی بە تەمەنی ئەو ڕێژیمە بێنین.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی کوردستان ٨٣٢ — ڕێکەوتی: ١٥ی ڕەزبەری ١٤٠١ - ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## ئێران بەبێ ژینا و جیهان بەبێ ئێران




**بارام مەجیدخان**

### ئێران بە بێ ژینا

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بە ماوەیەکی کورت لە ئەنجامی فەتوایەکی ئایەتوڵڵا خومەینی سەبارەت بە حیجابی ئیسلامی، یەکەم خۆپیشاندانی سەرتاسەری لە ئێران لە ٨ مارسی ١٩٧٩ وەک یەکەم کاردانەوەی ژنان بەرامبەر ڕووپۆشی زۆرەملێ ئەنجام درا کە وەک دەستپێکی تێکۆشانی ژنان بەرامبەر مافەکانیان هەژمار دەکرێت. حکومەتە یەکلەدواییەکەکانی ئێران بە باڵی پەرگیر و ریفۆرمخوازەوە بەشدار بوون لە یاساییکردنی باڵاپۆشی لە ئێران و میکانیزمیشیان بۆ جێبەجێکردنی دانا. بزوتنەوەی خەباتی مەدەنی ژنان لە ئێران تا ساڵانی پێشتر بە خامۆشی مایەوە و تا کوژرانی ژینا ئەمینی ئاگری لە خەرمانی حکومەت بەردا. ژینا بوو بە سیمبولی ناڕەزایەتییەکان و دروشمی ژن، ژیان،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئازادی کرایە دروشمی خۆپیشاندەران.

گرفتە ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسییەکانی ئێران لە پاڵ خەباتی مەدەنی ژنان هۆکاری سەرەکی ناڕەزایەتییەکانی خەڵک بوون. کاریگەری خۆپیشاندانەکانی ئێران لە سەر حکومەت و دەزگای دیپلۆماسی ئێران بە قورسی دیارە. خۆپیشاندانەکانی ئێران هەموو سنورە جوگرافی و ئیتنیکی و ئایدۆلۆجیەکانی تێپەڕاندوە.

هێزە سیاسییەکانی دەرەوە و ناوەوەی ئێرانیشی تێپەڕاندوە، هەر بۆیە لە فراوانبوون و پەرسەندندایە. هیچ بە پیرەوەهاتنێکیش لە لایەن حکومەتەوە دیار نیە.

لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە ئەمە یەکەم خۆپیشاندانە کە زۆر بە قوڵی ڕەگی لە کێشە چارەسەرنەکراوەکانی ساڵانی دوای شۆڕش داکوتاوە. ژنانەبوونی ئەم خۆپیشاندانانە سەرنجی جیهانیشی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە و ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیشی پێکەوە گرێداوە.

خۆپیشاندانی بزوتنەوەی سەوزی ئێران لە ١٦ - ٥ - ٢٠٠٩ کە لە لایەن میرحسەینی موسەوی و دژی نەیارەکەی کە دکتۆر مەحمودی ئەحمەدی نەژاد بوو. کە تێیدا مەسەوی حکومەتی بە ئەنجامدانی ساختەکاری تۆمەتبار کرد. لە هەموو شارەکانی ئێران بە ڕابەرایەتی کەڕوبی و موسەوی خۆپیشاندانی دژی حکومەت سازکرا. لە تاران نزیکەی چوار ملیۆن کەس بەشدارییان تێدا کرد. کە وەک مەزنترین خۆپیشاندانی دژەحکومەتی لە مێژووی ئێراندا تۆمار کرا. بەڵام بە بەراورد بەم خۆپیشاندانانە قاڵبی سیاسی و ئایدۆلۆجی نەشکاند و نەفەسیشی درێژ نەبوو. بەڵام ئەوەی ئێستا لە ئێران و لە سەر شەقام دەبینریت بە ئامانج گرتنی کۆی سیستمی سیاسییە لە ئێران کە ئاڕاستەی ئەم ئامانجە ڕووداوەکانی داهاتوو دیاری دەکەن. ئێرانی پێش ژینا و ئێرانی دوای ژینا بە دڵنیاییەوە لە گەڵ کراوەبوونی هەموو ئەگەرەکانی یەک ئێران نابن.

## ئێران بە بێ جیهان

ئێران گەورە و پڕ شکۆیە (صادق هدایت) و جیهانێکە لە ناو ئەم جیهانە فراوانە. دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕێڕەوی مێژوویی جادەی ئاوریشم بووە. ئەم جیهانە لە ناوخۆی خۆیدا، هەوراز نشێوی زۆری بینیوە. ئاڵەنگارییەکانی بەردەم ئێران لە پەیوەستبوون بە جیهانی دەرەوەی خۆی فرەچەشنن. بەڵام بە دوو شێوازی سەرەکی دەتوانینن پۆلێنیان بکەین. کە شێوازێکی ئاڵۆز و تایبەت و تێگەیشتنی بۆ جیهانی دەرەوەی خۆی سەخت و درێژخایەنە و شێوازی دووەم ڕووخساری سیاسی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

و دپلۆماسی و ئابووری هەیە کە لەسەر مێزی دانوستانی هێزە جیهانییەکانە.

بەربەستی ئایدۆلۆژی: بونیادی سیاسی حکومەتی ئێران بەر مەبنای تیزی ویلایەت دامەزراوە. ئایدۆلۆجیای سیاسی و حکومەتی ڕێبازی شیعە بۆ گەلانی جیهان ئاشنا نییە و تا ئێستا بە باشی لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی نەگونجاوە. هەر بۆیە وەرگێڕانی خواستی ئایدۆلۆجیای جیهانی شیعە بۆ کارنامەیەکی سیاسی و دبلۆماسی کارێکی سەخت و دژوارە. پشتیوانیکردنی بزووتنەوە شیعەکان و بەشێکی مسوڵمانانی جیهان لە لایەن ئێرانەوە وەک واجبێکی ئەخلاقی و ئایینی لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و لە سیستەمی نێودەوڵەتی بە دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە دەخوێنرێتەوە.

بەربەستی سیاسی: کێشەکانی ئێران لەگەڵ کۆمەڵگەی جیهانیی، تا ئێستا بە هەڵواسراوی ماونەتەوە. کێشەکانی ئێران بە گشتی لە سێ کێشەی سەرەکی پێکدێن. یەکەمیان کێشەی ئەتۆمی ئێرانە لەگەڵ گەشبینی ئێران بۆ ڕێکەوتنێکی جێگیر، بەڵام ئەم گەشبینییە بە ڕێژەیەکی زۆر لای وڵاتانی کۆمەڵگەی جیهانیی بەدیناکرێت. لە ئەگەری هەر ڕێکەوتنێکی نوێ و گەڕانەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ چاوپێداچوونەوەی یەکەمی ڕێکەوتننامەی ٢٠١٥ (بەرجام)، پێناچێت ئەم ڕێکەوتننامەیەش بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەستەڵەکی پەیوەندییەکانی ئێران لە گەڵ وڵاتانی جیهان بتوێنێتەوە. دووەم کێشەی بەهێز بوونی ئێرانە لە ڕووی سەربازییەوە. ئێران بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پەرەی بە توانای موشەکی و دروستکردنی درۆنی سەربازیی داوە. کە ئەمەش بووەتە جێگەی نیگەرانی بۆ وڵاتانی جیهان و ناوچەکە و بە تایبەت کە ئیسرائیل بە مەترسی ڕاستەوخۆ بۆ سەر وڵاتەکی خۆی دەزانێت. جێگیرکردنی سوپای پاسدارانی ئێران لە لیستی تیرۆری نێودەوڵەتی بە بەربەستێکی گەورە دادەنرێت لەم دۆسیە ئاڵۆزەدا. سێیەم گرفت هێزی نەرم و ڕەقی ئێرانە لە جێگیرکردنی هەژموونی خۆی لە وڵاتانی ناوچەکە. ئەم کاریگەرییەی ئێران، پاشەکشەی لێ ناکرێت لەبەر ئەو سەرمایەگوزارییە مادی و مەعنەوییانەی کە ئێران لە ناوچەکە خەرجی کردووە. لە وڵاتانی ڕۆژئاوا بە سلوکی سیاسی ئێران ناوزەدی دەکەن و بە چاوی گومانەوە لێیدەڕوانن، لە هەموو ئەم بەربەستانەی بەردەم ئێران لە پەیوەستبوونی ئێران بە کۆمەڵگەی جیهانییەوە. ئێرانیش تێڕوانینی جیاوازی بۆ هەریەک لەم دۆسیانە هەیە، کە ئامادەیە سازشیان لە سەر بکات. پەیوەست نەبوون بە کۆمەڵگەی جیهانییەوە لەسەر ئاستی ناوخۆ و ئەو فشارانەی کە دەکەونە سەر ئێران کێشەی ناوخۆییەکانی ئێران زیاتر بەرجەستە دەکات. بە تایبەت لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووی و بابەتی شوناس و هەوییەی ئێران.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## هەڤپەیڤینی حەسەن قازی لە بەرنامەی ڕاوێژی تێلێڤیزیۆنی ستێرک لەگەڵ پرۆفێسۆر عەبباس وەلی سەبارەت بە شۆڕشی ژن لە ڕۆژهەڵات و ئێران،




**حەسەن قازی**: ژن، ژیان، ئازادی. بینەرانی خۆشەویست لە ماوەی ١٩ ڕۆژی ڕابردوو دا، واتە لە ١٦-ی سێپتامبر بە دوای کووژرانی ژینا ئەمینی لە تاران، یانی مەرگی بێ بەزەییانەی ئەو گەنجە، ئەو کچە کوردە شەپۆلی ئیعتراز و ناڕەزایەتی تا ئێستا زوربەی ئێرانی داگرتووە کە ئێستا لە ڕۆژی نۆزدەهەمی داین. زۆر لە چاوەدێرانی سیاسی باسی ئەوە دەکەن ئەو خەباتەی ئێستا، ئەو ناڕەزایەتی و پرۆتێستەی ئێستا ڕووی لە بنج و بناوانی ڕێژیمی جمهووری ئیسلامی یە و زۆر زەحمەتە بتوانێ ڕێژیم لەو قەیرانە خۆی ڕزگار بکا. ئێمە لەم بەرنامەیە دا دەگەڵ پرۆفێسۆر عەبباس وەلی کە بۆ ئێوە سیمایەکی ناسراوی زانستییە لەو بارەیەوە زۆر بە دوور و درێژی قسە دەکەین.

**مامۆستا زۆر زۆر بەخێر بێی بۆ بەرنامەی ڕاوێژ**

**پرۆفێسۆر عەبباس وەلی**: سپاست دەکەم مامۆستا! زۆر مەمنوونم



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**قازی**: بەر لە هەموو شتێک لە دروشمی ژن، ژیان، ئازادی ڕا دەست پێ بکەین. دەزانین دروشمێکی هاوشێوەی وەک "ئازادی، بەرابەری و برایەتی" لە پێش شۆڕشی فەڕانسەوە هاتووەتە گۆڕێ و یەک لەو دروشمانەیە دنیای داگرتووەو ئێستا بەرەو ئەوە دەچین دروشمی " ژن، ژیان، ئازادی" ئەو دەورە بگێڕێ و بەڵکوو لە سەروبەندی ئێمە دا دەورێکی گرینگتر بۆ مۆبیلیزە کردنی خەڵک، بۆ بەسیخی خەڵک بگێڕێ. مەسەلەیەکی دیکەی زۆر بەرچاویش سەبارەت بەو ئاخێزەی ئێستا، ئەو ئیعترازو پرۆتێست و داواکارییانەی ئێستای کە هەیە ئەویش دەوری ژنانە، دەوری ڕێبەرایەتی ژنان زۆر ئازایانە و بەجەرگانە لە هەموو کەلێن و کولێنێک لە ئێرانێ هاتوونەتە پێشێ، لە شارە گەورەکان، لە هەموو ناوچە میللییەتییەکان لە ئێران و لە دەرەوەی وڵاتیش لە زۆر جێگایان، لە گۆڕە پانان، لە پارڵمانان، لە زۆر جێگا پشتیوانی دەکرێ لە داوخوازییەکانی ژنان، یانی دەکرێ بڵێین ئەوە شۆڕشێکی ژنانە کە ژنان ڕێبەریی دەکەن. ئەمن پێم خۆش بوو لەو دروشمە ڕا دەست پێ بکەین دە پێوەندی دەگەڵ ڕێبەرایەتی ژنان لەو بزووتنەوەیە دا. فەرموو

**وەلی**: گرینگی ئەو دروشمەی ئەوەیە بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ڕاشکاو ژیان و سیاسەت لەیەک گرێ دەدا. بە شێوەیەکی ئیجابی یا پۆزیتیڤ. واتە سیاسەت و ژیان پێکەوە هەمیشە لێک گرێ دراون و پێکەوە مەربووتن و چارەنووسی ئەوانە هەمیشە دەبێ دەگەڵ یەک بخوێندرێتەوە. ئەو دوانە لێک جوێ نین. جا ئەو دروشمە ژن، ژیان، ئازادی لە قۆناغی ئێستا دا، لە قۆناغی ئێستای ئێرانێ دا، لەو سێ حەوتوویەی دا بووەتە هۆی هووییە یان پێناسەیەکی تازە و هاوبەش دە بەینی گەلەکانی ئێرانێ دا، لە بەینی تەواوی ئەو کەسانەی کە لە کۆمەڵگاکانی جووراوجووری ئێرانێ دا دەژین بەڵام هووییەی چینایەتیان هەیە، هووییەی نەتەوەیی و زمانی و فەرهەنگی جیاوازیان هەیە بەڵام ئەو دروشمە توانیویەتی کە ئەوانە کۆ بکاتەوە و جوورێک هووییە یان پێناسەیەکی هاوبەش دروست بکا کە وەکوو چەترێک تەواوی ئەو کەسانەی کە موعتەریزن بە جمهووری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیۆنی جمهووری ئیسلامین ئەوانە دەخۆیدا کۆ بکاتەوە و وەکوو چەترێک بێ بەسەریانەوە و لە ناو خۆیدا ڕایان بگرێ. لێرە دا گرینگی ئەو هووییە هاوبەشە ئەوەیە کە فەرقێکی ئەساسی هەیە دەگەڵ تەجروبە و ئازموونە سیاسییەکانی پێشوو لە ئێرانێ. بۆ وێنە زۆر لە شۆڕشی ١٩٧٩ یان ١٣٥٧ـی جیاوازە. لێرە ئێمە باسی هووییەتێکی دەکەین، باسی بەرەیەکی ناکەین کە هێندێک هێزی سیاسی هاتبن کاریان لە سەر کرد بێ، دروشمەکانیان دیاری کرد بێ، ئەو دروشمە هووییەتی ئەو بەرەیەی نیشان دابێ. و ئەو بەرەیە وەختێک کە دروست بووە کەسان یان ئەو هێزانەی دەو بەرەیەی دا بوون مەجبوور بووبن بۆ ئەوەی یەکگرتوویی ئەو بەرەیەی ڕابگرن مەجبوور بوون هووییەتی خۆیان یا داپۆشن یان بە شێوەیەکی دیکە باسی هووییەتی خۆیان نەکەن. لێرە وەزعەکە فەرقی هەیە. دەو هووییەی گشتی دا کە هاتووەتە پێشێ یانی لە سەر بنەمای ئەو دروشمەی "ژن، ژیان، ئازادی" وانییە. لێرە دا بەلووچەکە وەک بەلووچ بەشدارە بەڵام دروشمی ژن، ژیان،ئازادی دەدا، کوردەکە وەکووکورد دێرە دا بەشدارە بەڵام دروشمی ژن، ژیان، ئازادی هەیە. تورکی ئازەربایجانی هەر وەتر، عەرەبی ئەهوازی هەر وەتر. ئەوانە هەموویان کە لێرە دا بەشدارن دە عەینی کاتدا لێرە حەموو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیعتیراف بەو هووییەیەی گشتی دەکەن، ئیعتیراف بەو هووییەی هاوبەش دەکەن لە هەمان حاڵدا هووییەکانی تایبەتی خۆیان و ئەو سیاسەتانەی کە لە سەر ئەو هووییەتە تایبەتییانە داندراون ئەوانە لە جێگای خۆی دەمێنێتەوە یانی ئەو دروشمە و یەکگرتووییەکی هووییەتی کە لە سەر ئەو دروشمە دروست کراوە نابێتە هۆی ئەوە کە هووییەتە جیاوازەکان ئینکار بکرێن، لە بیر بچن. وەلا بندرێن. ئەوە بۆ خۆی شتێکی زۆر سەرەکی و گرینگە لێرە نیشان دەدا کە ئیمکانی وەی هەیە کە شتێکی وەکوو بەرە نە بە شێوەیەکی کلاسیک کە بەرە دروست دەکرا، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر مۆدێرن ئێمە بتوانین لە سەر بنەمای ئەو هووییەتە، کەسانی دیکە، هێزی دیکە بە هووییەتی جیاواز لێرە وەخڕ بکەین کە حەموو یەک شتیان بوێ بە بێ ئەوەی کە بترسێن ئەڵئان کە هاتن دەو بەرەیەوە، هاتنە ژێر چەتری ئەو هووییەتە مەجبوور دەبن کە هووییەت یان پێناسەی تایبەتی خۆیان لە دەست بدەن. ئەوە حالەتی ئیجابی ئەو بابەتەیە ئەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە هێزێکی زۆر، ئەنێرژییەکی زۆر، ئەنێرژییەکی بێ سنوور لە پشت سەری ئەو دروشمەی و دە چوارچێوەی ئەو پێناسەیەیدا کە لێرە دروست کراوە، ئەوە پێناسەیەکی نەتەوەیی بۆ وێنە کوردی یان بەلووچ نییە کە خۆی دە بەرانبەر نەتەوەی ئێرانیَ یان فارسدا تەعریف بکا، نا، ئەو پێناسە موشتەرەکە خۆی دە بەرانبەر ڕێژیمی دیکتاتۆری جمهووری ئیسلامیدا تەعریف دەکا و ئەوانەی کە دەو بەرەیەدا هەن، ئەوانەی کە ئەوهووییەتەی وەخۆ دەکەن و قبووڵیان کردووە و دە ژێر چەتری ئەو هووییەتەی دا ڕاوەستاون و خەبات دەکەن و چالاکی سیاسی دەکەن و یان چالاکی گوتمانی دەنووسن و قسان دەکەن ئەوانە حەموویان دە پێوەندی لەگەڵ ئەو وەزعەی کە لە گۆڕێ دایە، ئەو وەزعەش ئەوەیە کە جمهووری ئیسلامی دەبێ بڕوا، جا خودی هەدەف یان ئامانجی کۆبوونەوە دە ژێر چەتری ئەو هووییەیدا نیشان دەدا ئەو هووییە هاوبەش و یەکگرتووە بۆخۆی حاڵەتێکی زۆر شۆڕشگێڕانەی هەیە، بە بێ ئەوەی کە هیچ جوورە ئیدیعایەکی وای هەبێ.

**قازی**: باشە ئێستا پێش ئەوەی بێینە سەر دەوری ژنان و لەو پێوەندییە دا باسی لێوە بکەین پێم خۆش بوو هێندێکیش لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە، لە ڕوانگەی فەلسەفەی کۆمەڵایەتییەوە باسی ئەو دروشمە بکەی. بۆ وێنە ئەوەی کە سەرەتی دەدرێ بە ژیان دە بەرانبەر مەرگ دا، یا ژن کە لە کۆمەڵ دا چەوساوەتەوە و وەکوو جینسییەتی دووەم قسەی لێوە کراوە. مەبەستم لایەنی فەلسەفییە.

**وەلی**: بە وردی ئەمن کە گوتم ئەوە سیاسەت و ژیان لێک گرێ دەدا، ئەوە دە حەقیقەت دا باسی ژیان سیاسەت دەکا ئەگەر بمانەوێ بە لەفزی فەڕانسەیی یان ئینگلیسییەکەی بڵێی بیۆ پالیتیکس، بایۆ پالیتیکس. یان بە فارسی دەتوانی بڵێی زیست سیاسەت و بە کوردی پێی بڵێی ژیان سیاسەت یان سیاسەتی ژیان ئەوانە لێک گرێ دەدا و گوتم ئیجابی یە، پۆزیتیڤە چون ئەوە دەیەوێ ئەو دەسەڵاتەی کە پێشی گەشەکردنی ئەو ژیانە دەگرێ، پێشی ژیانێکی باش، ژیانێکی سەرکەوتوو دەگرێ و بە هەر پێوانە و ستانداردێک باسی ژیانێکی باش بکەی ئەو پێشی دەگرێ، دەیەوێ ئەوەی لە بەین بەرێ، لێی تێپەڕێ و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لێرە دا بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی لە ژێر چەتری ئەو هووییەی هاوبەش، هووییەی یەکگرتوو و هاوبەش دەیەوێ ژیانێکی سەرکەوتوو، ژیانێکی موتەعالی دروست بکا. بۆیە ئەو دروشمە ئیجابییە و هەر وەها باسی ژیان دە چوارچێوەیەکی گشتی دا دەکا، ئەوە دە عەینی حاڵدا کە ماهییەتێکی چینایەتی نییە، بەڵام دە عەینی حاڵدا چینی جیاواز حەموو تێیدان وئەوانە دەشزانن چینی جیاوازن، دەزانن کە موشکیلاتی چینایەتی دەبەینی ئەوانە دا هەیە، نەتەوە یان ئێتنیسیتەی جیاوازیشی تێدا هەیە ئەوانەش دەزانن کە لە هەلومەرجی ئاسایی دا پێکەوە موشکیلاتی سیاسییان هەیە کە دەبێ چارەسەر بکرێ وەکوو نەتەوەی کورد کە دەزانێ دە چوارچێوەی ئێرانێکی کە لە ساڵی ١٩٠٥ ڕا دروست کراوە هووییەکەی ئینکار کراوە. دەزانێ کە دەبێ سیاسەتێک بێتە پێشێ کە ئەو هووییەیە حاشا لێکراوە قبووڵ بکرێ، ڕێزی لێ بگیرێ و هەر وەتر تەواوی ئەو حقووق و مافانەی کە دواخوازی دەکا، ئەوەی دەیەوێ دەبێ ئەوانەی بدرێتێ بەڵام دە هەمان کاتدا ئەوە نابێتە ئاستەنگ دەگەڵ ئەو کەسانەی کە هووییەی فارسیان هەیە، زمان و فەرهەنگ و ئێتنیسیتەی فارسیان هەیە، دەگەڵ وان لە ژێر چەتری ئەو هووییەیدا یەک نەگرێ.، لە کاتێکدا دەزانێ کە ئەو هوویەیەی کە هەم نیزامی شاهەنشاهی و هەم نیزامی جمهووری ئیسلامی داویانە بە گۆیا هووییەی نەتەوەیی ئێرانێ هەموو لە ئێتنیسیتە و زمان و فەرهەنگی فارس وەرگیراوە و کورد و تورکی ئازەربایجانی یا بەلووچ و یا عەرەب دەوێدا هیچ دەوریان نەبووە و باسیان نەکراوە.

**قازی: ئەگەر ئێستا بێینە سەر دەوری ژنان!**

**وەلی**: لێرە دا دیسان ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەوەی کە گوتم ژیان لە سیاسەت گرێ دەدا دیارە سیاسەت بە بێ دەسەڵات نابێ، سیاسەت پێوەندیی دەسەڵاتیی یە، یا پێوەندی ئەو هێزانەیە کە لە گرووپەکانی دەسەڵات دا هەڵدەسووڕێن بە دوای بەرژەوەندی خۆیانەوەیان و دەو بەرژەوەندییەیدا پێکەوە تەسادوم دەکەن، ئیختیلاف دە نێوانیان دا پەیدا دەبێ، جاری وایە ناکۆکی چینایەتی، جاری وایە ناکۆکی نەتەوەیی، جاری وایە ناکۆکی جینسییەتی، جاری وایە ناکۆکی فەرهەنگی و هتاد دێتە پێشێ. بەڵام گرینگ ئەوەیە وەختێک ئەوانە ئاوا لێک گرێ دراون مەسەلەی دەسەڵاتە. مەسەلەی ژن نامەوێ بڵێم بە شێوەیەکی تەبیعی، بە شێوەیەکی بە تەواوی ڕوون و بەرچاو کە بۆچی دەبێ لێرە دا بەو شێوەیە بێتە گۆڕێ. لەبەر ئەوەی لە نیزامی جمهووری ئیسلامیدا ژن حاڵەتێکی تایبەتی هەیە، لەو بابەتەیەوە کە هووییەی ژنانە ، هووییەی جینسییەتی، هووییەی جێندری ژنانە نوختەی تەلاقی، گرێ درانی دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەتی دەگەڵ دەسەڵاتی ڕێژیمی باب سالارانەیە. وە ئەو گرێ دراوییە لێرە دە ئوسوولی شەریعەتی ئیسلامیدا کە بنەمای حقووقی جمهووری ئیسلامییە، ئەو پێوەندییەی دەسەڵات و باب سالاری لێرە دا بەشێوەی قانوونی، بە شێوەی کۆدی قانوونی دارێژراوە و ئەو کۆدی قانوونییە جوورێکە ئەگەر تەماشای بکەی تەواوی ئەو قانوونانەی کە دەپێوەندی دەگەڵ ژن و بەدەنی ژن و شەخسییەت و ماهییەت و هووییەتی ژنە ئەوانە حەموو حاڵەتی سەلبییان هەیە. حەموو حاڵەتێکە کە دەیەوێ ئەو بەدەنەی کۆنترۆڵ بکا و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کۆنترۆڵی ئەو بەدەنەی پێویستە بۆ ئەوەی کە ئەو پێوەندییەی نێوان دەسەڵاتی سیاسی دەگەڵ باب سالاری دە چوارچێوەی شەریعەتی ئیسلامیدا یان تەفسیر و لێکدانەوەی زۆر ویشک و مونجەمید لە ئوسوولی ئیسلامی ئەو پێوەندییانە ڕابگیرێ و لە عەمەل دا وەختێک کە بۆ وێنە تەئکیید دەکەن ژن حەتمەن دەبێ خۆی داپۆشێ، لێرە ئەو لەچەکە، ئەو چارشێوە، یان ئەو ڕووسەرییەی ژنی، یان هەر شتێکی کە ژنانەیی ئەو مەوجوودەی، ئەو ئینسانەی لێرە دادەپۆشێ ئەوە بۆخۆی سەمبوولی دەسەڵات و قودرەتە، جا بۆیە کە لێرە دا دەڵێین ژن، ژیان، ئازادی، ژن بە شێوەیەکی ئاسایی لە نیزامی جمهووری ئیسلامی دا دە بەرانبەر دەسەڵاتدا ڕاوەستاوە، ئەوە ئەویدیکەی دەسەڵاتە، کە پاتریارکی و هێزی سیاسی سوڵتەیەکیان دروست کردووە کە ئەو سولتەیە بە ڕێگای ئیدێئۆلۆژی زاڵی ڕێژیم، کە ئیدێئۆلۆژییەکی ئیسلامی یە، هەر وەتر بە ڕێگای نیزامی حقووقی و قەزایی ڕێژیمی کە سەرچاوەی لە شەریعەتی ئیسلامی دایە ئەوانە بێ پسانەوە لە سەرکوتکردنی ژنان دا، داسەپاندنی ئەو قانوونگەلە بە سەر ژنان دا، ون کردنی ژنان، دەحەقیقەتدا حیجاب ون کردنی هوورییەتی ژنانە، بێ هوورییەت کردنی ژنانە، یانی ژن تەنێ دەکرێتە جەستەیەک کە یا دەبێ کار بکا، یا دەبێ منداڵ بێنێ ئەوە هیچ جوورە هوورییەتێکی ئینسانی کە بتوانێ ئەو سابجێکتیڤیتی ئەو عامیلییەتی سیاسی، عامیلییەتی فەرهەنگی و عامیلییەتی گوفتمانی یە بە پێی خۆی،بە پێی ئینسانیی‌یەت و بە پێی عامیلییەتی خۆی هەڵسووڕێنێ لێی وەرگیراوە. بۆیە وەختێک ئێمە دەبینین دەو شۆڕشەی دا، دەو ڕاپەڕینەی دا، دەو هەستانەی دا کە ئێمە ئەلئان لە ئێرانێ دەیبینین لە هەموو بەشەکانی ئێرانێ، لە کوردستانێ هەر وەتر بۆ وێنە ئەمڕۆ سنە دیسان هەستاوە، دوێنێ لە دیواندەری ئێعتراز هەبوو، ئەلئان دیسان ئیسفەهان لەو لای هەستاوە، ئەوەی کە لە ئێرانێ هەیە بە کردەوە نیشان دەدا کە دروستە ژنی کورد، هوورییەی نەتەوەیی کوردی هەیە یان ئێتنیکی کوردی هەیە، ژنی فارس هوورییەی نەتەوەیی فارسی یان ئێتنیکی فارسی هەیە هەر وەتر ژنەکانی کۆمەڵگاکانی دیکە لە ئێرانێ بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئەوەیە ئەو یەکگرتنەی هێناوەتە پێشێ، ئەوانە حەموو ژنن، ئەوانە حەموو بە شێوەیەکی دروست دە بەرانبەر دەسەڵات دا ڕاوەستاون و ئەو ڕاوەستانە، ڕاوەستانێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی یە.

**قازی**: زۆر باشە ئەمن داوام ئەوەیە وڵامەکان هێندێک کورتتر بێ بۆ ئەوەی کە بکرێ وڵامی حەموو پرسیارەکان بدرێتەوە. دەزانین کە لەو ٤٣ ساڵەی تەمەنی جمهووری ئیسلامی دا زۆر ناڕەزایەتی، خۆپیشاندان و پرۆتێست کراوە و ئەوانە لەگەڵ سەرکوتی توندو تیژ بەرەو ڕوو بوون. و ئەگەر لە ساڵی ٢٠٠٩ بەم لایەوە لەبەر چاو بگرین، بۆ وێنە ئەو فێڵەی کە لە زەمانی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری دا کرا لە زەمانی ئەحمەدی نژاد دا، ئەوە هەتاکوو ئێستا هاتووە. ئەگەر ئێمە بمانەوێ بەراوەردکارییەک بکەین جیاوازی ئەو هەستان و ئاخێزەی ئێستا لەگەڵ ئەوانەی پێشوو لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی، سیاسییەوە چییە و بێجگەلە دەوری ژنان، دە ڕاستیدا باسی دەوری لاوان دەکرێ کە وەچەیەکی تەواو نوێن و جیاوازن لەوانەی کە پێشووتر لە شەقامان بوون. باسی ئەوە دەکرێ لە زوربەی شارەکان و ئەو جێگایانەی کە ئێعتراز و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پرۆتێستیان لێ دەکرێ ئەوە بەرەی لاوە، ئەوە وەچەی گەنجە کە بەشدارییان تێدا دەکا.

**وەلی**: لە ڕوانگەی هووییەتییەوە هەستانەکانی پێشوو بۆ وێنە ئی ساڵی ١٣٧٨ کە لە زانکۆی تاران و هێندێک لە زانکۆکانی دی پرۆتێست و چالاکی بەڕێوە چوو، لە جێدا ئەوە هووییەتێکی تایبەتی هەبوو. ئەو هووییەتە توانیبووی لە نێو خوێندکارانی زانکۆی دا ئەو یەکێتییەی ساز کا بەڵام لە دەرەوەی زانکۆی نەیتوانی ئەو پێوەندییەی لەگەڵ خەڵکی دروست کا. هەر وەتر پاش وی ئێمە هەستانی ساڵی ١٣٨٨ مان هەیە، ئەوەی کە پێی دەڵێن " جنبش سبز" لەوێش ئەو جووری کە دەڵێن ئەوە بەشی زۆری تارانی بوو و ئەگەر ئی تارانیش نەبوو ئی شارە گەورەکان بوو و دەو هەستانەیدا چینی ناوەندی ڕۆڵێکی زۆر گەورەیان هەبوو و چینەکانی دیکە بە تایبەتی چینە بن دەستەکان دە هەستانی جنبش سبز دا دەورێکی وایان نەبوو. و هووییەتی چینایەتی نەیهێشت کە ئەوە بڵاو بێتەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە سیاسەتی ئەو کەسانەی کە ئەو هەستانەیان دەگێڕا یانی لە ڕووی دیسکۆرش/ گوفتمانییەوە ئەو بزووتنەوەیان ڕێبەرایەتی دەکرد و تەنانەت لە ڕووی ڕێکخراویشەوە هاتن کە ڕێبەرایەتی بکەن، ئەوەی کە گرینگ بوو لێرە ئەوان لە بەرەی ئیسلاح تەلەبی لە ئێرانێ بوون و ئەوان نەیان توانی دیسکۆرسەکەیان لە ویلایەتی فەقیە بەولاتر بەرن. واتە ڕێژیمەکەیان قبووڵ بوو. هەر وەتر هەستانی ساڵی ١٣٩٦ و ١٣٩٨ ئەوانە هەر یەکەی هووییەتی تایبەتییان هەبوو، ئەگەرچی ٩٦ و ٩٨ بە شێوەیەکی زۆر ڕاشکاو دە بەرانبەر جمهووری ئیسلامیدا بوو بەڵام نەیتوانی ئەو هووییەی هاوبەشە ساز بکا واتە هووییەتێکی هاوبەشی کە نە ئێتنێسیتەی هەبێ، نە ڕەنگی نەتەوایەتی، نە ڕەنگی چینایەتی، نە ڕەنگێکی فەرهەنگی تایبەتی. ئەوە ساز نەکرا، بەڵام ئەمجار ئەوە دروست کراوە. ئەوە تایبەتمەندییەکی گەورەیە. تایبەتمەندییەکی دیکەش ئەوەیە کە ئەمجار بۆ جاری یەکەم لە ساڵی ١٣٥٧ / ١٩٧٩-ی زایینییەوە کە شۆڕشی گەورەی ئێران کرا و لە دوایە نێوی شۆڕشی ئیسلامییان لێ نا، لەو دەمێوە تەقریبەن ئەوە تەنیا هەستانێکی، تەنیا ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری یە، سەرتاسەری بە مانای ئەوەی لە تەواوی ئێرانێ هەیە، ئەوە تەنانەت دەبینی لە دورگەی قیشم چالاکی هەیە، لە شیرازێ هەمانە، لە مەشهەدێ هەمانە، لە ئیسفەهانێ، لە سنەی، لە مەیوان و سەقز و بانە و مەهاباد هەیە، هەر ڕۆژەی لە جێگایەکی، هەر سەعاتی لە جێگایەکی. ئەوە گرینگییەکی زۆر زۆر زۆر تایبەتی هەیە لەو بابەتەوە کە سەرتاسەری بوونی ئەو حەرەکەتەی بووەتە هۆی ئەوەی کە ڕێژیم دەستپێشخەریی لۆجیستیکی لە دەست بدا. ئەگەر پێشتر لە سنەی بوو، یان لە تاران بوو، یا لە ئیسفەهان بوو، یا لە مەشهەد بوو ڕێژیم دەهات ئەوانەی ئیزۆلە دەکرد، هێزەکانی لە بەشەکانی دیکەی ئێرانێ دێنا دەوری ئەوانەی دەدا، گەمارۆی دەدان و بە توندی سەرکوتی دەکردن، لە دوایە هێزەکان دەچوونەوە سەر جێگای خۆیان. ئەلئان ڕێژیم وەختێک کە دەبینێ ئەو هەستانە، ئەو ڕاپەڕینە سەرتاسەری یە لە ئێرانێ نە بە ئەندازەی کافی هێزی هەیە و نە دەتوانێ دە عەینی کاتدا لە چەندین جێگایان بە شێوەیەکی چالاک و کاریگەر عەمەڵێ بکا. بە کردەوە ئەو کارەی کە ئەلئان ڕێژیم دەیکا، لە بەر ئەوەی سەرتاسەری یە دەبینی کە ڕێژیم هێز بەکار دێنێ، ڕێژیم کوشتار دەکا بەڵام ڕێژیم



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ستراتیژییەکی یەکگرتووی بۆ بەربەرەکانی و ڕووبەڕووبوونەوە دەگەڵ ئەو ڕاپەڕینە نییە. ئەوەش گرینگییەکی دیکەیە.

**قازی**: ئەی دەوری لاوان دەو پێوەندییە دا؟

**وەلی**: دەوری لاوان زۆر گرینگە لێرە ئەویش بە کردەوە نیشان دەدا کە ئەلئان قەیرانی کە ئەمن پێشتریش باسم کردووە و هەمیشە تەئکیدم دەکرد قەیرانی دەبێ وەکوو پرۆسەیەکی ببینین و لەو پرۆسەی دا قەیران لە قۆناغی جیاواز تێپەڕ دەبێ و دەچێتە قۆناغێکی دیکە و لە هەر قۆناغەیدا قەیران تایبەتمەندی خۆی هەیە. ئێمە لە ساڵی ١٣٨٨ بەو لاوە دەبینین کە ئاخرین شانسی ڕێژیمی ئەو بوو کەشەرعییەتی سیاسی خۆی لە سەرڕا دابمەزرێنێتەوە. لە ساڵی ١٣٨٨ ئەو شانسەی لە دەست دا ، لە ٨٨ تا ٩٨ ئێمە دیتمان کە بە خێرایی، لە ڕاستیدا بە خێراییەکی زۆر ڕێژیم ئەو شەرعییەتی شۆڕشگێڕانەی کە لە ساڵی ١٣٥٧ بە دەستی هێنا بوو ئەوەی لە دەست دا. ئەلئان پاش ئەوەی کە قەیرانی شەرعییەت یا مەشرووعییەت خلاس بوو ئێمە هاتووینە ناو قۆناغی قەیرانی حاکمییەت، قەیرانی حاکمییەت ئەوە بوو وەکوو ئەلئان ئێمە دەیبینین کە ڕێژیم تەواوی ئەهرومەکان، تەواوی ئامرازەکانی دەسەڵات و بەکارهێنانی دەسەڵاتی دە دەست دایە بەڵام ناتوانێ بە کاری بێنێ. مەجبوورە کە تەنێ و تەنێ زەخت، کوشتن، کوشتار، حەبس کردن و سەرکوت کردن بەکار بێنێ و وەزعی خۆی ڕابگرێ، یانی بەو مانایەی کە دەسەڵات نەک تەنیا حاڵەتی مەشرووعییەتی خۆی لە دەست داوە بەڵکوو قانوون گرینگی خۆی لە ئێرانی ئێستا لە دەست داوە. جێگای قانوون زەبر و زەنگ گرتوویەتەوە. یانی ئەو زەبر و زەنگەی کە دەبوو لە پشت قانوون دا بێ ئەلئان وەپێش قانوون کەوتووە. لێرە دا گەنجان هەستاون، جەوانان هەستاون بۆ چی وایە، لە بەر ئەوەی لە هەر ڕێژیمێکدا، بە تایبەتی ڕێژیمە دیکتاتۆرییەکان، ڕێژیمی ئەوانەی کە پێیان دەڵێن تەمامییەت خواە، ڕێژیمی تۆتالیتێر و ئەوانە، ئامرازی دەسەڵاتی یا زەبر و زەنگە یا قانوونە، یا ئیدیئۆلۆژییە. ڕێژیمی ئێرانێ زۆر زۆر پشتی بەستبوو بە ئێدیئۆلۆژی زاڵی ئیسلامی سیاسی خۆی کە بێ پسانەوە ماهییەت و کاراکتێرێکی شۆڕشگێڕانەی پێ دەدا بە تایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی خۆی دا. ئەوەی کە دەیگوت پانتایی سوڵتەی ئێمە دەگاتە لوبنانێ، دەگاتە یەمەنێ دەگاتە سووریای، دەگاتە فلان جێگای. بێ پسانەوە ئەوەی دەگوت بەڵام ئەلئانەکە کاتێک قەیرانی شەرعییەت بەو جێگایەی گەیشتووە کە شەرعییەت نەماوە بەو شێوەی ئەوە زۆر گرینگە لەو بابەتەیەوە کە تەواوی ئەو سەرمایە دانانەی کە لە سەر کۆنترۆلی ئیدیئۆلۆژیک بە ڕێگای فەرهەنگەوە، یانی وەکوو کۆنترۆڵی نەرم – کە ئەوان پێی دەڵێن ئامرازی نەرم - ، وەختێکی شەرعییەت نەماوە ئیدیئۆلۆژی فەشەل بووە، وەختێک ئیدیئۆلۆژی زاڵ فەشەل بووە، شەرعییەت نەماوە فەشەل بووە ئەو تەئسیری تەجهیز و سازماندان و جەزب لە نێو جەوانان دا لە بەین چووە و جەوانان باوەڕیان بەو هەدەفە غاییەی کە سازکردنی کۆمەڵگایەکی ئیسلامی و ئینسانێکی ئیسلامی بەرز و والا بوو نییە و دەزانن کە ئەوە حکوومەتێکی گەندەڵە، شەرعییەتی ئیدیئۆلۆژیکی نەماوە بۆیە وەختێکی کە خودی ڕێژیمەکە مەشرووعییەتی ڕووخا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جەوانەکانیش بەو کۆنترۆڵەی کە لە سەریان داندراوە لە جێدا باوەڕیان پێی نەماوە و هەر وەتر دەو مودەتەیدا دەبینین باوەڕیان پێ نەماوە کە هیچ دەوبەینەی دا دژایەتیشی دەکەن، بەربەرەکانێ دەکەن دەگەڵی و بە دژی هەستاون. وە جەوانان ئێستا لە ئێرانێ. لە گرووهی تەمەنی نێوان ١٦ ساڵ تا ٢٥ ساڵ دان دەو ڕاپەڕینە دا پاش ژنان دە دەرەجەی دووەمی ئەهەمییەت دان و کۆنترۆڵی جەوانان لەو مەوریدە دا زۆر زەحمەتە، لە بەر ئەوەی کە ئەوان زۆر زوو یەکتر دەگرنەوە، قودرەتی تەحەروکیان یەکجار زۆرە، حەساسییەتیان نیسبەت بە وەزعەکە، نیسبەت بە دۆخەکە زۆرە، فکرێکی جەوان زۆر تەئسیرپەزیرترە، بۆیە جەوانان ئەلئان پاش ژنان دە دەرەجەی دووەمی گرینگیی دان لەو ڕاپەڕینەیدا بەڵام سەبەبی ئەسڵییەکەی ئەوەیە کە دە ڕاستیدا ڕێژیم هیچی نەماوە کە بیدا بەو جەوانانە. جەوان لە ئێرانێ هیچ تەسویرێکی لە داهاتووی خۆی نییە. کە ئەگەر دەرس دەخوێنێ، دەچێتە زانکۆی لەبەر چی بۆچی؟

**قازی**: ئێستا پێش ئەوەی کە بگەینە سەر مەسەلەی تایبەتی کوردستان پێم خۆش بوو زۆر بە کورتیش باس بکەی هێندێک لە چاوەدێرانی سیاسی دەو ماوە کورتە دا، چونکە ڕووداوەکە بەو شێوەیە چاوەڕواننەکراویش بوو بەو شێوەیە، بەڵام باسی ئەوە دەکەن ئەو جار زۆر زەحمەتە کە کۆماری ئیسلامی لە تەواوەتی خۆیدا بتوانێ جارێکی دیکە پشت ڕاست کاتەوە و بێ ئەملا وئەولا بەرەو ڕووخان دەڕوا، ئەگەر بەرەو ئەوەش نەڕوا لە زۆر لایەن ڕا مەجبوورە پاشەکشە بکا لە درێژە دان بە داسەپاندنی حیجابی ئیجباری. جەنابت ئەو مەسەلەیە چۆن دەبینێ بەڵام تکایە بە کورتی بۆ ئەوەی بگەینە مەسەلەی کورد و کوردستانیش.

**وەلی**: دیارە، ئەلئان ئێمە دە حەفتەی سێیەمی ئەو ڕاپەڕینەی داین. دیارە دەو شازدە، حەڤدە ڕۆژەی دا ئەو ڕاپەڕینە و داوخوازییەکانی ئەو ڕاپەڕینە لە قۆناغی ئەوڵێ کە دەستی پێکرد لەوەی تێپەڕ بووە دروستە کە دروشمی " ژن، ژیان، ئازادی " ماوە بەڵام ئەلئانەکە مەسەلەی حیجاب، لابردن و کەشفی حیجاب لە داوخوازە قبووڵکراوەکانی ئەو کەسانەن کە لە ڕاپەڕینەکە دا بەشدارن، ئەوەی کە جێی گرتووەتەوە و خەڵک بەرەو ئەوەی دەڕوا ڕووخاندنی ڕێژیمی ئیسلامییە. و بە کردەوە دەبینی کە مەسەلەی حیجابی بۆ خۆی یا ئازادیی ژنی، بەدەنی ژنی، فکری ژنی و مەوجوودییەتی ژنی لەوەی بەستراوەتەوە کە ئەو نیزامە، ئەو ڕێژیمە نەمێنێ. یانی ئێستا ویستەکانی ژنان ئەوەندە ڕادیکاڵ بووە کە بە کردەوە مەسەلەی حیجاب هەر ئەوە نییە کە ڕێژیم بڵێ بەڵێ حیجاب ئیختیاری بێ، ئیجباری نەبێ. بە کردەوە ژنان خۆشیان ئەوانەی کە چالاکن، ئەوانەی کە لە خەتی ئەوەڵی خەبات و چالاکی بە دژی ڕێژیمی ئیسلامی دان ئەوانە بە کردەوە دەزانن کە ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی شەرتی ئەساسی بە دەست هێنانی ئامانجی وانە.

**قازی**: زۆر باشە ئێستا بێینە سەر مەسەلەی کورد. دیارە وەک دەزانی لە ٢٨-ی سێپتامبر، لە ٦-ی ڕەزبەر جمهووری ئیسلامی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هێرشێکی زۆر قێزەوەن، دڕندانەی کردە سەر هێندێک لە مەکۆ و شوێنی حاوانەوەی خەڵکی سیڤیل کە سەر بە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون و دیارە هێندێکیشیان پێشمەرگە بوون و لە ناو ئەوانە دا ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگەکان یان ئەندامانی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران، پارتیی ئازادیی کوردستان شەهید بوون و ژمارەیەکیش لە ناو دوو لە ڕێکخراوە کۆمەڵەکان بریندار بوون، دیارە ئەو هێرشانە لەو دەمییەوە یانی لە ٢٨-ی سێپتامبرەوە هەر بەردەوام بووە بە شێوەی تۆپ باران کردنی ناوچە سنوورییەکان و ئەو جێگایانەی کە ئەوان پێیان وایە پێشمەرگەی لێیە. بەڵام هەر چۆنێک بێ بە پێی لێکدانەوەی چاوەدێرانی سیاسی و ئەوانەی لە نزیکەوە بارودۆخەکە تەعقیب دەکەن ئەوەیە کە هەدەفی ئەساسی ڕێژیم لەو کارەی ئەوە بووە کە کارێکی ئاوا بکا حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کە بە تایبەتیش لە چاو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەی ئێران زیاتر ڕێک خراون و لە ڕووی نیزامیشەوە چەکدارن. کارێکی ئاوا بکەن هێرشی چەکداری بکەن یا بە چەک وڵام بدەنەوە و ئەوە ببێتە زەمینەیەک یان بیانوویەک کە ئەو بزووتنەوەیە بە لاڕێدا بڕوا و ڕاپەڕینە گشتییەی کە لە ژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دا تەنیوەتەوە و هەموو کەس داوخوازی خۆی تێدا دەبینێتەوە لەوە لابدرێ، بەڵام چاوەدێران پێیان وایە کە سازمانە سیاسییەکان زۆر بەشێوەیەکی مەسئوولانە و بەرپرسانە جووڵاونەتەوە و لە بەرانبەر ڕێژیم دا گوتوویانە سەرەڕای ئەو جوورە هێرشانەش ئێمە بەردەوام دەبین لە پشتیوانی کردن و بە دەنگەوە هاتنی کۆمەڵانی خەڵک و داواکانیان و بۆ دروستی ئەو قسەیەش داوای مانگرتنی گشتی کە ڕایان گەیاند بوو لە حەوتووی ڕابردوو دا دە ڕاستیدا ئەو مەسەلەی سەلماند کە ئەوان ئەو ڕێبازە درێژە پێدەدەن، بەڵام دەزانین کە هەموو هێزەکانیش دە چوارچێوەیەکی یەکگرتوو دا بەیەکەوە نین جا لەو زەمینەیە دا پێم خۆش بوو یەک سەبارەت بە هەڵوێستی هێزە سیاسییەکان نەزەری جەنابت بزانم و دووش لە ئەگەری ڕووخانی ڕێژیم دا یا شل بوونەوەی دەسەڵاتی ڕێژیم لەو ناوچانە مەسەلە چۆن دەبینی. ئێستا باسی ئەوە کرا کە خەڵک لە ژێر دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" دا هەموو یەک دەگرن بەڵام ڕاستییەکیش هەیە ئێمە هێشتا نابیسین لەو هێزانەی کە بە تایبەتی زۆر بە مەسەلەی مەرکەزەوە بەند و گرێدراون سەبارەت بە داوخوازییەکانی گەلی کورد، هوویەتی گەلی کورد. فەرهەنگی کورد هەڵوێستیان چییە؟

**وەلی**: ئەمن پێم وایە و پێشتریش کوتوومە، لە چەند جێگایان کوتوومە کە ئەو هەڵوێستەی هێزە سیاسییە کوردیەکان گرتوویانە هەڵوێستێکی دروستە. بە باوەڕی من مەعقوول و مەنتقی یە و ئەوە هەڵوێستێکە جوورێک بینش و دیتنی درێژخایەنی تێدایە ئەوەش نییە کە فەورەن، دەفعەتولساعە، کاردانەوە نیشان بدەن بە کارەکانی حکوومەت. بە نەزەری من ئەو هەڵوێستە دروست بووە، دەتوانێ بەشێک لە ستراتێژی دروست بێ بۆ ئەوەی ئەگەر سبحەینێ ئەگەر ڕێژیم کەوتە قۆناغی ڕووخانێ پێویستە چ بکەن. ئەوە ئەڵبەتە دەبێ ڕوون بکرێتەوە. ئەوە هەڵوێستێکی دروست بوو. بەعزە کەسێک ئەو دەمی، ئەلئانیش دەبینین دەڵێن نا ئەوە دروست نەبووە و دەبوو هێزە کوردییەکان دەبوو دەست بکەنەوە، دەبوو دەرگیری شەڕی چەکداری دەگەڵ ڕێژیم بن. گەریلا و پێشمەرگەی بنێرنەوە بۆ وڵاتی. بە باوەڕی من ئەوە سیاسەتێکی غەڵەتە دە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەڕایتی فێعلی دا و هێزە کوردییەکان نابێ ئەو کارەی بکەن. دە حەقیقەتدا لەبەر ئەوەی کە ستراتێژی ڕێژیمی لەبەر وەحشتی لەو هووییەتی یەکگرتووی کە ساز بووە و هاتووەتە پێشێ و دەو هووییەیدا کوردان دەورێکی گەورەیان هەیە چون وەکوو هێزی سیاسی دروستە لە دەرەوەی وڵاتین بەڵام لە ناوخۆی وڵاتی نفووزیان هەیە وەکوو هێزی سیاسی، ئەوانە ئینسیجامی سیاسی و تەنانەت ئیدیئۆلۆژیکی زۆرتریان هەیە نیسبەت بە هێزی نەتەوەکانی دیکە لە ئێرانێ دا. جا ڕێژیم حەولی خۆی و سەرنجی خۆی لە سەر کوردەکان کۆ کردووەتەوە بۆ ئەوەی ئەوەی بکاتە ئامانجی هێرشی خۆی بۆ ئەوەی ئەو هووییەتە یەکگرتووە هاوبەشەی بشکێنێ. ئەگەر ئەوەی بشکێنێ کوردستان دەتوانێ ئیزۆلە ببێ، ئەو دەمی تەواوی هێزی نیزامی خۆی، تەنانەت باسی ئەوەی دەکەن کە فاظمیون لە سووریای ڕا بێننەوە و حەشدی شەعبی بێنن لە عێراقێ ڕا...

**قازی**: دەڵێن ئەوانەیان هێناوە بۆ بەلووچستان

**وەلی**: جا ئەو دەمی ئەوانە حەموو بخەنە کوردستانێ. کوردەکان هەرچەندێکیش شوجاعانە و جەسوورانە لە بەرانبەر هێزی حکوومەتێ دا ڕاوەستن لە درێژخایەندا ناتوانن شەڕێکی مونەزەم بکەن و ئەوە بە تەواوی مەعلوومە دەبێ دیسان پاشەکشەی بکەن و ئەو پاشەکشەیە شکستێکی گەورە دەبێ هەم لە نەزەر مادییەوە، هەم لە ڕووی تەلەفاتی گیانییەوە و لە حەمووی گرینگتر شکستێکی ستراتێژیکی گەورە دەبێ. بۆیە هێزە کوردییەکان ئەوەی کە بێدەنگیان کردووە لە بەرانبەر حکوومەتدا، دە بەرانبەر ستراتێژی حکوومەتدا ئەوە هێزە کوردییەکانن کە ئیبتیکاری عەمەلیان بە دەستەوەیە. یانی ئەوانن کە حکوومەتی وا لێدەکەن کە دیسان بەردەوام بێ لە سەر ئەو جۆرە هێرشانە بەڵام بە جێگەیەک ناگا. و لە دوو مانگرتنی گشتیش کە لە کوردستانێ کرا کە زۆر باش بەڕێوە چوو نیشان دەدا کە خەڵکی کوردستانێ، جەماوەری کوردستانێ لە ڕۆژهەڵاتی بە کردەوە و لە ڕووی فکرییەوە عەقڵانییەت و مەنتقی ئەو ستراتێژییەی بێدەنگییە دەرک دەکەن و پشتیوانیشیان لێ کرد. ئەوە زۆر باشە، بە باوەڕی من دەبێ هەر لە سەر ئەو ڕێبازە بەردەوام بن بەو شێوەیەی بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە ئەلئان کافییە بەڵام بۆ سبحەینێ کە ئێمە لەم قۆناغەی ئێستا تێپەڕ دەبین ئەگەر ئەو ڕاپەڕینە بەردەوام بێ دوو حەفتە، سێ حەفتەی دیکە ئەو دەمێ ئێمە دێینە ناو قۆناغێکی دیکە لەو ڕاپەڕینەی کە فکری دیکە، تاکتیکی دیکە و بۆچوونی دیکەی هەیە کە چۆن دەگەڵ حکوومەتێ ڕوو بە ڕوو بن. لێرە دا ئەمن دەمەوێ بڵێم ئێستا فورسەتی وەی هەیە کە حەموو هێزە کوردییەکان لە دێمۆکڕاتەوە بگرە تا کۆمەڵەکان و پەژاک و کۆدار حەموویان بەیەکەوە پێک بێن بە نەزەری من ئیمکانی وەی هەیە چون دوژمنێکی یەکگرتوو لە ڕووبەڕوویان ڕاوەستاوە و بە هەموو جوورێک لێیان دەدا. ئەو هێزانە ئەگەر بیانەوێ لەو سەدەی تێپەڕن دەبێ ئەو یەکگرتوویەی ئێستا بپارێزن، ئەو یەکگرتوویەی کە هەیانە بیپارێزن و ئەوە پەرە پێ بدەن. پەرە پێدان ئەوەیە ئەوە زۆر فکرێکی باشە کە ئەگەر ستادێکی موشتەرەکی فکری ستراتێژیکیان هەبێ کە فکر لەوەی بکاتەوە کە ئەگەر سبحەینێ هاتوو نیاز بە عەمەلیات بوو ئایا دەتوانن کە هێزێکی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

یەکگرتووی موشتەڕەک و فەرماندەییەکی موشتەڕەک بنیرنەوە ئێرانێ یان نا؟ چون ئەوە یەکجار شتێکی گرینگە. ئەمن لێرە ڕوو لە هێزە کوردییەکان دەکەم و دەڵێم لە ئازموونی باشووری لە تەجروبەی باشووری فێر ببین ئێمە. با ئەو تەجروبە تاڵە دووپاتە نەبێتەوە لە ڕۆژهەڵاتی. ئەگەر بێتو ئەو ڕێژیمە بڕووخێ با ئێمە زۆنی زەرد و کەسک و فلان و ئەوانەمان نەبێ. ئەڵئان دەقیقەن بیست ساڵ، بیست و یەکساڵە کە دەسەڵات لەوێ هەیە لە باشووری بەڵام هێشتا هێزێکی یەکگرتووی نیزامییان نییە،بوودجەیەکی یەکگرتوویان نییە، سیاسەت داڕشتنێکی یەکگرتوویان نییە، ئەوە فەزیحەتە، ئەوە لە داخ و جەخار دەردەچێ، ئەوە کارەسات و فاجیعەیە. ئێمە دەبێ نیشان بدەین کە عەقڵانییەتمان هەیە، ئەو مەنتیقەمان هەیە کە ئەوەی دەرک بکەین کە دەبێ ئەو تەجروبە تاڵە، ئەو فاجیعەیە لە ڕۆژهەڵاتی تیکرار نەبێتەوە.

**قازی**: یانی پێت وایە لە فازی یەکەم دا ئەو یەکگرتوویە دەبێ لە سەر بنەمای وەتاغی فکری و لایەنی سیاسی دابمەزرێ؟

**وەلی**: وەتاغی فکری نا، ستادێک. وەتاغی فکری ئەوەیە کە ئەمن و ئەتۆ و چەند نەفەری دیکە دەتوانین وەتاغی فکری دروست کەین. بەڵام ستاد ئەو لایەنانە دەیکەن کە هێزیان هەیە. وەتاغی فکری لایەنەکە کە هێزەکەی دە دەستی دا نییە نەڵام ئەوانە هێزیان هەیە. جا ئەو هێزە، کەمە زۆرە نازانم بەڵام هەر چۆنێک بێ ئەوانە هێزیان هەیە وەختێک هێزیان هەیە دەتوانن ستادێکی عەمەلیاتی دروست کەن کە ئەو ستادە بۆ هەر عەمەلێک دەبێ فکرێکی یەکگرتووی لە پشت سەر بێ.

**قازی**: زۆرباشە، ئێستا ئێمە دەزانین کە ناوەندێک هەیە بە ناوی " ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران" کە دەوە دا چەند حیزب هەن هەموو حیزبەکان نین. لە لایەکی دیکەش کۆمەڵە ڕێکخراوی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەیە لە ناوچە و هەر وەها پەژاک هەیە، کۆدار هەیە کە پەژاک لە چوارچێوەی ئەو پێکهاتەیەی ناوەند دا نییە پێت وایە ئەوە پێویستییەکی دەستبەجێ یە کە ئەو هاوکارییە قەتعییەن دەبێ هەبێ یان پێت چۆنە؟

**وەلی**: بە باوەڕی من پێویستە ئەو هاوکارییە هەبێ. بە باوەڕی من ئەڵئانەکە وەختی وەی هاتووە، پەژاکیش دەبێ تێبینییەکی تازەی لەمەڕ هەڵوێستەکان و ئوسوولی خۆی هەبێ ئەوە زۆر گرینگە. هەر وەتر پەژاک دەبێ بە باوەڕی من ئەو تورموزانەی، ئەوشتانەی کە لە سەرێتی لە ڕووی فکری و لە ڕووی عەمەلییاتییەوە ئەوانە ئەڵئان دەبێ لا بچێ، حەیاتی یە کە دەبێ لا بچێ. وەختێک ئەوانە لا بچێ پەژاک دەتوانێ دە مەیدانێکی تازە دا دەگەڵ هێزەکانی دیکە دەو ستادی عەمەلیاتییە دا بەشدار بێ. جا ئیدی پاش وەی کە ڕێژیم ڕووخا ئەو ستادی عەمەلییاتییە چۆن تەحەول و تەکامول پەیدا دەکا ئەوەی ئەمن ناتوانم بڵێم ئەڵئان.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

**قازی**: یانی ئەگەر کورتی ببڕینەوە مەبەستت ئەوەیە کە دەبێ لە تەجروبەی نزیکی حەڕەکەتی سیاسی کوردی دەرس وەربگیرێ.

**وەلی**: بەڵێ، ئەوەی دووپاتە دەکەمەوە ئەلئان وەختی ئەوە هاتووە کە حەموو حیزبەکان بە تایبەتی پەژاک لە هەڵوێستە ئێدێئۆلۆژیکەکانی خۆیان کە بووتە هۆی پێشگرتن لە پێکهێنانی ستادێکی ئاوا بەوانە دا بێنەوە و تێبینی تازەی لە سەر بکەن و هێندێک مانیع و تورموز هەیە بە تایبەتی لە سەر پەژاکی دەبێ ئەوانە لا بدرێن.

**قازی**: زۆر باشە، زۆر سپاست دەکەم بەڕێز عەبباس وەلی بۆ بەشداریت لە بەرنامەی ڕاوێژ دا داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەم.

**وەلی**: زۆر سپاست دەکەم، زۆر مەمنوون

**قازی**: بینەرانی خۆشەویست بەم شێوەیە گەیشتینە کۆتایی بەرنامەی ئەمجارەشمان، هیوادارم ئەو قسانەی بەڕێز پرۆفێسۆر عەبباس وەلی بەرچاو ڕوونییەک بووبێ بۆ هەڵسەنگاندی ئەو بارودۆخەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئێران هەیە. تا ڕاوێژێکی دیکە لای ئێوەمان خۆش

**تێبینی**: ئەم بەرنامەیە چوارشەمە شەو ٥-ی ئۆکتۆبری ٢٠٢٢ بە شێوەیەکی زیندوو لە ستێرک تیڤی یەوە بڵاو کراوەتەوە.

**سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی حەسەن قازی – ڕێکەوتی: ٨ی ئۆکتوبەری ٢٠٢٢**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ڕاپەڕین و شۆڕش لە ئێران... ماهیەت و ڕێگریەکان و ئاییندەکەی...



**عەبدوڵا مەحمود**

راپەڕین و خرۆشانی جەماوەری لە ئێران درێـژەی هەیە و تـادێت بەرینتـر و سەراسەری تـر دەبێـتەوە. پـایەی سەرەکی ئەم راپەرین و خرۆشانە جەماوەرییە، نابەرابەریەکی قوڵی ئابوری و بەرین بـوونەوەی قڵشتی چینـایەتییە لە ئاستێکی یەکجـار بەرزدا. بێکاری و گرانی و هەژاری، نەبوونی سەرەتـاییترین مافە جهانداگرەکانی ئینسان، نەبـوونی سەرەتـایی مـافی ژنـان و لاوان... داسەپاندی یاسا پرتوکـاو و کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان بەسـەر کـۆمەڵگە و لە پێشیانەوە بەسـەر ژنانـدا، لەوانە حجاب وەکو یەکێک لە رەمزەکانی کۆیلەتیی.

دیارە ئەم خۆپیێشاندان و راپەرینەی ئێستا، درێژکراوەی نارەزایەتی و خرۆشان و راپەرینەکانی پێشووی کۆمەڵگەی ئیـرانە، درێژکـراوەی بـزوتنەوەی رۆژ لەرۆژ لە پیشی بـزوتنەوەی کرێکـارییە، دریژکـراوەی نـارەزایەتی ژنـان بە حجـاب و سـەرکوت و بێمافییە، دریژکراوەی بزوتنەوەی مامۆستایان و خانەنشینانە، دریژکراوەی بزوتنەوەی دژی بیکاریی و نەفرەتـی خوینـدکاران و لاوانـی هیـوا خنکێنـراوە، دریـژ کـراوەی بـزوتنەوەی شۆرشگێرانەی خەڵکی کوردستانە...تـاد. ئەم بـزوتنەوە و راپەرینـەی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ئێستای ئێران و کوردستان، لێکگرێدراوی و هاوئاهەنگی هەموو ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتیانەیانەیە کە لە پێشرەوی خۆیدا، چوارچێوەیەکی سەراسەری تر و هاوئاهەنگتری بەخۆیەوە گرتووە.

ڕاپەڕینی ئێستای جەماوەری ئێران، لەسەر پایەی پێشرەوی و خاراوی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی پێشوویدا پێی گرتووە و بەئێرە گەیشتووە. مەرگی مەهسا ئەمینی، لەناو دڵی ئەو نارەزایەتییە فراوان و بەرین و کۆمەڵایەتیەدا، بووە هۆی کلپەسەندنی دوبارەی ئەو پشکۆ و ئاگری ژێر خۆڵەمێشەی دەیان ساڵە لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئامادەیی هەیە.

لەناو دڵی ڕاپەڕینی ئێستادا، کە بەرهەمی ئاوێزان بوونی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە لەگەڵ یەکتری و بۆ ئامانجێکی هاوبەش کە روخاندنی دەسەڵاتی ئاخوندەکانە، هاوکات بزوتنەوە سیاسی و کۆمەلایەتیەکان لەناویدا بەجیا جیاش باڵادەکەن و پێدەگرن. بزوتنەوەی کرێکاریی بە کریکارانی لەسەر کار و بێکارەوە خاراوتر دەبێت و ئەزموونەکانی باڵاتر و ئاستی رێکخراوبوونی زۆرتر و لەوەلانانی گرفتەکانی بەردەمیدا کاراتر دەبێت... بزوتنەوەی ژنان، کە لەهەموو جموجۆڵەکان و نارەزایەتیەکانی ئێراندا ئامادەیی بووە و لە ڕاپەڕینی ئەمجارەشدا پرسی ژن و حجابی ئیسلامی داینەمۆی گردانی نارەزایەتیەکان و قوربانیەکەی ژن بوو، دەتوانێت بەشێوەیەکی زۆر کارا بەرەوپیش بچێت و ئامادەیەکانی بۆ یەکلایی کردنەوەی نەبەردەکانی داهاتوو تەنانەت بۆ مۆردان لە دەسەڵاتی داهاتوو، بنەخشێنێ. بزوتنەوەی خویندکاران و لاوان و مامۆستایان و خانەنشینان، وەکو چەند بزوتنەوەیەکی هەمیشە ئامادە دەبنە هێزی یەکلاییکەرەوە لەنێوان بزوتنەوە سەرەکیەکانی کۆمەڵگە لەسەر ئەڵتەرنایفی داهاتووی دوای دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی. بزوتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان، ئاسۆی سیاسی داهاتووی رۆشنتر دەبێت و رێگاکانی کۆتاییهینان بەستەمی نەتەوایەتی لەچورچێوەی بزوتنەوەی ناسیونالیستی تێدەپەڕێنێت و توانای ئەوە دەبێت، رێگاچارەی خۆی لەچوارچێوەی بزوتنەوەی سەراسەری و کریکارییدا بخاتە ڕوو. بەکورتی ئەم ڕاپەرینەی ئیستا لەگەڵ ئەوەدا مۆرکی ناوچەیی و جغرافی پێوەنییە بۆتە سەکۆیەک بۆ هاوئاهەنگی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیە شۆرشگێر و ئینسانیەکان، لەسەراسەری ئێراندا، بەڵام هاوکات هەر کام لە بزوتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان بەجیاش، بەرەو خاراوتر بوون دەبات و ناوەرۆکی شۆرشگێرانەی ئەم بزوتنەوەی ئیستا بەخۆوە دەگرن. لەناو جەرگەی خرۆشان و ڕاپەرینی ئیستای سەراسەری ئیران و کوردستاندا، لەناو دڵی هاتنەمەیدانی فراوان و جەماوەریدا، بزوتنەوەی کریکاری و بزوتنەوەی ژنان، بزوتنەوەی دژە ئیسلامی، سێ باڵادەسترین رەوتی نارەزایەتییەکانی ئیرانن و هەر ئەوەش ناوەرۆکی شۆرشگێرانەو و ئایندەی جیگا ئومیدی بەسەراسەری خەڵکی ئیران و کوردستان، لە ناوخۆی ئیران و دنیای دەرەوە بەخشیوە. بێگومان هەموو بزوتنەوە و خرۆشان ڕاپەرینێکی شۆرشگێرانە، بەسودی بزوتنەوەی شۆرشگێر و ئینسان دۆست و ئازادیخوازەکان و جەماوەری بێبەشە و هاوکات پاشەکشە بە بزوتنەوە دواکەتوو کۆنەپەرست و گریگرتەکان... دەکات. ئەوەی وای کردووە دروشم و بانگەوازی شۆرشگێرانە سایەی بکاتە سەر خۆپیشاندان و نارەزایەتییە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

جەماوەریەکان، ریشەی لە شۆرشگێر بوون و پێشکەوتنخواز بوونی، راپەرینی ئێراندایە.

خواستی کۆتاییهێنان بەدەسەڵاتی رەشی جمهوری و ئاخوندەکانی ئێران، بۆتە خواست و داواکارییەکی هەمەگیر و سەراسەری لە ئێران و تەنانەت ئازادیخوازەکانی ناوچەکەش. دەسەڵاتی رەشی ئاخوندەکان تەنها مۆتەکەیەکی رەش بەسەر سەری جەماوەری کریکار و بێبەشی ئێرانەوە نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەوەدا کۆمەڵگەی ئێرانی کردۆتە زیندانێکی گەورە بۆ دیلکردنی ئازادی و مافە سەرەتاییەکانی ئینسان، هاوکات وەکو دەسەڵاتێکی ئەختەبووتی چنگی لە دەیان وڵاتی ناوچەکە گیرکردووە و بۆتە سەرچاوەی بەهێزکردنی گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیەکان، نائارام کردنی ئەو وڵاتانەو پێشێلکردنی ئیرادەی سیاسییان. بۆیە کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی نەنگینی جمهوری ئیسلامی، هەر کۆمەڵگەی ئێران لەدەستی ئاخوندەکان رزگار ناکات، بەڵکو دەستی ئەو رژێمە لەسەر ژیان و گوزەرانی دەیان وڵاتی ناوچەکە کورت دەکاتەوە و بەکردەوە کۆسپێکی گەورە لەسەر رێ خەبات و تێکۆشانی جەماوەری بەدژی دەسەڵاتی سەرکوتگەرانەی ئەو وڵاتانە لادەبات. جیا لەوانە لەگۆڕنانی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی دەبێتە هۆی وەرچەرخانێکی گەورە لە تەواوی رۆژهەڵاتی ناوەراستدا و پشت چۆڵ بوونی دەیان و سەدان دەسەڵاتی دیکتاتۆرو شێوە مەزهەبی و دەوڵەتی و گروپی و پاشەکشەکردن بە تیرۆریزم و رەوتە کۆنەپەرستە ئیسلامیەکان، ئەمەش دەروازە بەرووی کرانەوە و ئازادییەکان و پێشکەوتنخوازی و ئینسان دۆستی و پێشرەوی لەهەموو زەمینەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەدوای خۆیدا دێنێت.

هەر بۆیە چۆن جەماوەری دیلی دەستی کۆنەپەرستی، بە کۆتاییهاتنی دەسەڵاتی جمهوری ئیسلامی ئاسۆی ژیانی ئازادانەو مافەکانیان و ئیرادەیان بۆ دەگەرێتەوە، ئاواش هێز و رەوتە کۆنەپەرستەکانی بۆرژوازی لە قەومیەکانەوە بۆ دینییەکان و رەوتە تیرۆریست و دەوڵەتەکانیان، توشی پاشەکشەو و دارمان دێن و ئاسۆی داکوژانیان، دەست پێدەکات. هەر بۆیەشە بەهەموو شێوەیەک هەوڵ دەدەن ئەم بزوتنەوە شۆرشگێرانەیەی ئێستا بۆ روخاندنی جمهوری ئیسلامی، پارچە پارچە بکەن، دابرِ دابرِی بکەن، ناسنامەی قەومی و دینی و مەزهەبی بە باڵا ببرِن، لەنیوەی رێگادا رایبگرن و خەڵک بنێرنەوە بۆ ماڵەوە. جیا لەوانە ئەو حزب و هێزە بۆرژوازیانەی ئومێدیان خۆیان بە ئەمریکا و غەرب بەستۆتەوە تا دەگاتە خودی ئەمریکا و غەرب، نیگەرانن لەوەی دەسەڵایی جمهوری ئیسلامی بە ئیرادەی شۆرشگێرانەی جەماوەری و بە ئاسۆی شۆرشگێرانەوە، بە سەرئەنجام بگات، بۆیە ئەوانە هەموویان وەکو هێزی دژە شۆرشی جمهوری ئیسلامی لە مەیداندان و ئامادەی هەموو هاوکاری و پلان و مانۆرێکن تا ریزەکانی بۆرژوزی ئامادەی دوای روخاندنی رژێمی ئێران بکەن و سواری شۆرشی سەرکەوتووی جەماوەری ببن و شۆرش بدزن. ئەوان دەیانەوێت دەسەڵاتی دوبارەی سەرمایە، بەڵام ئەمجارەیان لە بەرگێکی تردا، دابسەپێنن. ئەمە مەترسیەکی گەورەیە لەبەردەم راپەرین و شۆرشدا، کە پێویستە لە ئێستاوە، بەشێوەی جدی بۆ بەشکست کیشانی ئامادەیەکان ببرێتە سەرەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بزوتنەوە و خرۆشان و ڕاپەڕینی ئێستای ئیران، پیویستە لەگەڵ پیشرەوی ڕۆژ بەرۆژ و تەنانەت سات بەساتی خۆیدا، بۆ ڕوخاندنی دەسەڵاتی ئاخوندەکان، ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پلان و نەخشەکانی بۆرژوازی و لەناوخۆ و دەرەوەدا هەبێت... بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئیستای لەخوارەوەی جەماوەری لەگەڵ ئەوەدا لە پیشرەوی خۆیدا دەتوانێت و دەبێ دەسەڵاتی نەنگینی ئیستای سەرمایە لە ئیراندا ڕابماڵێت، هاوکات دەبێ ئەوە ڕۆشن بیت، بۆرژوازی بەهەموو ڕەوت و باڵ و لاباڵەکانیەوە چ لەناوخۆی ئیران و چ لەدەرەوەی ئیران، هەراسان و نیگەرانی شۆڕشی ئیستای جەماوەری ئیرانن. خەریکی خۆسازدان و هاوپەیمانیەتی بەستن و بەرە دروستکرنن. هەنگاوی کارا بۆ ئێستا و داهاتووی دوای ڕوخاندنی جمهوری ئیسلامی، لە ئێستاوەو لەناو دڵی ڕاپەڕینی ئێستادا بە گرتنە بەری نەریت و شێوازی نوێ و تەبا لەگەڵ شۆڕش و ڕاپەڕینی ئیستا دەست پیدەکات. ئیستا کاتی پیکهێنانی ڕیکخراوە کریکاری و جەماوەری و پیشەیەکانە، کاتی ئەوەیە لەهەر شار و شارۆچکەو ناوەند و کارگەو و گەرەکێک، کە دەسەڵاتی ئاخوندەکان هەڵپێچرا، یان هاوسەنگی هیز ڕێگا دەدات، دەسەڵاتی جەماوەری لە ڕێگای دەخالەتی ڕاستەوخۆی خەڵکەوە، لەو جێگایانە دابمەزرێت... ئەمە چ بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات و چ بۆ بیناکردنی هیزی بەرگری لەبەرامبەر پەلەقاژەی گەڕانەوەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان، هاوکاتیش بۆ ئاشنابوونی جەماوەری بە توانایی و ئەلگۆ دەسەڵاتداریتی خۆیان، لەبەرامبەر بەهەوڵی هیزە بۆرژوازییەکان، کە ئەوانیش دەیانەوێت ئەلگۆی دەسەڵاتداریتی خۆیان و بەدیاریکراوی و لەباشترین حاڵەتدا بەرگری لە ئەلگۆی دیموکراسی بۆرژوایی، بەدەستەوە دەگرن. ئەلگۆیەک کە لەهەموو گۆشەو کەنارێکی دنیادا شکستی خۆی نیشانداوە ڕووبەڕووە لەگەڵ نارەزایەتی جەماوەری.

بنیاتنانی دەسەڵاتی لەخوارەوەی جەماوەری لەهەر جێگا و شار و ناوەند و کارگەو گەرەکێک، و بەکورتی دامەزراندنی دەسەڵاتی پشت بەستوی جەماوەری، چ لە ئاستی ناوخۆدا ئیرادەی جەماوەری نوێنەرایەتی دەکات و لە ئاستی وڵاتانی ناوچەکەشدا، دەتوانێت پشتیوانی و هاوکاری بۆخۆی دەستەبەر بکات.

گومان لەوەدا نییە دەستبردن بۆ کۆنترۆڵی محەلات و شارەکان، بۆ جێگیرکردنی دەسەڵات لەجێگای دەسەڵاتی ڕاماڵراو و بەدەستەوە گرتنی ئەلگۆی نەریتی کۆبونەوە گشتیەکان و بنیاتنانی شوراکان بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی دەسەڵات و ڕاگەیاندنی ماف و سەنەدی دەسەڵاتداریتی و خستنەڕووی چۆنیەتی بەڕیوەبردنی کۆمەڵگە و بەرگری لە دەستکەوتەکانی شۆڕش و ڕاپەڕین و سەنگەر لێدانی پتەو لەبەرامبەر بە هەوڵی و مانۆر و پلانی هیزە بۆرژوازییەکان، کە لە پشتیوانی مادی و وڵاتانی دژە شۆڕشی بۆرژوازی بەهرەمەندن، کاری هوشیارانەو ڕیکخراو ئامانجدارانەی حزب و ڕیکخراوە چەپ و کۆمۆنیستەکانە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بزوتنەوەی رامالین و روخاندنی دەسەلاتی ئاخوندەکان، پایە چینایەتیەکەی و خواست و داواکارییەکانی، تا دەگاتە نەریت و شیوازی خەباتەکەی، ئاسۆی زاڵ بەسەریدا... چەپی و هیزە کاراکەی چینی کریکار و جەماوەری بیبەشە، ئەمەش ماتریالی شیاو و گونجاوە بۆ زاڵکردنی ئاسۆی سۆشیالیستی بەسەر شۆرشی ئیستاو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئازادی سۆشیالسیتی و هاوکات مەلزوماتی دەخالەتگەری چەپ و کۆمۆنیزمە. ئەگەر کۆمۆنیزمی پراکتیکی، ئامادەی ئەم نەبەردە نەبێت و لە ئیستاوە بەشیکی کارای نەبیت، بۆ رابەریکردن و ریکخستن و سازدان و وەلامدانەوە بە ریگریەکانی، بەکردەوە مەیدانی نەبەردی بەردەوامی ئیستا دەسپیریت، بە بۆرژوازی و هیزەکانی، تا شۆرش بەئاقاری بەرژەوەندی خۆیان و دامەزراندنی دەسەلاتیان بدزن...

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ئێران.. وەک یوگسلاڤیای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست




**بورهان یاسین**

**ئەمەی سەرەوە ناونیشانی دوا بابەتمە کە هەر ئێستا لە ماڵپەڕی کەسییمدا بڵاوبۆتەوە. لە خوارەوە پەیوەندی (لینکەکەی) دادەنێم.**

**بۆ ئاشنا بوون بە ئاراستەی گشتی بابەتەکە، لێرەدا چەند دەقێکی وەرگیراو لە بابەتەکە دەخەمە پێش چاوی بەڕێزتان. لە پێشەکی بابەتەکەدا هاتووە:**

*** گیان لەدەستدانی کچە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژینا (مەهسا) ئەمینی لەژێر ئەشکەنجە نزیکەی سێ هەفتە بەر لە ئێستا، بە پەیوەندی لەگەڵ دەستگیرکردنی لە تەهرانی پایتەختی ئێران، بوو بە ئەو پریشکەی کە ڕاپەڕینی کورستانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێرانی دژی دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە تەقاندەوە.**

**ئەگەر چی ئێمە لە ئێستادا نازانین ئایا ئەم ڕاپەڕینە دەبێتە هۆی کەوتن و کۆتایی یەکجارەکی ڕژێمی ئێران، بەڵام ئەوەی**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر ئێستا گرنگە پەنجەی بخرێتە سەر ئەوەیە کە "ڕۆخی" کوردی بوو بە ناوەندی هەڵگیرسانی بزاوتێکی ناڕەزایی سەرتانسەری لە گشت ئێراندا. جگە لەوەش لە ماوەی ٤٣ ساڵی فەرمانڕەوایی ڕژێمی ئێراندا ئەمە یەکەم جارە ناڕەزاییەتەکان ئەو قەوارەیە لە رووی بەشداری شار و شارۆچکەکان و ناوچەکانی ئێران بە خۆوە ببینێ و یەکەم جاریشە بەم رادەیە لە جدییەت ناڕەزایەتییەکان لە سەرکەوتنی کۆتاییەوە نزیک ببنەوە. ئەمە گرنگیی خۆی هەیە، بە تایبەتی ئەگەر ئەم رووداوانە لە داهاتودا بە کەوتنی ڕژێم تەواو ببن، ئەوا دەکرێ کوردستان لە ڕۆخێکی ستەملێکراو ببێتە ناوەندێکی گرنگ کە لەوێوە گۆڕانی مێژووی ئێران دەست پێ دەکات؛ یا هەرنەبێ ئەم رووداوانە هەر زوو بوونەتە هۆی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوازێکی تازەوە بکەوێتە سەر نەخشەی جوگرافیای سیاسی ئێران؛ تەنانەت دەشکرێ ئەم رووداوە ببێتە هۆی ئەوەی کە لە دیدی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیشەوە خوێندنەوەیەکی جیاوازتر بۆ پێگە و جێگەی کورد لە ئێران بکرێ، هەر وەک چۆن پێشتر بە هۆی چەند رووداو و پێدراوێکەوە گۆڕانکاری لە جێگە و پێگەی نێودەوڵەتی کوردانی ڕۆژئاوا و باشوری کوردستاندا روویداوە، کە هەڵبەتە گرنگترینییان شەڕی داعشە!"

* لە ناواخنی بابەتەکەدا هاتووە:

١- فراوانبوونی خۆپیشاندانەکان هێشتان، بە هەر حاڵ لە ئێستادا، نەگەیشتوونەتە ئەو رادەیەی کە راستەوخۆ ببن بە مەترسی یەکلاکەرەوە لەسەر ئاسایشی ڕژێم. راستییەکی گرنگ ئەوەیە کە دەسەڵاتی ناوەندی لە تەهران لە ڕۆخەکانەوە ناڕوخێ؛ کەواتە تا خۆپیشاندانی بەرفراوان لە تەهرانی پایتەخت روونەدەن، ئەستەمە بتوانین باس، هەڵبەتە لە ڕێگای خۆپیشاندانەوە، لە یەکلابوونەوەی چارەنووسی ڕژێم بکەین؛

٢- رەهەندێکی گرنگی ئەم رووداوانە ئەوەیە کە فرەچەشنی و فرەڕەنگی ئێتنی و نەتەوەیی تا رادەیەک رەنگی داوەتەوە لە رووداوەکاندا، بەڵام هێشتان زووە باس لەوە بکەین کە زۆرینەی ئەم ئێتنییە و نەتەوانە لە خەباتێکی مەدەنیانەی ئاراستەکراو وە بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە رۆڵی خۆیان دەگێڕن. لەم بارەیەوە هەڵوێستی ئازەرییەکان دەکرێ یەکلاکەرەوە بێت، چونکە ئازەرییەکان، جیا لە کورد، عەرەب و بەلوچ، بەشێکی زۆر گرنگ لە دەسەڵات و قودرەتی ئابووری، لەشکری و بیرۆکراتی ڕژێم پێکدەهێنن. دەکرێ ئەم جیاوازییە بۆ چرکەساتی یەکلاکەرەوەش زۆر گرنگ بێت؛

٣- ئەگەر چی ئەستەمە کەس بە شێوەیەکی براوبڕ بتوانێ پێشبینی رووداوەکانی داهاتو بکا، بە تایبەتی چارەنووسی ڕژێم، بەڵام ئێمە هەر نەبێ دەتوانین باس لە ئەگەر و سیناریۆکان بکەین.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بۆ باسکردنیش لە ئەگەر و سیناریۆکان دەکرێ، یا راستتر بڵێین پێویستە، ئاگاداریمان لە مێژووی سەد ساڵی دوایی (واتە لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردووەوە تا ئێستا) یارمەتیدەرمان بێت... هەروەها رووداوەکانی جیهان لە سی و دوو ساڵی رابردوودا، هەر لە هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت و یۆگسلاڤیای پێشوو تا دەگاتە شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی و ئەزموونی عێراق لە فیدراڵیزم، دیسان یارمەتیدەرن."

* لە دەرەنجامی بابەتەکەدا هاتوە:

ئەم بابەتە هەوڵیداوە تێگەیشتنێک دەربارەی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بڕەخسێنێ لە رێگای تیشک خستنە سەر هەندێ رووداو و پرۆسەی مێژوویی و سیاسییەوە، لە چوارچێوەی پەیوەستێکی جوت-رەهەندیی (شاقوڵی و ئاسۆیی)یەوە. بە تایبەتی بابەتەکە، بە یارمەتی مێتودی سیناریۆ، هەوڵیداوە تێگەیشتنێک بۆ ئەو ئەگەرانە فەراهەم بکات کە لە پێشەوەمانن. هەرچەندە لەم باسەدا سێ ئەزموون (واتە دارمانی یەکێتی سۆڤیەت و هەڵوەشانەوەی سیستمی وڵاتانی سۆسیالیستی، پارچە پارچەبوونی یوگسلاڤیا و ئەزموونی دارمانی عێراق لە ٢٠٠٣ و لێکەوتەکانی بۆ باشوری کوردستان) یارمەتیدەرمانن بۆ تێگەیشتن لە رووداوەکان و خەمڵاندنی هەندێک سیناریۆ. بە هەرحاڵ فۆکەسێکی زیاتر لەسەر بەراوردە لە نێوان حاڵەتی ئێران و یوگسلاڤیا.

فرەنەتەوەبوونی ئێران یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە ئێرانی لە دەوڵەتێکی مۆدێرنەوە (یا دەوڵەت-نەتەوە)وە کردووە بە یەکەیەکی سیاسی کە زیاتر لە ئیمپراتۆریەت بچێت تا دەوڵەت - نەتەوە، چونکە یەکێک لە خەسڵەتە سەرەکییەکانی سیستمی ئیمپراتۆری فرەنەتەوەییبوون و فرەناوچەبوونە. بەم واتایەش ئەوە بەس نییە کە ژمارەیەک نەتەوە لە ئێران هەبن بۆ ئەوەی ئەو وڵاتە بکەن نە ئیمپراتۆریەت، بەڵکو گرنگی ئەم بوونە بۆ یەکلاکردنەوەی دوارۆژی ئەو وڵاتە لەوەدایە کە زۆرێک لەو نەتەوانە خاوەنی خاک (ناوچەterritory — ی خۆیانن. بە تایبەتیش ئەم فاکتەرە بەهێزتر و کاریگەرتر دەبێت کاتێک، بە پەیوەندی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندی، ناوچە رۆخیی یا دەوروبەرییەکان (peripheral territories) خۆیان وەک داگیرکراو دەبینن و دەسەڵاتی ناوەندیش وەک داگیرکار. فرەنەتەوەییبوون یەکێکە لە پێدراوە گرنگەکان کە دەتوانێ، زوو یا درەنگ، دوارۆژی ئێران دیاریبکات، هەروەک چۆن فرەنەتەوییبوونی یوگسلاڤیا، لە دوای کۆتاییهاتنی جەنگی ساردو دارمانی سیستم و بلۆکی سۆسیالیستی، لە پێش هەموشیانەوە دارمانی یەکێتی سۆڤیەت، کۆتایی بە بوونی ئەو وڵاتە هێنا. دواجار ئەم وڵاتە بوو بە ٨ پارچە.

جگە لە فرەنەتەوەییبوون و فرەناوچەیی‌بوون، وەک خەسڵەتی سیستمی ئیمپراتۆری، ئێران بەردەوام کاری بۆ فراوانخوازی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کردووە. ئەمەش وایکردووە ئێمە بگەین بەو دەرەنجامەی کە ئەگەر یەکێتی سۆڤیەت لە دە ساڵی کۆتایی تەمەنی خۆیدا یەک دانە ئەفغانستانی لێ بووبێ بە بارگرانی، بە تایبەتی لە رووی ئابوورییەوە، ئەوا ئێران ساڵانێکە، لە چوارچێوەی پاوانخوازی و هەژموونخوازی ئیمپراتۆریدا، ژمارەیەک "ئەفغانستانی" لێبۆتە بارگرانی. لە راستیدا نەک هەر لە رووی ئابوورییەوە، بەڵکو لە رووی سیاسی، دیپلۆماسی و ئاسایشی نشتمانیشەوەشە ئەم فراوانخوازییە بۆی بووە بە کێشە و بارگرانی. ئەم حاڵەتە وایکردووە کە لە بوونی ئێراندا دژایەتییەک بە توندی کاریگەری بخاتە سەر ستراتیژی رێکخستنی فەزای کۆمەڵایەتی و نەتەوەیی ئەم وڵاتە: لە لایەکەوە ئێران وەک "دەوڵەت - نەتەوە" لەسەر نەخشەی سیاسی و لە هەناوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بوونی هەبووە، کەچی لە لایەکی ترەوە نەک هەر زۆرێک لە خەسڵەتەکانی ئیمپراتۆریەتی تیادا هەبووە، بەڵکو بە هۆی سیاسەتی فراوانخوازی و هەژموونخوازی وەک ئیمپراتۆریەتیش دەرکەوتووە: ئەم حاڵەتە لە دژایەتی دەکرێ لە دوور مەودادا ئەم وڵاتە کلۆڵ بکات و بیخاتە بەردەم حاڵەتی دارمان و دووچاری هەڵوەشانەوە ببێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ڕوانگە و ڕەخنە – ڕێکەوتی: ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# دەمی ڕاپەڕینە



**عەلی بداغی**

کۆماری ئیسلامیی ئێران جارێکی دیکە بۆ چارەسەری ئەو پرسە سەرەکییانەی لە خۆی کردوونی بە بارێکی قورس و قەیران لەسەر قەیران کەڵەکەی کردوون، پەنای بۆ مووشەک و چەک بردەوە. ڕێژم لە نێوخۆی وڵات خەڵکی مافخوازی ڕاپەڕیو دەداتە بەر ڕێژنەی گوللە و، مووشەک لە حیزبە سیاسییە کوردەکان دەگرێت و سوورە لەسەر ئەو سووڕی باتڵەی کە دواجار دەبێ سەری لەسەر دابنێت.

٦ی ڕەزبەری ئەمساڵ هەروەک ڕووداوەکەی چوار ساڵ لەوەپێشی ١٧ی خەرمانان و لە کاتێکدا پتر لە ئەوکات قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکان ئەوکیان گرتبوو، بەدرەوشتانە و دوور لە هەر چەشنە پرەنسیپێکی ئەخلاقی و ڕەچاوکردنی یاسا و دەروەستییە نێودەوڵەتییەکان تەنانەت لەبەرچاوگرتنی یاساکانی شەڕ، بە دەیان مووشەکی بالستیک و دڕۆنی خۆتەقێن، بنکە و بارەگاکانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی کردە ئامانج. کۆماری ئیسلامی بەو کارەی پێشانی دا کە چەندە بزووتنەوەی سیاسیی کورد بە هەڕەشە و مەترسییەکی جیددی لەسەر خۆی دەزانێ و چەندە لە کوردستان وەک قەڵایەکی خۆڕاگری ئیلهامدەری خەبات بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران زراوی چووە. ئەمەش لەخۆڕا نییە، بەسەرهاتی ژینا ئەوەمان پێ دەڵێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

مەرگی ژینای کورد و بەخاوەنکردنی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە گڕکانێکی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگەی ئێراندا وەڕێ خست. ڕاپەڕینێک کە لە کوردستانەوە بە مانگرتن دەستی پێ کرد و مانگرتنێک کە حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان بانگەوازیان بۆ کردبوو. مانگرتنێک کە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە گەیشتە فۆڕمی ڕاپەڕین بە دروشمێک کە لە کوردستان لەدایک بوو، و زۆر زوو لە "ژن، ژیان، ئازادی"یەوە تێپەڕی و تەواوەتیی کۆماری ئیسلامیی کردە ئامانج. واتە ڕاستە کە کوشتنی ژینا و پرسی ژن و ماف و ئازادییەکانی تەوەر و پێکهێنەری سەرەتای ڕاپەڕینەکە بوون، بەڵام دەمودەست نارەزایەتییەکان و ڕاپەڕینەکە شوناسێکی تەواو سیاسی و گشتیی لەدژی کۆماری ئیسلامی وەرگرت و کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوە لە کورد و لە حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکرات و لێکەوتەکانی دەزانێ. چونکی وەک دوژمنی کارامە زۆر باش لە ڕەگ و ڕیشەی پتەو و زیندووی حیزبی دێموکرات لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات و کاریگەریی گوتاری و تەشکیلاتیی ئەو حیزبە لەسەر وەگەڕخستنی هەرچی زیاتری زەرفییەتی خەباتگێڕیی خەڵکی کوردستان شارەزایە. مانگرتنە بەشکۆیەکەی ٢١ی خەرمانانی دوای مووشەکبارانی ١٣٩٧ی "قەڵای دێموکرات"یش کە هەر ئەمساڵ دوو جاری دیکەش مانگرتنی لەو چەشنە لە ڕۆژەکانی ٢٨ی خەرمانان و ٩ی ڕەزبەر لەسەر داوای حیزبی دێموکرات و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان وەڕێخرانەوە، زۆر باش تەعبیر لەو سەنگ و قورساییە دەکەن.

ڕاپەڕینەکەی ئێستاش کە لە هەموو مێژووی کۆماری ئیسلامیدا نموونەی نەبووە، ئاخێزگەکەی کوردستانە، ئاخێزگەیەک کە سرووشت و خسڵەتێکی دیکەی بەو نارەزایەتییانە بەخشیوە و دەتوانێ ببێتە خاڵگۆڕانێک لە مێژووی سیاسیی ئێراندا. وەک دەبینین پێچەوانەی سێ سەرهەڵدانی گەورەی پێنج ساڵی ڕابردوو، واتە بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨ و هاوینی ١٤٠٠ کە بزوێنەرەکەی "پرسی ئابووری" و "خەمی نان" و "بێئاوی" بوون، ئەمجارەیان ئەوە "ماف" و "کەرامەت"ی مرۆییە کە پێشێلکردنەکەی خەڵکی هێناوەتە سەر شەقام. پرسێکی سەرەکی کە کورد پتر لە چوار دەیەیە خەباتی بۆ دەکا و خوێنی بۆ دەدات. سەرەتاییترین ئاکامگیری لەو فاکتەرە ئەمەیە کە کێشەکانی بەردەم کۆماری ئیسلامی بەولاوەتر لە قەیرانی ئابوورییە و تەنانەت چارەسەری قەیرانگەلی ئابووریش دادی ڕێژیم نادا، چونکی خەڵک ئیدی ماف و ئازادییەکانی خۆیان دەناسن و دەیانەوێ و بۆ دەستەبەری ئەو مافانەش هاتوونەتە مەیدان و ئامادەن هەموو تێچوویەکیشی بۆ بدەن.

ئەم ڕاپەڕینە خسڵەتێکی بەرچاوی دیکەی پڕکردنەوەی درزێک بوو کە لە چوار دەیەی ڕابردوو ڕێژیم ویستوویەتی لەنێو پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئێراندا دروستی بکات. کوردستان لە هەموو ماوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا زۆرترین قوربانیی بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ڕێژیم، خەبات لەپێناو ئازادی و دێموکراسی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتییەکانی خۆی داوە. زۆرترین سەرکوت و کوشتوبڕ، تێرۆری ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و ئێعدامی بەندکراوە سیاسییەکان، سیاسەتی پەراوێزخستنی ئابووری و شەڕی نەرم بۆ تواندنەوەی زمان و شوناسی نەتەوەییش، بەشێکی کەم لە پشکی دەسەڵاتی کۆماری



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئیسلامی بۆ کوردستان بووە. بەڵام ئەمە یەکەمجارە کە جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کورد خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش دێنێتە سەر خەت و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. ئەو هاوپەیوەندییە کە لە هاوخەمی، تێگەیشتنی قووڵ و نوێ لە هاوچارەنووسی و، پێویستیی هاوخەباتییەوە سەرچاوە دەگرێ؛ دەبێ بەرز بنرخێندرێ و ببێتە هەوێنی زۆر پلان و بەرنامەی سیاسی بۆ بەردەوامیی هاوخەباتی لە داهاتووشدا. کوردستان ئیدی بەتەنیا نییە و ئەو تێگەیشتنە زۆر بەهێز بووە کە بۆ کۆتاییهێنان بە تەمەنی ڕێژیمی سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی و چێکردنی وڵاتێکی دێموکراتیک کە دەستەبەری مافی نەتەوەیی هەموو جۆراوجۆرییەکان بکا؛ ئەشێ هەمووان دەست بدەنە دەستی یەکتری و دەرفەتەکان لەکیس نەدەن.

بۆیە ئەم ڕاپەڕینەی چەخماغەکەی لە کوردستان لێ درا و لە ئێستادا ئەو مەترسییەی لای ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی دروست کردووە کە بیری مافویستی و شوناسخوازی و خەباتگێڕی لە کوردستانەوە قووڵتر بۆ شوێنەکانی دیکە پەل باوێ، لە ڕوانگەی ئەوانەوە دەبوا بە لێدان لە دڵ و سەری بزووتنەوەی کوردەوە کپ و بێدەنگ بکرێ و لە پێ بخرێ. مووشەکتێگرتن و درۆنبارانی ٦ی ڕەزبەری بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات لەلایەن سپای پاسدارانەوەش هەر بۆ ئەو ئامانجە بوو.

بەڵام هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەی پێ کرا تۆ بڵێی ئەم ڕاپەڕینە بە مووشەکبارانی ئۆپۆزیسیۆن، کوشتاری بەلووچ، خنکاندنی زانکۆکان و ڕەشبگیری چالاکانی سیاسی و مەدەنی دادەمرکێندرێ؟ بێگومان نا. چونکی خەڵکی ئێران هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ گۆڕینی ئەو دۆخە لە بەردەمدا نییە. خەڵک هەموو شێوازەکانی خەباتی مەدەنییان بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ تاقی کردووە، بە بەشداری لە هەڵبژاردنەکان و دەنگدان بەنیازی گۆڕان، بە دروستکردنی دامەزراوە و کۆمەڵگەی مەدەنی، بە مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕین، بە وەڕێخستنی کەمپین و گرتنەبەری هەموو شێوازێکی پێشکەوتوو کە لە کۆمەڵگەیەکی گەشەکردوودا دەکرێ بکرێن، کەچی هەموو ئەوانە ئاسنی ساردکوتان بووە. هەموو ڕێگاکان بۆ ئاڵوگۆڕ گەیوەتە کوێرەکۆڵان و لەو سۆنگەیەوە کە حکوومەت لە شێوازی دەسەڵاتدارەتییەکەی بەردەوامە، تاکەڕێگا کە لە بەردەم خەڵک دەمێنێتەوە هەر سەرهەڵدان و ڕاپەڕینە. سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینەش لەگرەوی کۆمەڵە فاکتەرێکدایە: بەردەوامیی خۆپێشاندانەکان و یەکیەتیی بەکردەوە و هاوئاهەنگیی هەموو پێکهاتەکاتەکان، دروستبوونی یەکگوتاری و هاوئامانجی لە نێو ئۆپۆزیسیۆن بۆ ئەوەی ڕێبەریی ڕاپەڕینەکە بگرێتە دەست، پشتیوانیی دیاسپۆرا و کۆمەڵگەی جیهانی لەو ڕاپەڕینە گشتییە. ئەرکێک کە لەسەر شانی هەموو گۆڕانخوازان و مافویستان قورسایی دەکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# وانەکانی مانگی خەرمانان




**کامران ئەمین ئاوە**

لە ڕەوتی ڕووداوە سیاسییەکانی هەر وڵاتێکدا، حیزب یان کەسایەتییەکی سیاسی بەپێی کۆبەندی زانیارییەکان و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی نێوخۆیی و جیهانی و هاوسەنگی هێزە دژبەرەکان تێدەکۆشێ تاکتیک و شێوە خەباتی خۆی هاوئاهەنگ لەگەڵ ڕەوتی بزووتنەوەکە هەڵبژێرێ. بێگومان پێشبینیی ڕووداوەکان و هەڵبژاردنی شێوە خەباتێکی شیاو بەپێی فۆرمولەکانی بیرکاری، فیزیک و شیمیی یاخود یاسای "هەموو شت یان هیچ شت" لە فیزیۆلۆژیدا نییە، بەڵام هەڵسەنگاندنی هاوسەنگی و چنینمانی هێزەکانی دژبەر لە ئاستی کۆمەڵگە، ئاستی ئاگایی سیاسیی خەڵک و ڕادەی ڕێکخستنی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕێکخراوە جۆربەجۆرە سیاسی، پیشەیی و مەدەنییەکاندا، هەروەها چنینمانی هێزەکانی ناوچەیی و جیهانی و، بۆچوون و شێوەی هەڵسوکەوتی زلهێزانی دنیا لەگەڵ حکوومەتی دەسەڵاتدار و بزووتنەوەی خەڵکی نارازی و، تەیاربوونی بارودۆخی عەینی و زەینی و هتد، ڕۆڵێکی بەرچاو لە ڕەوتی خەباتی حیزبێکی بەرپرسیار دەگێڕێ. هەر لەم پێوەندییەدا دەکرێ هەڵسوکەوتی زۆربەی حیزبە کوردستانیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم دوایانەدا هەڵسەنگەندرێ کە بە دوور لە ئێحساس و زۆر ژیرانە هەڵوێستێکی بەڕێوجێ و سیاسییانەیان لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی پاش گیانبەختکردنی نەمر ژینا ئەمینی لە خەرمانانی ئەمساڵدا لە کوردستان و ئێران گرتەبەر.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

به درێژایی پتر له چوار دەیه دەسەڵاتداری حکوومەتی ئیسلامی ئێران و به تایبەتی له دەیەی ڕابردوودا ئێمە شایەدی بەرهەڵستی و دەربڕینی نارەزایەتی جەماوەری خەڵک له ئاستی ئێراندا بووین. هەرچەند له ساڵانی ڕابردوودا بەپێی بانگهێشتنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شایەدی چەندین مانگرتنی سەرکەوتووانە بووین بەڵام له بەشەکانی دیکەی ئێراندا، دەربڕینی نارەزایەتییەکان له سنووری چەند گەورەشاری ئێران دەرنەدەچوو و هەر بەم بۆنەیەش هێزەکانی سەرکوتکەری ڕێژیم به گرتن و کوشتنی بەشدارانی ئەو بزووتنەوانە، به هاسانی سەرکوتیان دەکردن. بەڵام، ئەم جارە بزووتنەوەی خۆبەخۆ و بەرهەڵستکارانەی ئێران و دروشمی بەڕێوجێ و شیاوی "ژن، ژیان، ئازادی" که کوردستان پێشەنگی بوو، هەموو ئێرانی تەنییەوە. دروشمەکە تەنانەت گەیشتە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران، تا ئەو ڕادەیەی ئەندام پەرلەمان، هونەرمەند، چالاکە سیاسیی و مەدەنییەکانی بیانیش له ئورووپا، ئەمریکا و ئاسیادا دووپاتیان کردەوە و، ژنە ئازادیخوازەکانیان به نیشانەی پشتیوانی و هاودڵی لەگەڵ ژنان و بزووتنەوەی سەرانسەریی گەلانی ئێران پرچی خۆیان دەبڕن و سەریان دەتاشن.

خەڵکی ئێران له هەر میللیەت و ئایینێک، وێرای بێ‌متمانە بوون به چاکسازیخواز و ئەوانەی پێیان وابوو له چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا دەتوانن بگەنە بەشێک له داخوازییەکانی خۆیان، یەکدەنگ و یەکهەڵوێست بۆ گەیشتن بۆ ئازادی و دێموکراسی ڕاپەڕیون و خوازیاری کۆتایی هێنان به دەسەڵاتی دیکتاتۆریی له ئێراندان. پەرەسەندنی نارەزایییەتییەکان و پشتیوانیی بەشێکی بەرچاو له نووسەر، هونەرمەند، وەرزشکار، پزیشک، مامۆستا و خوێندکاران و هتد لەم بزووتنەوەیە بۆتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێی حاکمانی وڵات.

حکوومەتی ئێران له هەموو ئەم ساڵانەدا بەپێی سیاسەتی "دووبەرەکی بنێوە و ئاغایەتی بکە!" خەڵکی ناکورد و بهتایبەتی ئازەرییە دراوسێیەکانی کوردستانیان بهبۆنەی جۆراوجۆر وەکو جیاوازیخوازی و مەترسی دەستدرێژیی کورد له بەشە خاکی ئەوان و هتد دژ به کورد هان داوە، بەڵام ڕووداوەکانی ئەم دواییانە وێرای هەموو پیلانەکانی ڕێژیمی تاران وەک ناردنی جاش به جلوبەرگی پێشمەرگەوە بۆ نێو خەڵک، بڵاوکردنەوەی وێنە و فیلمی کۆنی هاتنەوەی پێشمەرگە بۆ شارەکانی کوردستان و، تەنانەت موشەکباران و بۆمبارانی شوێنی ژیانی کوردەکانی ڕۆژهەڵات له باشووری کوردستان نەیتوانی ببێتە هۆی حەرەکەتێکی ناشیاو و ناوەخت لەلایەن حیزبە کوردستانییەکانەوە.
کوماری ئیسلامی بەم هیوایە بوو و هەیە له ساتێکدا هێزێکی گەورەی جەماوەری لەسەر شەقامەکاندایە، حیزبە کوردستانییەکان به ناردنی هێزی چەکدار بۆ نێو شار و گوندەکانی کوردستان بکەونە نێو ئەو داوەی که حکوومەت خوازیاریەتی هەتا به بیانووی بەرگری له خۆی و هێرشی هێزی چەکداری کورد ڕەوتی بزووتنەوەی مەدەنی بخاتە قۆناخێک که بتوانێ باشتر و هاسانتر سەرکوتی بکات و له گۆمی خوێنی هەڵکێشێ.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەخۆشییەوە کرداری ژیرانەی حیزبە کوردستانییەکان وێرای ئێش و ئازاری گەورەی لەدەستدان و برینداربوونی دەیان کەس لە قووڵایی خاکی باشوری کوردستان کاردانەوەی باشی بۆ کورد و کاردانەوەی نەرێنیی لە ئاستی جیهاندا بۆ حکوومەتی تاران خوڵقاند. بانگهێشتنی خەڵکی کوردستان لەلایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەوە بۆ مانگرتنی سەرانسەری لە کوردستان و سەرکەوتووبوونی هەر دووجارەی ئەم خەباتە مەدەنییە پیشاندەری ئاستی ئاگایی خەڵکی کورد و نوێنەرانی سیاسیی ئەم گەلە و هەبوونی ڕیشەی ئەوان لە ئەردی کوردستانە. ئەم حەرەکەتە سەرکەوتووەی کورد لە کوردستانی ئێران بوو بە هۆی چوونە سەرەوەی شوێن و پێگەی کورد و ڕێکخراوەکانی لەسەر ئاستی ژوور و دەرەوەی ئێران. نوێنەری سیاسی کورد نیشانی دا کە پووختەیی و ژیریی ئەوان بۆ بەکارهێنانی چەکی خەباتی مەدەنی و کۆمەڵایەتی ئەگەر بەرزتر لە چەکی گەرم نەبێ کەمتر نییە و لەم گۆڕەپانەدا دەتوانێ ڕۆڵێکی بە هێز و کاریگەر بگێرێ.

سیاسەتی درووستی حیزبە کوردستانییەکان و ڕۆڵی بەرچاوی کورد لەم بزووتنەوەیەدا بوو بە هۆی تەنانەت پێداچوونەوەی بەشێک لە حیزب و کەسایەتییەکانی ئێرانی لە پێوەندیی لەگەڵ کوردو، بێگومان هێزە سەرانسەرییەکان ئەوەشیان بۆ وەدەرکەوت، لە بەیانیی پاش ڕووخانی حکوومەتی ئیسلامیدا کورد فاکتۆرێکی گەورەیە و ناکرێ مافی نەتەوەیی ئەوان لەبەرچاو نەگیرێ.

خەباتی کورد چ ئێستا و چ پاش ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە مافی چارەی خۆنووسین ڕەوتێکی ساکار و بێلەمپەر نییە. هێزی پاوانخواز و باوەڕمەند بەوەی پێدانی تەنانەت مافی خودگەردانیش دەتوانی ببێتە هۆی پارچە پارچە بوونی ئێران لە نێو بەشێکی بەرچاو لە هێزەکانی ڕاست و چەپی ئێرانیدا جێگیر بووە، بەڵام شێوەی دروستی خەباتی نوێنەرانی سیاسی کورد، کاری ڕێکخستن و بردنە سەرەوەی ئاستی ئاگایی نەتەوەیی -سیاسی و فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی کورد و، بە گشتی یەکیەتیی نەتەوەیی کورد، پێکهێنانی بەرەیەکی بەرفراوانتر لە هێزە سیاسی و کەسایەتییە سەربەخۆکانی کورد و هاوکاری و خەباتی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی ئێرانی دەتوانێ دەورێکی بەرچاو لە ڕەوتی خەباتی ئێستا و داهاتووی کورد لە ئێراندا بگێرێ.

کورد بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی خۆی پێویستی بە یەکیەتی لە ماڵی خۆی و یەکیەتی و هاوکاری لەگەڵ ئەو هێزانە لە ئێران هەیە کە لە بەرەی ئازادی و دێموکراسیخوازیدا باوەڕیان بە چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی لە ئێران هەیە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## توانای مووشەکیی کۆماری ئیسلامی و پێگەی حیزبی دێموکرات!



**عومەر باڵەکی**

لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا شەقامی شارەکانی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بوونە چەقی ململانێی نێوان خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە چەنگ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەلایەک و هێزە سەرکوتکەرەکانی ئەو نیزامە لەلایەکی دیکە. ئەو نارەزایەتییانە بە بڵاوبوونەوەی کوشتنی حکوومەتیی کچە کوردێک لە تاران بە ناوی ژینا ئەمینی لە سەردەستی پۆلیسی "گشت ارشاد" دەستیان پێ کرد.

کوشتنی ژینا ئەمینی بەپێی هەموو پێوەرەکانی یاسایی "قەتڵی حکومەتی"یە، چونکە ئەو تیمەی لەژێر ناوی پۆلیسی ئەخلاق (گشت ارشاد) بە شەقامەکانی تاران و ئێراندا دەخولێنەوە و کچ و ژنان بە بیانووی ڕەچاونەکردنی "حیجاب" دەسبەسەر دەکەن، خۆیان بەپێی نێوەرۆکی یاسا و ڕێسای بنەڕەتیی ئێران ناقانوونین و لە هەمان کاتدا لە هیچ بڕگەیەک لە یاساکانی بەردەست لە ئێراندا "حیجاب" واتا ڕووپۆشی ژنان پێناسەی بۆ نەکراوە کە بگوترێ و بنووسرێ مەبەست لە "حیجاب" ئەو خاڵانەیە. هەرچەند بەپێی عورف و شەرعیش ناتوانرێ پێناسەیەکی وا گشتگیر بۆ "حیجاب" بکرێ، چوونکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، جیاوازیی دابونەریت و تەنانەت شێوازی تێڕاونین بۆ دین و ئایینییان تێدا بەڕوونی بەرچاو



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

دەکەوێ، بۆیە هیچ یاسادانەرێک ناتوانێ بۆ ئەو بابەتانەی پێوەندییان بە دابونەریتی کۆمەڵگە جیاوازەکانەوە هەیە لە یەک بڕگەی قانوونیدا جێگایان بۆ بکاتەوە و چاوەڕوانیی هەبێ کە خەڵکیش ڕەچاوی ئەو قانوونانە بکا و پەسندیان بکات.

لەو قۆناخەی مێژووی ئێراندا خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئەم جوغرافیا پانوبەرینە بە چەندین نەتەوەی جیاوازەوە کە ماوەی ٤٣ ساڵە بە دەست سەرکوت و زوڵم وزۆرداری دەزگای ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامییەوە دەناڵێنن، مەرگی ژینا بوو بە چەخماخەی ڕاپەرینی سەرانسەری لە نزیک بە تەواوی شار و شارۆچکەکانی ئێران، کە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ڕاپەرینە جەماوەرییەدا وەک هەموو کات ئاوانگارد و پێشەنگ بووە.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە سەرەتاکانی ئەو ڕاپەرینە جەماوەرییە وەک جارانی پێشوو هەوڵیان دا لە ڕێگای دەزگای پروپاگەندە و تەبلیغی خۆیانەوە ریزی گەلانی ڕاپەریو لە زوڵم و زۆری درز وکەلێنی تێ بخەن و بە بیانووی نەتەوە و مەزهەبی جیاواز تەفرەقە و دڕدۆنگی بخەنە نێو ریزی تاکەکانی گەلانی ئێران. بەڵام بەخۆشیەوە بە هۆی تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی کۆمەڵگەی ئێران بەگشتی، کۆماری ئیسلامی نەیتوانی لەو پیلانەدا سەرکەوتن بەدەست بێنی و کورد، ئازەری، بەلووچ، فارس، عەرەب و ئایین و ئایینزاکانی جۆراوجۆر بەیەک دەنگ و بێ جیاوازی کەوتنە پشتگیریکردنی یەکتر و ئەو یەکگرتووییە بە تەواوی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تەنگەتاو کردووە. ئەوجار هێزەکانی سەرکوت هاتنە مەیدان و بە پێچەوانەی هەموو یاسا و ڕێسایەک بەتوندترین شێوە بەگژ خۆپێشاندەراندا چوونەوە و بە تەقەی ڕاستەوخۆی چەکی گەرم، گازی فرمێسکرێژ، ئاوی کوڵیو و هەموو کەرەسەیەکی سەرکوت و داپڵۆسین دەستیان لە هیچ کەس نەپاراست و شەقامەکانی ئێران و کوردستانییان کە بە شێوەیەکی هێمنانە و ئاشتیخوازانە لەسەر شەقامەکان بوون، بە خوێن سوور کرد و هیچ ڕێگایەکیان بۆ خەڵکی ناڕازیی سەرشەقام نەهێشتۆتەوە بێجگە لەوە کە بە دەستی بەتاڵ و تەنیا بە دار و بەرد و مشت بەرگری لە خۆیان بکەن. خاڵی جێی سەرنج ئەمەیە هەتا پەرچەکرداری هێزە ئەمنییەتی و سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی توندوتیژتر دەبێ، هەڵوێستی خەڵکی ڕاپەریویش لە ڕووبەڕووبوونەدا توندتر و ڕادیکاڵتر دەبێ و تەنانەت حەشیمەتی ڕاپەریویش زیاتر دەبن.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا هەموو کات هەوڵیان داوە قەیرانەکان بە خوڵقاندنی کێشە و ئاڵۆزی چارەسەر بکەن و لە هەمان کاتدا گەلانی ئێران لە دوژمنی دەرکی بترسێنن، بەتایبەتی لەکاتی تەنگانەی وەک ئێستایاندا دەنگۆی جیابوونەوە و مەترسی لە سەر تەواوییەتی ئەرزی ئێران بڵاو دەکەنەوە و تەنانەت وەک پاساو بۆ هێرشی مووشەکی و درۆنی بۆمبڕێژکراو بۆ سەر شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبەکانی



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە کاری بێنن. ئەوە لە حاڵێکدایە بە قسەی خۆیان سپای زەفەرمەندی پاسداران! زیاتر لە ٣٠ ساڵە حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی مونحەل و تەفروتونا کردووە و ئاسەواری لێ نەهێشتۆتەوە و بە دروستکردنی دەیان فیلم و سریال و کتێب و بیرەوەری پڕ لە درۆ و دەلەسە باس لە جێگەوپێگەی نەبووی خۆیان لە کوردستان دەکەن. بەڵام لە ماوەی چوار ساڵدا سپای پاسداران -باڵی نیزامیی کۆماری ئیسلامی- دوو جار بۆ لێدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات هەموو یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتییەکانی لەژێر پێ ناوە و بە پێشکەوتووترین چەکی سەردەم کە تەنیا لە شەڕی سپای نێوان دوو دەوڵەتی دژ بەیەک بەکار دەبرین، شوێنی نیشتەجێبوونی بنەماڵەی کادر و پێشمەرگەی ئەو حیزبانە دەکاتە ئامانج. هەر ئەوە خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە جووڵانەوەی میللی دێموکراتیکی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە درێژایی ئەو سەدەیە لە ئارادا بووە ویستی کۆمەڵگەی کوردستان بووە و حیزبەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕێبەرایەتییان دەکا، ئەو ڕاستییە ئەوکاتە زۆر خۆی دەردەخا ڕێبەران و فەرماندەرانی سپای پاسداران بەئاشکرا لە لێدوانەکانی خۆیاندا دەڵێن، خۆپێشاندان و ڕاپەرینی ئەوجارەی گەلانی ئێران کە دەستپێکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو، بە هاندانی حیزبە سیاسییەکان بووە. بە واتایەکی دیکە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوایان لە خەڵکی کوردستان کردووە کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی بە کوشتنی ژینا ئەمینی بڕژێنە سەر شەقامەکان و دەنگی نارەزایەتی بە ڕادەیەک بەرز بکەنەوە بە گوێی هەموو گەلانی ئێران و جیهان بگا. لەوەدا ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی هەڵەیان نەکردووە کە ناوەندەی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی ئێران داوایان لە خەڵکی کوردستان و ئێران کردووە نارەزایەتی خۆیان بەو کردەوە قێزەونە و دوور لە هەموو پێوەرەکانی ئینسانی دەرببڕن، ئەوەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی تێیدا ناڕاستن و نایانهەوێ دان بەو ڕاستییە دابنێن ئەوەیەکە دوای ٤٣ ساڵ بەو هەموو کوشتن و تیرۆر، ئێعدام و دەسبەسەرکردن و داسەپاندنی شەڕ بەسەر کوردستاندا نەیتوانیوە لە کوردستان دەسەڵاتی سیاسیی خۆیان بسەپێنن و لە بواری ئەمنییەتییەوە سەقامگیر بن لە هەمان کاتدا جێگە و پێگەی حیزبە سیاسییەکان لەنێو کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لاواز بکەن.

هەروەک پێشتر باس کرا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیان هەر کاتێک لە نێوخۆی ئێران تووشی قەیران بووبن، هەوڵیان داوە بە خوڵقاندنی کیشە و ئاڵۆزی و ئاژاوە لە دەرەوەی سنوورەکان بیروڕای گشتی ئێران بۆ لای ئەو قەیرانە دەستکردانە ڕاکیش بکەن. لەو قۆناخەدا کە کۆمەڵگەی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانی زیاتر لە بیست ڕۆژە بەدژی تەواویەتیی کۆماری ئیسلامی هاتوونەتە سەر شەقامەکان و بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" پایەکانی ئەو نیزامەیان وەلەرزە خستووە، حاکمانی تاران بە جێگای ئەوەی گوێ لە قسەی خەڵک بگرن و ویست و داخوازییە ڕەواکانیان وەدی بێنن، لە لێدوان و قسەکانیان خەڵکی ڕاپەڕیو بە یاخی و گێرەشێوێن و دوژمنی دین و دنیا ناویان دەبەن و فەرمان بە هێزی سەرکوتکەر دەدەن بە توندترین شێوە بەرەنگاری خەڵکی مافویست و ئازادیخواز ببنەوە، لەگەڵ ئەو سەرکوتە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بێبەزەیانەی خەڵک، دامودەزگای ئەمنی و پۆلیسی کۆماری ئیسلامی لە پڕۆپاگەندەی خۆیاندا هەوڵیان داوە ئەو ڕاپەرینە جەماوەری و سەرانسەرییە بە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە تایبەتی ئیسرائیل و ئەمریکا ببەستنەوە و بە بیانووی ئەوە کە حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەیانهەوێ تەواویەتیی ئەرزی ئێران بخەنە مەترسییەوە هێرش دەکەنە سەر بنکە و بارەگاکانیان کە ئەم قسە و باسانە بەتەواوەتی لای هەموو لایەک سواویتنەوە و کەلکیان نەماوە و ڕاستییەکان لای خەڵک ڕوون و ئاشکران. بە قسە و لێدوانە فەرمییەکانی فەرماندەرانی سپای پاسداران لەو هێرشانەدا زیاتر لە حەفتا مووشەکی دوورهاوێژ و درۆنی خۆتەقێن کەڵکی وەرگرتووە و بە خەیاڵی خۆی هەر وەک چوارساڵ لەوە پێش کە لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧بە حەوت مووشکی بالستیک و دەیان هێرشی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان هێرشی کردە سەر بنکە و بارەگا و شوێنی نیشتەجی بوونی ژن ومندالانیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەوەستێنێ، بەڵام دیتمان هەم ئەوکات لە ٢١ی خەرمانان و هەم ئەم جارە لە ٩ی ڕەزبەر خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان بە گوڕوتینەوە پێشوازییان لە بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کرد و بە داخستنی دووکان و بازار و نەچوونەسەر کار، گشتپرسی "نا" بە کۆماری ئیسلامییان دووپات کردووە.

لەم دوو مانگرتنەدا و هەروەها مانگرتنی ٢٨ی خەرمانان بۆ مەحکوومکردنی کوشتنی ژینا ئەمینی بە سەرجەم دنیا نیشان درا بە هەموو ئەو سەرکوت و زەبروزەنگەی لە ماوەی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا دەزگای ئەمنی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان کردوویەتی و دەزگای تەبلیغی ئەو نیزامە هەوڵی داوە پێگەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە نێو بیروڕای گشتی خەڵکی کوردستان و ئێران لاواز بکا، سەرکەوتوو نەبووە بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕۆژ بە ڕۆژ هەستی نەتەوایەتی، نیشتمانپەروەری، خاک خۆشەویستی و گەلدۆستی لە گەشەکردندا بووە و هاوکات لەگەڵ ئەو گەشەکردنە پێگەی جەماوەریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بەربەرینتر و سەقامگیرتر بووە و ئەوە نیشانەی سەرکەوتنی خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە لە داوڕۆژێکی نزیکدایە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## نامەی پەیمان نوێکردنەوە یان دڵنەوایی‌دانەوەی دیوەزمەی دیکتاتۆڕ!



**شەمزین ئەحمەدنەژاد**

نامەی پەیمان نوێکردنەوەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ ڕێبەری کۆماری خوێن و سەرکوت، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە پرسی هەڵوەرینی هێز و درووستبوونی کەلێن لەنێو ئەرتەش و تەنانەت بەشێک لە کادرەکانی سوپای پاسداراندا تەنیا شەڕێکی دەروونی میدیا و ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی نییە و هەڵوەرین لە ئاستی سەرێی هێزە چەکدارەکانی ڕژیمدا، فازێکی زۆر جدیتری بەخۆیەوە گرتووە.

**بە سرنجدان بەو خاڵانەی خوارەوە:**

**یەکەم**. بڵاوبوونەوەی نامەی بەشێک لە ئاخوندەکانی حەوزەی عیلمیەی قوم کە باسیان لەوە کردبوو خامنەیی بە مەرجەعی ئیدۆلۆژیک و تەقلیدی خۆیان نازانن،

**دووهەم**. ئەگەر برێک دورتر بڕۆین بەو هەموو ئەو هێرشانەی موسادی ئیسرائیل لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا کردونیەتە سەر بنکە ئەتۆمی و موشەکییەکانی ڕێژیم و ئاشکرابوونی نفوزی قووڵی ئیسرائیل لەنێو فەرماندەکانی سوپای پاسداران،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**سێهەم**، گۆڕینی واتای سەرهەڵدانە جەماوەرییەکان بۆ شۆڕشێکی ڕووخانخوازانە و ترسی بوروکراسیی نیزامی ڕێژیم لە داهاتووی پاش ڕێژیم؛

ئەو نامەیە پێمان دەڵێ، دەگەڵ ئەوەی ڕێژیم بژیوی هێزی سەرکوتی خۆی لەنێو دوگمترین و گرێدراوترین وابەستە ئیدیۆلۆژیکییەکانی خۆی وەردەگرێ و هەتا ئێستەش ئەو کەمینەیە حکومەتی ڕاگرتووە، بەڵام بە جدیتربوونەوەی شۆڕش وەک هەموو شۆڕشەکانیتری جیهان، ئەوانیش پەنا بۆ "هەڵبژاردنی عەقڵانی"دەبەن و وا دەردەکەوێ پرۆسەکە دەستیشی پێکردبێ یان باشترە بڵەین جدیتر بۆتەوە.

لە لایەکیتر و بە بڵاوبوونەوەی ئەو نامەیە نابێ پێمان سەیر بێت ئەگەر لە ڕۆژ و حەوتووەکانی داهاتوودا کۆمەڵێک فەرماندە و کادری سوپای پاسداران بە تۆمەتی سیخوڕی بۆ دەزگای هەواڵگری وڵاتان بگیرێن و توندترین سزاشیان بەسەردا بسەپێندرێت. ئەمە بەرجەستەترین دەرهاویشتەی نامەی پەیمان نوێکردنەوەی، فەرماندەی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کە لە ڕاستیدا دڵنەوایی دانەوەی دیوەزمەی دیکتاتۆرییەتی "خامەنەیی" دەبێت.

لە کۆتاییدا قسەیەکی بەناوبانگی سەرنووسەری ڕۆژنامەی "الاهرام" میسر، حوسنێن هەیکەلتان وەبیر دێنمەوە کە لە چاوپێکەوتن دەگەڵ ڕۆژنامەیەکدا گوتی: کۆماری ئیسلامی ئەو تیرە بوو لە دڵی سەدەی شەشەوە لە دڵی سەدەی بیستویەک درا. قسەکەی هەیکەل درووست بوو، بەڵام شۆڕشی ڕووخانخوازانەی نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران، خەریکە ئەم هاوکێشەیە بەرئاوەژوو دەکاتەوە و دەتوانین بڵێین شۆڕشی ژینا و ژنان کە کوردستان وەکوو هەمووکات پێشەنگی ئەم بزاڤەیە، تیرێکە لە بڵێندایی سەدەی بیستویەکەوە لە دڵی ئەو سەدە فکریە دەدرێت کە ئاخێزگەی لەدایکبوونی کۆماری ئیسلامییە و بۆ هەمووکات کۆتایی بە ڕێژیمێکی ناتەبا دەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوو دەهێنێ و هیچ پەیمان نوێکردنەوەیەکی سەربازی ناتوانێ ئەم ڕەوتە بوەستێنێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٧ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

## ناڕەزایەتیەکان؛ دوو جیاوازیی گرینگ، بزووتنەوەیەکی گشتی و هەنگاوێک بۆ ئینقلاب



د. ئازاد محەممەدیانی

ناڕەزایەتییەکانی ئەم جارەی کوردستان و ئێران کە زۆر هەمە چەشنە، بەپێی گرینگی و سروشتی جیاوازی خۆیەوە، هێندێک تایبەتمەندی بە ڕوخساریەوە دیارە کە نیشاندەری هەنگاوێک بەرەو پێش و قۆناغێکی نوێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی گەلانی ئێرانە بە یارمەتیی بزووتنەوە جیاوازە کۆمەڵایەتیەکان. دوو تایبەتمەندیی دیاری ئەم ناڕەزایەتیانە توانیویەتی سروشتێکی پێ ببەخشێ کە هەر کارناسێک پێی وابێ هەنگاوێکی نوێیە لە خەباتی دێموکڕاسیخوازیی گەلانی ئێراندا.

بەرینایەتی و قووڵایی ئەم ناڕەزایەتیانە، دوو تایبەتمەندی دیارن کە پێویستە ڕاوەستەیەکیان لە سەر بکەین.

### بەرینایەتی:

مەبەست لە بەرینایەتی، بەرینی جوغرافیایی ئەم ناڕازەتییانەیە. دوای ڕووداوەکانی بزووتنەوەی خوێندکاری ساڵی ١٣٧٨،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەردەوام جۆرێک کەشی نارەزایەتی لە ئێراندا بوونی هەبووە کە هەر جارەی لە شوێنێک و بە جۆرێک سەری هەڵداوە و ئێشی بە دەسەڵات گەیاندووە، پاشان بزووتنەوەی سەوز لە ١٣٨٨دا سەری هەڵدا کە بووە هۆی تێوەگلانی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەی ئێران، بەتایبەت لە شارە گەورەکانی وەک تاران، ئیسفەهان، تەورێز، شیراز و چەند شاری دیکە کە نیشانەی بەرچاوی جۆرێک ئێعترازی جەماوەری بوو کە تا ئەوکات کۆماری ئیسلامی بەخۆیەوە نەدیبوو. دواتر نارەزایەتییەکانی زستانی ١٣٩٦، هاوینی ١٣٩٧ و پاییزی ١٣٩٨ کە هەرسێکیان هاوشێوە بوون و وەک شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی دەکرێ باسیان بکرێ، ڕوویان دا. شۆڕشێک کە بە پێچەوانەی ١٣٧٨ بەربڵاوییەکی زیاتریان بوو و جوغرافیایەکی زیاتریان بە خۆوە خەریک کردبوو، ئەگەر ٧٨ تەنیا لە تاران و زانکۆی هێندێک شاری گەورەی وک تەورێز بوو، لە ٨٨دا شاری گەورەی دیکەشی گرتبۆوە بەڵام لە ٩٦، ٩٧ و ٩٨دا شارە گەورەکانی تێپەڕاندبوو و لە شارە چکۆلەکانی پەراوێزدا نارەزایەتیەکان گەرم و گوڕتر بوون. بەڵام جیاوازی گەورەی ٩٦ بەولاوە لە گەڵ ٨٨، ئەوەبوو کە ژماری نارازیەکانی سەر شەقام پتر بوون. لە ڕاستیدا نارازیانی سەرشەقام پتر بوون لەو ژمارەیەی کە لە ٩٦ و ٩٨دا دەبیندرا. بەڵام لە خۆپیشاندانەکانی ئەمجارەدا هەم ژمارەی شارەکان پترە لە ٩٦ و ٩٨ هەم ژمارەی کەسانی نارازی پترە لە ٨٨، کەواتە لە بواری بەربڵاوییەوە، ئەم خولەی نارەزایەتییەکان، تایبەتمەندییەکانی هەموو قۆناغەکانی ٨٨، ٩٦، ٩٨ی هەیە و لە نەزەر شکڵیەوە دەتوانێ ئولگوویەکی تەحلیلی بێ بۆ تێوەگلانی هەموو جوغرافیای سیاسی ئێران.

لە کوردستانیش هەر بەم شێوەیەیە، ئەگەر لە قۆناغە جیاوازەکانی خەباتی شار بڕوانین، هەر جارە و بەشێکی کوردستان بەشدار بوون، کە نارەزایەتی و مانگرتنەکان پتر لە پارێزگای سنە و ورمێ دەبیندرا. لە ٩٦و ٩٨دا کرماشان و ئیلام بەشدار بوون، بەڵام لەو دوو پارێزگایەی دیکە واتە سنە و ورمێ کەمتر خۆپیشاندان هەبوو، بەڵام ئەم جارە لە هەر چوار پارێزگای کوردستان خۆپیشاندانی جەماوەری لە ئارادایە سەرەڕای ئەوەیکە مانگرتنەکان بە پێچەوانەی جاران دوو پارێزگای کرماشان و ئیلامیشی گرتۆتەوە کە جاران کەمتر دەبیندران، کەواتە بەربڵاوی ئەم نارەزایەتییانە لە کوردستانیش زیاترە لە جاران و بە درێژی ٤٤ ساڵ تەمەنی کۆماری ئیسلامی ناتوانین وێنەیەکی دیکەی ئاوا بێنینەوە.

## قووڵایی:

مەبەست لە قووڵایی؛ پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستانە، واتە ئاستی قووڵبوونەوەی ئەم نارەزایەتییانە لەنێو جۆراوجۆری چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران و کوردستاندا. ئەگەر بمانەوێ لە بوار ئاستی چین و توێژە جیاوازەکانی بەشداربوو لە نێوان خۆپیشاندانەکانی ٧٨ بەولاوە لەگەڵ نارەزایەتییەکانی ئەم جارە هەڵسەنگاندنێک بکەین، دەتوانین بەو ڕاستییە بگەین کە جۆراوجۆری پێکهاتەکان لەم قۆناغەی ئێستا و ئەوانی پێشوودا جیاوازییان



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

هەیە. نارەزایەتییەکانی ٧٨ بنەمای لە بزووتنەوەی خوێندکاریدا بوو کە چینی مامناوەندی کۆمەڵگەی نوێنەرایەتی دەکرد، چینێک کە لەسەر داوای ئازادیی بەیان و ئازادییە سیاسییەکان هاتبوونە مەیدان، ساڵی ٨٨ کە دەتوانیین بڵێین خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە بەربەرەکانێی خەڵک دژ بە کۆماری ئیسلامی، یەک لە جیاوازترین قۆناغەکانی بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی ئێرانییەکان بوو، دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" بۆ یەکەم جار هاتە ئەدەبیاتی سیاسی ئێعتڕازەوە و بەشداریەکی زۆری جەماوەری بوونی هەبوو بە ناوەندیێتیی چینی مامناوەندی کۆمەڵگە و بزووتنەوەی خوێندکاری وەک باسکی بەهێزی ئەو چینە، چینی خوارەوەی کۆمەڵگە ئەگەرچی حوزووری هەبوو بەڵام دەسەڵات توانیبووی وێڕای کەمینەی لایەنگرانی خۆی جەزبی دروشمە پۆپۆلیستیەکانی ئەحمەدینژادیان بکات، کەواتە کۆمەڵگەی ئێران لەنێوان دوو باڵی ڕێفۆرمخوازان کە چینی مامناوەندی نوێنەرایەتیی دەکرد و بنەماژۆخوازەکان کە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەی نوێنەرایەتیی دەکرد دابەش ببوو کە لەو دیوی ئەم دابەشبوونەدا گۆڕانکاریخوازەکان بوون کە قەتیان کۆماری ئیسلامی قەبووڵ نەبوو یا لانیکەم تازە کەوتبوونە بەرەی ڕووخێنەرەکانەوە، ئەوانە پتر لە کەسانی چینی مامناوەند، چەپەکان، نەتەوەکانی ئێران، ڕووناکبیران و لیبڕالەکانی سەردەمی پاشایەتی و نوێخوازەکان پێک دەهاتن کە لە ئێعتڕازەکانی ٨٨دا ببوونە هاوپەیمانی ڕێفۆرمخوازەکان و لەسەر شەقام و لە فەزای ڕووناکبیریدا لە یەک بەرەدا دژ بە دەسەڵات چالاکییان دەکرد، لەم دەورەیەدا زۆرترین لێتەکینەوە لە دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی ڕووی دا کە بەشێک لە چالاکانی ئەمڕۆ وەک محەممەدی نووریزاد و... لێکەوتەی دۆخی ئەو سەردەمن، دۆخیک کە بە هۆی سەرکوتەکانی دەسەڵات پێش هات و زۆرترین "ڕەواییسڕینەوەی" لە دەسەڵات کرد، چون کەسانێک کە تا دوێنێ هاوپەیمانی حکوومەت بوون ئێستا ببوونە دژبەری دەسەڵات و شێوە دەسەڵاتدارییەکەی، بۆیە دەڵێم خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە خەباتی دێموکڕاسیخوازی کۆمەڵانی ئێراندا.

هەر بەو هۆیە تا ئێستاش حکوومەت لایەنگرانی بزووتنەوەی سەوز بە فیتنەگەر ناو دەبا و ئەو کەسانە هەر لەژێر گوشاری دەزگا ئەمنیەتییەکاندان. لە کوردستانیش لەو قۆناغەدا جموجۆڵێکی جەماوەری لە ئارادا بوو کە نموودە سەرەکیەکەی مانگرتنی گشتی و کەموێنەی خەڵکی کوردستان بە بۆنەی ٢٢ی پووشپەڕی ساڵرۆژی شەهید کرانی دوکتور قاسملووەوە بوو. بەڵام لە کوردستانیش چینی مامناوەندی کارگێڕی سەرەکیی ئەو چالاکییانە بوو. بەڵام کە دەگەینە ٩٦، گۆڕانکاری لە پێکهاتەی چینایەتی کۆمەڵگەی ئێراندا ڕوو دەدا؛ کە بە هۆی ڕسووبی سیاسەتە ئابوورییەکانی ئەحمەدینژاد، شکستی بەرجەماکەی ڕوحانی و گەمارۆ کەمەرشکێنەکانی ئامریکا و ڕۆژئاوا لە سەر ئابووریی ئێرانە کە ببووە هۆی چکۆلەبوونەوە و لاوازتربوونی چینی مامناوەندی. لەم دۆخەدا و بە هۆی قەیرانی ئابووری کۆمەڵێک ئێعتڕازی سەیر و سەمەرە شکڵ دەگرێ کە کەموێنەیە هەم لە باری چینی سەر شەقام و هەم جۆری هەڵسوکەوت و دروشمەکانیان، ئەوە شۆڕشی چینی خوارێ کۆمەڵگە بوو کە چینی مامناوەندی کەمتر دیترا، هەر ئەم دۆخە لە هاوینی ٩٧دا بە هۆی دابەزینی بایەخی پووڵی ئێران و گرانبوونی دۆلار دووپات بۆوە، لەم ساڵەشدا چینی مامناوەندی کەمتر دیار بوو ئەگەرچی بازاڕی تاران بەشداریی هەبوو،



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بەڵام لەسەر شەقام تەنیا گەنجەکانی نەوەی نوێ و چینی خوارێی کۆمەڵگە بوونیان هەبوو.

ساڵی ٩٨ تەواوکەری ئەو شێوەیە لە ئێعتراز بوو، لەو دەورەیەدا چینی مامناوەندی دیسان کەمتر لە مەیداندا بوون. بەڵام چینی خوارێی کۆمەڵگە و گەنجەکانی نەوەی نوێ بە توندترین شێوە لە مەیداندان و توندو تیژی دەسەلات بیوێنەیە. کۆمەڵانێک کە بە هۆی ئابووریی نابەسامان و بێکاری و گرانی دەنگی ناڕەزایەتییان گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی. بەڵام ئەوەی لەم قۆناغەدا خەریکە ڕوو دەدا وێڕای ئەوەیکە بەگشتی هەم لە باری قەوارە و هەم لە باری دروشم و شێوەی بەشداربوون و پێکهاتەی بەشداربوانەوە جیاوازە، بەڵام هەموو تایبەتمەندییەکانی ناڕەزایەتیەکانی ئێران لە ١٣٧٨ەوەی تێدا دەبیندرێ، وەک ٧٨ بزووتنەوەی خوێندکاری بوونی هەیە و پاش پتر لە یەک دەیە زیندوو بۆتەوە، وەک ٨٨ هەم بزووتنەوەی خوێندکاری بوونی هەیە هەم چینی مامناوەندی وەک ناوەندی خۆپیشاندانەکان لە مەیداندایە، هەم چینی خوارێی کۆمەڵگە و نەوەی نوێ و گەنج وەک ساڵی ٩٦، ٩٧ و ٩٨ حزووریان هەیە. سەرەڕای ئەوانە چەند چینی دیکە وەک سێلێبریتیەکان، هونەرمەندان، وەرزشوانەکان و مامۆستاکانی زانکۆ بەشداری ئەم ڕاپەڕینەن کە برێک لە ٨٨ دەچن، بەو جیاوازییەی کە ئیدی باسی وەرگرتنەوەی دەنگ و ڕیفۆرم ناکرێ، بەڵکوو سەرجەم دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی تۆمەتبارە و ڕێگەچارە بە ڕووخاندنی دەزانن. لەم قۆناغەدا بازاڕ وەک باسکی سەرەکی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لانیکەم تا دە ساڵ لەوە پێش بەشێکە لە هێزی ناڕازی خەڵک بە شێوەیەک کە هاوکاری ناڕازییەکانی سەرشەقامن و ئامادەی مانگرتنن کە لە هێندێک شار جگە لە کوردستان دیتراوە کە نوێنەرایەتیی چینی مامناوەندی و مامناوەندی بۆ سەرێ دەکەن.

لە کوردستانیش جیاوازییەکی بەرچاو لەگەڵ ڕووداوەکانی پێشوو هەیە، چینی مامناوەندی لە مەیداندایە کە بە دووجار مانگرتنی گشتی حزووری خۆیان سەلماندووە، چون بازاڕ نوێنەرایەتیی ئەم چینە دەکا. بزووتنەوەی خوێندکاریی کوردستان هەم لە شارە کوردنشینەکانی وەک سنە، ورمێ و کرماشان و هەم لە زانکۆکانی دیکەی ئێران بەشداری ئەم ناڕەزایەتیانەن، هەم گەنج و نەوەی نوێی کورد و چینی خوارێی کۆمەڵگە لەسەر شەقام حزووریان هەیە، کە بزووتنەوەی مامۆستایانی قوتابخانەکانیشی پێ زیاد بووە کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەر لە مەیداندا بوون و ئێستا پەیوەست بوون بەو ڕاپەڕینە، مانای ئەوە ئەوەیە کە لە کوردستانیش هەموو چین و توێژەکان بە شێوەیەکی مانادار بەشداری ئەم ڕاپەڕینەن.

لە ڕاستیدا ئەم قۆناغەی ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران لە قەوارەی سەرهەڵدانێکی کاتیی بێقەوارە هاتۆتە دەرێ. وەک بزووتنەوەیەکی سەراسەری کە توانیویەتی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانی ئێران کۆ بکاتەوە بە دروشمی ئیجابی ژین-ژیان-ئازادی ەوە مەیدانداریی بێوێنەترین ئێعترازی گشتی خەڵکانی ئێران دەکات. دیارە بەرینایی و قووڵایی ئەم ناڕەزایەتییانە هەم بە هۆی کۆ بوونەوەی هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکانە و هەم بۆخۆی لە خۆیدا خەریکە دەبێتە هۆی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆکردنەوەی زیاتری ئەم بزووتنەوە جۆراوجۆرانە، بە شێوەیەک کە خەریکە قەوارەی بزووتنەوەیەکی گشتی سەراسەری بەخۆیەوە دەگرێ و بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو کە ڕووخانی کۆماری ئیسلامیە لێک گرێ دەدرێن.

لە دوای ئینقلابی ئێران لە ١٣٥٧دا ئەوە بۆ یەکەم جارە کە ئەو بزووتنەوە جۆراوجۆرانە بتوانن لە دەوری ئامانج و دروشمێکی هاوبەش کۆ بنەوە. لە ڕاستیدا ئەم ڕاپەڕینە بە مانا زانستیەکەی خۆی خەریکە وەک بزووتنەوەیەکی گشتی ڕەوتی سروشتی خۆی بەرەو ئینقلاب دەپێوێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## قوتابییانی ئێران لەنێوان دوو سروودا




تاهیر قاسمی

لە دوا ساتەکانی کۆتایی سەدەی پازدە و چەند سەعات بەر لە نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێی ١٤٠١ی هەتاوی، دەزگای



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

پڕوپاگەندای کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستیان بە نیشاندان و بڵاوکردنەوەی سروودێکی سەرنجڕاکێش کرد؛ سەدان منداڵی قوتابخانە، کیژۆڵە بە چارشێو داپۆشراوەکان لەلایەک و کوڕیژگەکان لەلاکەی دیکە، لە حەوشەی مزگەوتێکی گەورە کۆ کرابوونەوە، پیاوێکی ڕیشدار لە نێوەڕاستیاندا گۆرانییەکی بۆ دەگوتن و ئەوانیش بۆیان دەستاندەوە؛ "سەلام فەرماندە"!

سڵاو فەرماندە لە ڕواڵەتدا بۆ ئیمامی زەمان نووسرابوو، بەڵام لە نێوەڕۆکدا پێداهەڵگوتن بە عەلی خامەنەیی بوو. "سەید عەلی لەدایکبووانی دەیەی نەوەدی خۆی بانگ کردووە.."، بەو هیوایە کە کۆماری ئیسلامی و ماڵی خامنەیی بتوانن بەو سرووده منداڵانی ئێران پتر بە ئایدۆلۆژیای کۆماری ئیسلامی و بە پیرۆزکردنی "سەید عەلیی خامنەیی" ڕابێنن. دەزگای پڕوپاگەندای ڕژێم وێڕای سەدان و هەزاران جار بڵاوکردنەوەی ئەم سرووده لە تەلەویزیۆن، ڕادیۆ، بلێندگۆی قوتابخانەکان و شوێنە گشتییەکانی دیکە، پارێزگا بە پارێزگا و شار بە شار سروودەکەیان گێڕا و منداڵانیان بۆ گوتنەوەی ڕاهێنا. بە چەندان زمانی وەک ئینگلیزی، تورکی، عەرەبی و ئۆردو و.. تەرجەمەیان کردووە و لە وڵاتانی دواکەوتوودا، منداڵانی هەژاریان بە کرێ گرت تا کۆڕی گوتنەوەی سروودەکەیان لێ ساز بکەن و وا بنوێنن کە گۆرانییەکەی "سەید عەلی" بەجیهانی بووە. تەنانەت نوسخەیەکی بە ڕواڵەت کوردییشیان لێ ساز کرد کە زیاتر وەک تێخزاندنی چەند وشەی کوردی لە تێکستە فارسیەکە دەچوو تا وەرگێڕانی دەقێک بۆ سەر زمانی کوردی. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو تێچوویە، "سەلام فەرماندە"، وەک سروودێکی حکوومەتی مایەوە و بە زەبری پیاوانی حکوومەت و تەماح و فریودان نەبێ نەگوترایەوە و بە شێوەی خۆڕسک هەرگیز بۆ نێودڵی کۆمەڵگە و بۆ نێو پۆلی قوتابخانەکان شۆڕ نەبۆوە.

سەلام فەرماندە لە ڕاستیدا گوڵێکی نایلۆنی بوو کە قوتابییان لە بەرۆکی خۆیان نەدا. بوو بە بابەتی گاڵتەجاڕی خەڵک و تەنانەت بەشێک لە کچان و کوڕانی بەرپرسانی ڕژێمیش. بە سەدان نوکتە و تەنز و گاڵتەیان لە "سەلام فەرماندە" ساز کرد و لە سەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاویان کردەوە.

***

بە دوای کوژرانی کچی کورد ژینا ئەمینی بە دەستی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی و لەگەڵ دەسپێکی ناڕەزایەتییەکان، ئێرانییەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا، بە ئاوێتەکردنی ژان و ئازارەکانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان، هاودەردیی خۆیان دژ بەو جینایەتەی کۆماری ئیسلامی دەربڕی. ئەو دەرد و ئازارانەی کە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی پتر لە چل ساڵ تەمەنی نگریسیدا بە سەر کۆمەڵگە و بە سەر تاک بە تاکی خەڵکی ئەو وڵاتەیدا هێناوە. ئەو ئازارانە کە وێڕای هاشتاگی ژینا ئەمینی لە لایەن بەکارهێنەرانی تویتێر بڵاو دەکرانەوە، تا کاتی نووسینی ئەم بابەتە لە دووسەد میلیۆنی تێپەڕاندوە؛ یەکێ لەپێناو ئەو کاتانەی کە نەیتوانی بە ئازادی خۆشەویستەکەی ڕامووسێ و ئەویدی لەپێناو خوشکی و خۆشکەکانیدا کە لەژێر چەپۆکی حیجابی زۆرەملێدا گەورە بوون، یەکێ بۆ گۆڕینی مێشکە ڕزیوەکان و ئەویدی بۆ ئەو باوکەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە لە بێدەرەتانیدا شەرمەزاری بنەماڵەکەی بوو و پشتی لەژێر باری نەبوونیدا چەمایەوە، یەکێ لە تاسەی ژیانێکی ئاساییدا و ئەویدی بۆ ئەو منداڵە زبڵپشکنەی کە نەیدەزانی واتای ئاوات و ئارەزوو چییە و. ...

لەم نێوەدا لاوێکی هونەرمەند بە ناوی شێروین حاجیپوور، لەو نەهامەتیانە و لەو تویتانەی هاووڵاتییەکانی کۆکاشی کرد و تێکستی گۆرانییەکی لێ ساز کرد. گۆرانییەک کە بۆخۆی بە تەنیا تێکستی بۆ ڕێکخست، ئاوازی بۆ دانا و بە مۆسیقا و وێنەگرتنێکی سادە و سەرەتایی لە ژوورەکەی خۆیەوە بڵاوی کردەوە. بەڵام مادام دەربڕی ژان و ئازارەکانی خەڵکەکەی و لە ناخی کۆمەڵگەکەیەوە هەڵقوڵا، زۆر زوو لە دڵان نیشت و بوو بە گۆرانی و سروودی ئەو سەرهەڵدانە مەزنەی بە مەرگی ژینا دەستی پێ کردوە. کۆماری ئیسلامی کە بۆ پەرەدان بە سروودەکەی عەلی خامنەیی میلیۆنان دۆلاری خەرج کرد و بە هیچ نەگەیی، لەسەر ئەم گۆرانییە هەڵیکوتایە سەر شێروینی هونەرمەند و دەسبەسەری کرد. بەڵام دەسبەسەر کردنی، هێندەی دیکە ئەو و گۆرانییەکەی لای خەڵک خۆشەویستتر کرد. گۆرانییەکەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە میلۆنان جار لەلایەن خەڵکەوە بڵاو کرایەوە و هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا بوو بە ئاشناترین و ناسراوترین سروودی نێو ئاکسیۆن و خۆپێشاندانەکانی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات.

گۆرانییە ڕێ پێنەدراوەکەی شێروین هەر زوو لەلای قوتابیان و لە قوتابخانەکانیش جێگایەکی بۆ "سەلام فەرماندە" نەهێشتەوە و بوو بە هۆکارێک تا قوتابیان تێکەڵ بە نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکان بن. لە مێژووی خەبات و سەرهەڵدانەکانی دژ بە کۆماری ئیسلامیشدا، ئەوە بۆ یەکەم جار بوو قوتابیانی قوتابخانەکان تێکەڵ بە نارەزایەتییەکان بن و لە خۆپێشاندانی دژە حکومەتیدا بەشدار بن یان بۆخۆیان خۆپێشاندان ڕێک بخەن. عەلی خامنەیی کە ئەو هەموو تێچوویەی لە سامانی خەڵکی ئێران بۆ سروودی "سەلام فەرماندە" دانا تا بیکا بە وێردی سەر زاری قوتابیان، بەرهەمێکی تەواو پێچەوانەی چنیەوە. نەک سەلام فەرماندەکەی بە هیچ دانەندرا بەڵکوو وێنەکانی لە نێو کتێبە دەرسیەکانەوە دڕێندرا و فڕێ درا، وێنەی خۆی و خومەینی لەسەر تەختەڕەشەی نێو پۆلەکانەوە لەلایەن قوتابیانەوە هێنرانە خوار و خرانە ژێر پێ و قوتابییان کە لەو ماوە کەمەدا تێکست و ئاوازی گۆرانییەکەی شێروین فێر ببوون، گەلێک ڤیدیۆی ئازایەتیی خۆیان و بێزارییان لە دەسەڵاتەکەی عەلی خامنەیی لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە جیهاندا بڵاو کردەوە کە تێیدا گۆرانییەکەی "شێروین" دەڵێنەوە؛

بۆ..

بۆ..

بۆ هەڵپەڕین و سەمایەک لە کۆڵان

بۆ ترسانی ساتەوەختی ڕامووسان



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بۆ خوشکم، بۆ خوشکت، بۆ خوشکەکانمان
بۆ مێشکی ڕزیو و پێویستیی گۆڕان
بۆ شەرمەزار بوون لە گیرفانی بەتاڵ
بۆ خەمی ژیانێکی ئاسایی، نۆرماڵ
بۆ منداڵی زبڵگەڕی بێئاوات
بۆ ئابووریی بە دەستەندە، وەک خێرات
بۆ هەوایەک پیس و پڕ لە تۆز و خۆڵ
بۆ شەقام و داری نەخۆش و هۆڵ
بۆ پڵینگ و ئەگەری تووبڕانی
بۆ سەگی بێ گوناه و ڕێنەدانی
بۆ گریانی بەردەوامی بە واتە
بۆ دیمەنی وەکوو یەک و دووپاتە
بۆ ڕوخسارێک کە دەتوانێ پێبکەنێ
بۆ قوتابی و داهاتوو تا بیگەنێ
بۆ بەهەشتی بە ناچاری و بە تۆبزی
بۆ بژاردە کە لە زینداندا ڕزی
بۆ هەژاریی منداڵانی ئەفغانی
بۆ هەموویان.. کە بۆخۆت باش دەزانی
بۆ ئەو گشتە دروشمە پووچە بۆ هیچ
بۆ ماڵی دارماو هەم دیوار و میچ
بۆ ئازارمان هەتا تاوێ بسرەوێ
بۆ خۆر، کە دوای شەوگاری تار دەرکەوێ
بۆ حەبی مێشک و ساتێ وەحەسانی
بۆ پیاو، بۆ نیشتمان، بۆ ئاوەدانی
بۆ کەنیشکێ دادی لە کوڕبووندا دی
بۆ هاواری ژن، ژیان، ئازادی
بۆ هاواری ژن



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ژیان و
ئازادی

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا — ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## شۆڕشی ژنان، شۆڕشێک بۆ هەمووان




**کەیهان یووسفی**

سەرهەڵدان بۆتە شۆڕش، شۆڕش هێمای کچەکوردێکی سەقزییە بە مانیفێستی ژن، ژیان، ئازادی. پێشەنگەکانی شۆڕش نە چینی پرۆلتاریای مارکسە، نەک حیزبی پێشڕەوی لێنین و نە پیاوانی ئایینی کە بگەڕێنەوە بۆ سەردەمی خیلافەت و...



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شۆڕشی ئەمجارە لە هیچ کام لە شۆڕشە ناسەرکەوتووەکانی مێژووی ئەم دواییەی ئێرانیش ناچێت. ئامانجی، لە ئامانجی شۆڕشەکانی ئامریکا و فەڕانسە و وڵاتانی ئوروپای ڕۆژهەڵاتیش ناچێت کە خولیای زیندووکردنەوەی ڕابردووی گەش هانیان بدات بێنە نێو گۆڕپانی خەبات و تێکۆشان.

شۆڕشی ئەمجارە بە وتەی هانا ئارێنت بۆ داهاتوویەکی گەشە، داهاتوویەک کە پڕ بێت لە بەختەوەری بۆ هەمووان و لەوێدا ژن بتوانێت ئازادانە ژیان بکات.

شۆڕش لە پێناسەی خۆیدا تەنیا گۆڕانکاری لە سیستەمی سیاسیدا نییە، شۆڕش گۆڕانکاری لە بەها و بایەخە کۆمەڵایەتیەکانیشە کە شۆڕشگێڕان دەیانهەوێ گۆڕانکاریی مێژوویی بخوڵقێنن و هەربۆیەش شۆڕشگێڕانی ئەمجارە نەوەیەکی چاونەترس و بوێرن کە کچان فەرماندەییان دەکەن.

ئەوان خاوەنی ئامانجێکی ڕوونن بۆ خوڵقاندنی دۆخێک کە ئازادی تێدا بەرفراوانتر ببێت و هەربۆیەش ڕۆژ بە ڕۆژ هەژماریان زیاد دەکات، کچە کوردێکی دێولانی بە بەردەکەی نێو دەستیەوە دەبێتە جەنگاوەری نێو شەقام و دایکێک لە کرماشان جەستەی دەداتە بەر گوللە  تا ئازادی باڵا بکات و دەبنە هێمای هەزاران کچ و ژنی ئەم وڵاتە بۆ سەرهەڵدان.

لێرەدا دمانهەوێت لە ڕێگەی ئانالایزی (SWOT) هەڵسەنگاندنێک لەسەر ئەم شۆڕشە بکەین. ئەوەیکە کە ڕوون و دیارە ئامانجی ستراتژیکی ئەم شۆڕشە کە لە سەر بنەمای دروشمی ژن، ژیان و ئازادی بیچمی گرتووە، خوڵقاندنی دۆخێکی نوێیە کە تێیدا مافی هەمووان دابین بکرێت و شۆڕش خواستی زۆرینەیە بۆ دابینکردنی ئازادی، مافی مرۆڤ، یەکسانی، مافی ئێتنیکی، نەتەوەیی و ئایینی و هەر بۆیەش شۆڕش هەر ڕۆژە و لە شوێنێک و لە نێو چین و توێژێکی جیاوازی کۆمەڵگەدا خۆی دەردەخات.

**خاڵە بەهێزەکان(S)**

**چەندین فاکتەر بوونی هەیە کە دەتوانرێت وەکوو خاڵی بە هێزی ئەم شۆڕشە باسی لێوە بکرێت:**

شۆڕش گشتگیرە و ئامانجەکانی لە ناوبردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرە لە سەر بنەمای داخوازیگەلێکی دیمۆکراتیک و لەوانە مافی یەکسانی بۆ ژنان و ئازادی بۆ هەمووان. ستەمی چەند ڕەهەندی دەسەڵات بۆ سەر خەڵکی ئێران، ستەمی نەتەوەیی،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕەگەزی، ئایینی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و... وای کردووە کە هاودەنگی و یەکگرتوویەکی بەهێز لەنێو هەمووواندا دروست بێت و ئەمەش ئامانجێکی هاوبەشی دروست کردووە تا زۆربەی لایەنەکان لەسەر گشتییەت جەخت بکەن تا وردەکارییەکان.

کاراکتێری ژنان وەکوو داینەمۆی سەرەکیی ئەم شۆڕشە و ئامانجگرتنی بنەمای ئایدۆلۆژیکی ڕێژیم کە دژەژنە، خاڵێکی بەهێزی ئەم شۆڕشەیە کە بە هۆی بایەخمەندبوونی ئەم مەسەلە -ژن- لە دونیای دەرەوەش توانیویەتی پشتیوانییەکی بێوێنە بۆ لای شۆڕش ڕاکێشێ.

خاڵێکی بەهێزی دیکە، دەستپێشخەری و ئەزموونی شۆڕشگێڕانە، وێڕای ئەوەیکە تەمەنی زۆربەی شۆڕشگێڕان لاو و تازە لاون، بەڵام زۆر بەئەزموون خەریکی کردەییکردنی تاکتیکەکانی خەبات و بەرەنگاری و بە پێکۆڵکێشانی هێزەکانی ڕێژیمن. دروشمەکانی ژن، وەکوو ئاماژەیەک بۆ مافی یەکسانی، ژیان، ئاماژەیەک بۆ مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئازادی وەکوو مافێکی سیاسی و ئەمنی، هەموو پێکهاتە و گوتاری ڕێژیمی وەلەرزە خستووە.

### لاوازییەکان(W)

**هەر چەند هێشتا تۆزێک زووە بۆ دەرنجامگیری لە چییەتی و ستراکتۆری شۆڕشەکە و دەستنیشانکردنی خاڵە لاوازەکان کە ڕەنگە لە ڕۆژانی داهاتوودا ئەم لاوازییانە نەمێنیت، بەڵام لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەین:**

ڕێبەری و ڕێکخستن وەکوو دوو فاکتەری سەرەکی هەر بزووتنەوە و شۆڕشێک کە دەتوانن شۆڕش بە سەرکەوتن بگەیەنن، هەنووکە تا ڕادەیەک لە ئاستی سەرانسەریدا نادیارن. هەر چەند کوردستان نیشانی داوە کە ڕێبەری و ڕێکخستن دوو فاکتەری بەهێزن لەم هەرێمەدا، بەڵام لە ئاستی سەرانسەریدا هێشتا تێگەیشتن و تەوافۆقێکی گشتی لەمبارەوە نەهاتۆتە ئاراوە و ئەمەش خاڵێکی لاوازە کە لە درێژخایەندا دەتوانن کارتی براوەی ڕێژیم بۆ لەباربردنی شۆڕش بن و هەربۆیەش بۆ سەرکەوتنی شۆڕش پێویستە کۆدەنگی و هاوپەیمانییەکی سەرانسەری لەنێو دژبەرانی ڕێژیمدا بە مەبەستی ئاڵترناتیڤ چێ کردن بێتە ئاراوە.

### دەرفەتەکان(O)

ئەو دەرفەتانەی کە لە بەردەم ئەم شۆڕشەدان و دەبێت بەباشی کەڵکی لێ وەربگرددرێ، دەکرێت بە سەر دوو بەشدا دابەش بکرێت: دەرفەتە نێوخۆییەکان و دەرەکییەکان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەرفەتە نێوخۆییەکان، نارەزایەتی بەربڵاوی کەڵەکەبووی ئەم ساڵانەی دواییە پۆتانسیلێکی گەورەی شۆڕشی لەنێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا دروست کردووە کە هەموو بەرژەوەندیی خۆیان لە رووخانی رژێمدا دەبینن. سەرکوت و نەبوونی ئازادی، دۆخی خراپی ئابووری، گەندەڵی لە رادەبەدەری بەرپرسانی حکوومەتی و... هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ بەهێزتربوونی ئەم پۆتانسیلە.

سۆشیاڵ میدیا و گەشە و دەستراگەیشتنی زیاتر بە زانیاری، نەوەیەکی بوێر، ئاگا و تێگەیشتووی بەرهەم هێناوە کە چیدی گوێرایەڵی درۆ و دەلەسە و پروپاگەندەی دەزگای پەروەردە و راگەیاندنی رژێم نین و خۆیان لەسەر بنەمای زانیاری بە دوای کردەییکردنی خەونەکانیان کە ئێمە لە سەر شەقامەکان دەیبینن.

دەرفەتی دەرەکی، ئامانجەکان، دروشمەکان و هێڵی جووڵەی شۆڕش بۆ پێشەوە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندی و بەهاکانی رۆژئاوا و ناوچەکە نییە و ئەوان پشتیوانی دەکەن. دیموکراسی و ئازادی بەهاگەلێکی بەنرخن لە رۆژئاوا و بێگومان دەسەڵاتێکی دیموکراتیک لە ئێران گەر هاوپەیمانی ستراتژیکی رۆژئاواش نەبێت، دوژمنی نییە و لە ئاستی ناوچەیشدا لە هەڕەشە بۆ سەر وڵاتانی ناوچە کەم دەبێتەوە کە ئەمە بۆ خۆی دەتوانێت پشتیوانییەکی نێونەتەوەیی بۆ لای شۆڕش راکێشێ.

## هەڕەشەکان(T)

یەکێک لە گەورەترین مەترسی و هەڕەشەکان بۆ سەر شۆڕش و بە تایبەت لەسەر شەقام، کەڵکوەرگرتنی زیاتری هێزەکانی رژێم لە توندوتیژییە، بێ گوێدان بە یاسا و رێسا نێونەتەوەییەکان. هەروەک هێرشی ئاسمانی بۆ سەر بنکەی حیزبە کوردییەکان و بۆردمانی چڕی چەندین رۆژەی بنکەکانی سەر سنووری حیزبە کوردییەکان و هەروەها کوشتنی بەربڵاوی خەڵکی بەلووچستان و مێرمنداڵ و ژن و. ...

ئەوەی روونە ئەمەیە کە رژێم بۆ مانەوەی خۆی هیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقی ناپارێزێ و لە ئەگەری فراوانتربوونی توندوتیژییەکان و گریمانەی لە ئاراهاتنی شەڕێکی چەکداریی لەگەڵ هەر هێزێک چ حیزبە کوردییەکان یان لە ئاستێکی سەرانسەری بێت، ئەگەری دەستێوەردانی دەرەکی دێتە ئاراوە کە ئەزموونی سووریە و دەستێوەردانی رووسیە لەوێ پێمان دەڵێ کە دەکرێت رژێم قازانجمەند بێت. هەربۆیەش شۆڕش دەبێت بەم شێوازانە کە هەیە و لە سەر شەقام و زانکۆ و قوتابخانە و شێوازگەلی وەکوو مانگرتن و... بەرێوە بچێت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڕەشەیەکی دیکە کە بۆ ئێمەی کورد و بە تایبەت نەتەوە غەیرەفارسەکان زۆر گرنگە و دەبێت بە سەرنج و هەستیارییەوە لەگەڵی مامەڵە بکەین، پاوانخوازیی و فاشیزمی فارسە کە لەنێو بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی فارسدا بوونی هەیە و هەنووکە هێشتا بە شێوەی کاتی بێدەنگ کراوە و لە داهاتوودا دووبارە خۆی نیشان دەدات. بۆ کەمکردنەوەی ئەم هەڕەشە بێگومان یەک گوتاری و یەکهەڵویستی بە میکانیزمێکی گونجاو هەم وەکوو کورد بە نیسبەت ئەوانی دیکە و هەمیش لە نێوان نەتەوە غەیرە فارسەکان بە نیسبەت فارسەکان زەروورەتێکی سەرەکی و ستراتژیکە کە دەبێت هەوڵێی جیدی و خێرای بۆ بدرێت.

بە سەرەنجدان بە هەموو لایەنەکانی شۆڕشی ئەمجارە و ئەکتەکان لە نێوخۆ و لە دەرەوەش و هەروەها پەرچەکردارەکانی ڕێژیم و ئەو دۆخەی کە ڕووبەڕووی بۆتەوە، وێدەچێ شۆڕشی ژنان مێژوویەکی نوێ بۆ خۆی تۆمار بکات و ئەگەریش ئەم شۆڕشە هەنووکە سەر نەکەوێت بێگومان ڕێژیمی بەرەو هەڵدێر بردووە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# قەیرانی کۆتایی



**برایم لاجانی**

"تۆماس هیلاند ئیریکسن" کۆمەڵناسی بەناوبانگیی نۆرویژ، لە کتێبە ناسراوەکەی خۆیدا بەناوی "هەشت تایبەتمەندیی هەرە گرنگی گلۆبالیزم" دەڵێ: یەکێک لە نیشانەکانی دەورانی گلۆبالیزم ئەوەیە کە دەکرێ ڕووداوێکی بچکۆلەی ناوچەیی بەخێرایی باوبرووسکە ببێتە کێشە و پرسێکی جیهانی و نێونەتەوەیی.

ئەوەی ئەمڕۆ لە ئێراندا دەبینرێ، نموونەی ڕاستەقینەی ئەو ڕاستییەیە کە ئیریکسن باسی دەکات. پاش گیران و کوشتنی حکوومەتیی ژینا ئەمینی، کچە کوردێکی غەریبە لە تاران لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی پۆلیسی "ئەخلاق"! و بەخاکسپاردنی لە زێدی خۆی (سەقز) لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی تووڕە و وەزاڵەهاتوودا، ئەو ڕووداوە بووە سەرەتای گۆڕانکارییەکی گەورە لە دۆخی سیاسیی کوردستان، ئێران و تەنانەت ناوچەکەشدا.

خاڵی جێی سەرنج ئەوە بوو، لەسەر کێلی ژینا نوسراوە "ژینا گیان تۆ نامرێ، ناوت ئەبێتە ڕەمز". لە ماوەی چەند



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

کاتژمێردا ئەو حەقیقەتە خۆی نیشان دا بەجۆرێک خەڵکی سەقز، دیواندەرە و شارەکانی دیکەی کوردستان بە نیشانەی نارەزایەتی بەدژی ئەو کردەوە جینایەتکارانەیە هاتنە سەر شەقامەکان. دواتر ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە ناسینیی کۆمەڵگەی کوردستان و بەو دڵنیاییەی کە خەڵکی کوردستان هەمیشە لەکاتی پێویستدا وەڵامی بانگەوازی هێزە پێشڕەوکانی خۆی دەداتەوە، لە پەیامێکی کورتدا داوای لە خەڵکی کوردستان کرد بۆ مەحکوومکردنی جینایەتی کوشتنی ژینا دووکان و بازارەکان دابخەن و هاوپێوەندیی خۆیان دەگەڵ بنەماڵەی ئەو قوربانییە تازەی ماشێنی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن. هەروەک چاوەڕوان دەکرا خەڵک لە هەموو شار و شارۆچکەکانی کوردستان بەپیل ئەو بانگەوازەوە هاتن و مانگرتنێکی گشتی و سەرتاسەرییان بەرێوەبرد. بەوجۆرە ئەو رووداوە دۆمینۆ ئاسا هەموو شارەکانی دیکەی ئێرانیشی گرتەوە، لە تاران، تەوریز، ئیسفەهان، رەشت، گیلان، ئابادان، ئەهواز، قوم، مەشهەد، ئەردەبیل، زەنجان و هتد، لاوان، ژنان و چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" رژانە سەر شەقامەکان و کۆماری ئیسلامیان لە تەواویەتی خۆیدا هێنایە ژێر پرسیار. ئەو ئاگرە بەجۆرێک پەرەی سەند لە ماوەیەکی کورتدا هەموو وڵاتی گرتەوە، رێژیم بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزووتنەوە مەدەنییە وەک هەمیشە تەواوی هێزی سەرکوت و زەبروزەنگی خۆی هێنایە مەیدان، بەڵام خەڵک بەگشتی و لاوان و ژنان و خوێندکاران بەتایبەتی لە ماوەیەکی کورتدا شەقام و مەیدانی شارو شارۆچکە، قوتابخانە و زانکۆکانی وڵاتیان لە دەستی هێزی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی هێنایەدەر و ناوی ژینا بوو بە سەردێڕی هەواڵی هەموو مێدیاکانی دنیا، خەباتی ژنان و لاوان و کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەدژی کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بە ئازادی و دێموکراسیی و مافی تاکەکان سەرجەم رۆژنامە و گۆڤارە ناسراوەکانی جیهانی داگرت و بوو بە باسی هەرەگەرمی نێو کۆڕوکۆمەڵە نێونەتەوەیی و رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و پارلمان و کابینەی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان.

مەک میلان، سەرۆکوەزیرانی پێشووی ئینگلیز، شەش دەیە لەمەوبەر لە پێوەندی دەگەڵ سەرەتای دەستپێکردنی لەبەریەک هەڵوەشانی سیستەمی ئیستیعماریدا، گوتی: ئەوە "شنەبای ئاڵوگۆڕە هەڵی کردوە". ئەو لێدوانەی ناوبراو دروست بوو. زۆری نەکێشا نەسیمی ئاڵوگۆڕەکان هەموو ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی گرتەوە و بوو بەهۆی گۆڕانکارییەکی گەورە.

ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییانەی ئێستای ئێران و کوردستانیش بە سەرەتای ئاڵوگۆڕێکی گەورە لە دۆخی سیاسی ئێران و کوردستان دێتە ئەژمار. لە ئەدەبیاتی سیاسیدا زاراوەیەک هەیە پێی دەگوترێ "قەیرانی کۆتایی" لە راستیدا ئەوەی دەبینرێ بریتییە لە سەرەتای پرۆسەی کۆتایی دەستەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی هەموو نیشانەکان ئەوە دەردەخەن کە ئیدی کۆمەڵانی خەڵک و بەتایبەتی چین و توێژە خەباتگێرەکان، توانای تەحموولی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیان نەماوە و لەولاشەوە رێژیم ئیدی هەموو ئیعتیبارێکی سیاسی و ئایدۆلۆژی و مەزهەبیی لەدەست داوە.


Serchawe
https://serchawe.com

سیلۆ تاراکو، یەکێک لە ڕووناکبیرانی بەناوبانگی تورکیا دەڵێ: لەو زۆرانبازی و ململانێییەدا کە لەنێوان خەڵک و ڕێژیم لە ئێراندا هاتۆتە ئاراوە، سەرەنجام ئەوە خەڵکن سەر دەکەون و دەیبەنەوە، چوونکە خەڵکی ئێران ئیدی نایانهەوێ لەژێر دەستی دەستەڵاتێکی دینیدا ژیان بەسەر بەرن. ئەو بزووتنەوەیە هەر ئێستا گەلێک دەسکەوتی گەورەی وەدەست هێناون.

لەو بزووتنەوەیەدا هەمووگەلانی ئێران، چین و توێژە زەحمەتکێشەکان، لاوان، ژنان، خوێندکاران، کەمایەتییە نەتەوەیی و مەزهەبییەکان بەشدارن. ژینا بۆتە سیمبولی یەکیەتی و یەکگرتوویی و هاوخەباتیی هەموو خەڵکی ئێران.

کۆماری ئیسلامی ساڵانێکی زۆرە کاری لەسەر ئەوە کردبوو بزووتنەوەی کوردستان لە بزووتنەوەی سەرانسەری گەلانی ئێران دابڕێنێت، بەڵام ڕووداوەکانی ئەو دواییانە دەریانخست ئەو "کوردستان هەراسی" و "کوردۆفۆبیایە" ئیدی ڕەویوەتەوە و خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران بە چاوی ڕێز و حورمەتەوە دەڕواننە خەبات و بەربەرەکانی خەڵکی کوردستان بەرانبەر کۆماری ئیسلامی. لەوەش زیاتر کوردستان وەک سەرمەشق و سەرچاوەی ئیلهامی خەبات و تێکۆشانی خۆیانی سەیر دەکەن.

ئەوە کە کۆماری ئیسلامی بە مووشەک و چەکی مۆدێرن بۆردومانی بنکە و بارەگاکانی هێزە سیاسیەکانی کوردستان لە قووڵایی خاکی باشووری کوردستان و ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئێران و هەرێمی کوردستان دەکات، لەو ڕاستییەوە سەرچاوە دەگرێ کە کوردستان چ لە ئێستا و چ لە داهاتوودا ماتەوزەی ئەوەی تێدایە ببێتە قەڵای ڕاپەڕینی سەرانسەریی بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی.

ئەو بزووتنەوەیە توانیویەتی هاوپێوەندی و پشتیوانییەکی گەورەی جیهانی و نیونەتەوەیی بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. یەکیەتی ئورووپا، وڵاتانی ئورووپایی، کانادا، ئەمریکا و و نیوزلەندا، ئوستڕالیا هاوپێوەندیی خۆیان دەگەڵ ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران نیشان داوە. ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان، کۆڕوکۆمەڵە بەشەردۆستەکان، ڕۆژنامەنووسان، هونەرمەندان، ڕێکخراوەکانی ژنان، خوێندکاران، مامۆستایان، وەرزشوانان و سینەماکاران لە سەرانسەری دونیادا هاوپێوەندیی خۆیانیان دەگەڵ داخوازییەکانی خەڵکی ئێران دەربڕیوە. ئەوە پتر لە سێ هەفتەیە بزووتنەوەی خەڵکیی ئیران لەسەرجەم هەواڵ و میدیاکان یەکەمە، کە ئەمە نیشانەی گرنگی و بایەخی ئەو ڕاپەڕینەیە.

کۆماری ئیسلامی پاش هاتنەسەرکار، هاوکات هێرشی بۆ سەر کوردستان، ژنان و زانکۆکانی ئێران دەست پێ کرد. سەرکوتی ژنان و زانکۆکان و کوردستان بوو بە سەرەتای دەستپێکردنی ئیستبدادی ڕەشی مەزهەبی لە ئیراندا کە ئەوە پتر لە چل ساڵە بەردەوامە. سەیر ئەوەیە ئێستا هاوکات کوردستان، ژنان و زانکۆکان، هێرش و پەلاماری خۆیان بۆ سەر



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردوە و بوونەتە هەوێنی لێکگرێدانی بزووتنەوەی سەرتاسەری و ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران بەدژی ڕێژیمی ئاخوندی.

تایبەتمەندیەکی بەرچاوی ئەو بزووتنەوەیە ئەوەیە کە وەک ویکیپیدیا وایە! هەموو کەس دەتوانێ بەشداریی تێدا بکات و شوێنەواری خۆی لەسەر دابنێ. ئێران وڵاتێکی فرەگەل، فرەفەرهەنگ، فرەدین، فرەمەزهەب، فرەدەنگ و فرە ڕەنگە بزووتنەوەکە و ڕاپەرین و سیاسەتەکەشی دەبێ ڕەنگدانەوەی ئەو ڕاستییە بێت. ئەو بزووتنەوەیە خاڵی هەرە بەهێزی ئەوەیە کە بزووتنەوە و ڕاپەرینی هەمووانە، هەموو بە دەنگ و ڕەنگ و داخوازی و ناسنامەی خۆیانەوە تێیدا بەشدارن و دەیانهەوێ ڕەگەڵی کەون ئەگە ئەو بزووتنەوەیە ئاوا بڕواتە پێش و کەس نەتوانێ هێژمۆنی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆی بەسەردا بسەپێنێ و تێبکۆشێ ئەوانی دیکە پەراوێز بخات، هیچ شک لەوەدا نییە بە ئامانجەکانی خۆی دەگات، کە بریتییە لە ڕووخانی دەسەڵاتی ڕەشی مەزهەبی و دامەزراندنی دێموکڕاسی لە وڵاتەکەماندا.

ڕووداوەکانی ئەو چەند هەفتەیە نیشانیان دا خەڵکی ئێران لە توانا و ئیمکانی دایە خەباتی خۆیان بەدژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرنە پێش و بە سەرنجامی خۆشی بگەیەنن. ئەوان چاوەڕوانییان لە کۆمەڵگەی جیهانی ئەوەیە لە باری سیاسی و ئەخلاقییەوە پشتیوانییان لێ بکەن. ئێمە هیچ کاتێک پێمان خۆش نیە هێزە دەرەکیەکان لە باری نیزامییەوە دەست لە کاروباری نیوخۆی وڵاتەکەمانەوە وەردەن، بەڵام داوامان ئەوەیە دەست لە سیاسەتی سازان و ساتوسەودا لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هەڵگرن. ئەوە گەورەترین یارمەتییە بە ڕاپەڕینی خەڵکی ئێران.

شتێکی دیکە کە پێویستە لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە کە لە سەردەمی ئێستادا، لە پێوەندی دەگەڵ ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرەکاندا، بێجگە لە فاکتۆری دەرەکی، فاکتۆرێکی دیکەش کاریگەریی گەورەی بۆ ڕووخانی ئەو ڕێژیمانە هەیە. ئەویش ئەوەیە؛ ئەو ڕێژیمە سەرەڕۆ و دیکتاتۆرییانە سەرەنجام لەبن قورسایی گەندەڵی و ناکارامەیی خۆیاندا دادەتەپن.
کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارێکەوە بە بنبەستی سیاسی و ئایدۆلۆژیی خۆی گەیوە. توانای چارەسەری ئەو گیروگرفتانەی نییە کە خەڵکی ئێران دەگەڵیان بەرەوڕوویە، درووشمی لانیکەمی داخوازی ناڕازییان بریتییە لە هەڵوەشانەوەی حیجابی ئیجباری، دەگەڵ دروشمی لانی زۆری داخوازیی خەڵک، واتە نەمانی دیکتاتۆری و دابینبوونی ئازادی و دێموکراسی، بەجۆرێک لێکگرێدراون کە هیچیان بەبێ یەکتر جێبەجێ نابن. بۆیە خاوەنڕایان دەڵێن ئەوەی لە ئێران ڕوو دەدات سەرەتای کۆتایی پرۆسەی ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی و تەواوبوونی چاخەکانی نێوەڕاستی ئێرانە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# "ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێک بۆ ڕزگاری




**ئاسۆ مینبەری**

ئەو ڕۆژەی کە "ژینا ئەمینی" بۆ سەفەرێکی چەند ڕۆژە ڕووی لە تاران کرد و لە کاتی دەسبەسەرکرانیدا بە دەستی هێزەکانی گەشتی ئێرشاد، وتی ئێمە لێرە غەریبین، نە خۆی و نە هیچکەسی تریش بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ناوی ژینا ئەتوانێ ببێتە مانشێتی گرینگترین ڕۆژنامە و هەواڵدەرییەکانی جیهان و ڕاپەڕینێک وەڕێ بخات.

مەرگی تراژیکی ژینا توانیی ببێتە دەسپێکی قۆناغێکی نوێ لە ژیانی ژنانی ئازادیخوازی کوردستان و ئێران، مەرگێک کە دەکرێ بڵێین هەوێنی لەدایکبوونەوەی هزری مرۆڤتەوەرانەی تاکەکانی کۆمەڵگە بەنیسبەت پرسێکی گرینگ بوو، پرسێک کە نەک تەنیا کۆمەڵگەی کوردستان و ئێران، کە هەموو سنوورەکانی جیهانیشی بەزاند و بە دروشمی "ژن، ژیان؛ ئازادی" لە هەموو وڵاتانی جیهاندا دەنگی دایەوە.

ڕوونە کە کۆمەڵگەی ئێران ساڵانێکی زۆرە لەگەڵ سەدان کێشەی جیاوازی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و ... بەرەوڕووییە و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەر جارە یەکێک لەم هۆکارانە، هەوێنی سەرهەڵدان و نارەزایەتییە جۆراوجۆرەکان بوو. بەڵام ئەمجارە مەرگی ژینا بوو کە هەموو کۆمەڵگەکەی هێنایە سەر شەقام و بەپێچەوانەی جارەکانی پێشوو، پێشەنگایەتییەکەی لە ئەستۆی ژنان بوو و بووە هۆی سەرهەڵدانی ڕاپەڕین، ڕاپەڕینێک کە لە کوردستان سەری هەڵدا، ژنانی لە شارە جیاوازەکانی کوردستان و ئێرانیش هێنانە سەر خەت و دواتر وای لێ هات کە چین و توێژە جیاجیاکانی وەک مامۆستایان، قوتابییان و خوێندکارانیش وێڕای باقی خەڵکەکە و وەک توێژی دیار و بەرچاوی کۆمەڵگە هاتنە سەر شەقامەکان تا داوای مافی زەوتکراوی خۆیان بکەن.

دروشمی "ژن، ژیان ؛ ئازادی" بوو بە "زن، زندگی، آزادی" و شەقامەکانی شارەکانی ئێرانی تەنی، بوو بە"Freedom" ، Life، و " Woman" و "نساء، حیاة، حرية" بەم شێوەیە وڵاتانی دیکەشی گرتەوە و ئەو پەیامەی بە گوێی جیهان گەیاند کە ئەمجارە خەریکە شۆڕشێکی ژنانە لە ئێراندا سەرهەڵدەدات کە توانیویە جیهانیش لەگەڵ خۆی ڕێک بخات.

لەم نێوانەدا ئاستی وشیاریی ژنان یەکێک لەو خاڵە گرینگانەیە کە دەبێ بایەخی تایبەتی پێ بدرێت، چونکە بەپێچەوانەی هەموو هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بێدەنگکردنیان، ئەوە ئەمجارە ژنانن کە بە هاوار و دەنگی نارەزایەتیی خۆیان، کۆمەڵگەیان لە خەوی بێئاگایی وەخەبەر هێناوەتەوە و بەگژ بیری دواکەوتووی ئاخوندەکانی ڕێژیمدا دەچنەوە.

ئەو بزووتنەوە و ڕاپەڕینەی کە ئێستا لە کۆمەڵگەدا سەری هەڵداوە و بە ناوی "شۆڕشی ژینا" ناوی لێ دەبەن، سەرهەڵدانێکی زۆر جیاواز لەوانەی ڕابردووە، هەر بۆیە بێگومان دەسکەوتەکانیشی دەبێ زۆر زۆر جیاواز بن.

بە پێچەوانەی ڕابردوو کە نارەزایەتییەکان لە شارێک سەریان هەڵدەدا و ئامانجەکەیان چارەسەرکردنی هەندێ پرسی ئابووری یان کۆمەڵایەتی بوو، ئەمجارە نارەزایەتییەکان چوونەتە قۆناغێکی نوێوە و بوونەتە ڕاپەڕین، لە هەموو شارەکاندا ئەم ڕاپەڕینانە بەردەوامن و هەموو چین و توێژەکان تێیدا بەشدارن، ئەمجارە بە پێچەوانەی جاران دروشمەکان باس لە سێ چەمکی گرینگ دەکەن، "ژن" کە بە درێژایی ٤٣ ساڵی ڕابردوو بەردەوام لەلایەن ڕێژیمەوە چەوساوەتەوە و هیچکات دەرفەتێکی لەم چەشنەی بۆ خۆنیشاندان و دەنگهەڵبڕین نەبووە، "ژیان" کە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هەمیشە لە خاچ دراوە و ئەوەی کە مانای نەبووە ژیانی سەردەمیانە بووە، لە کۆتاییشدا "ئازادی"، بووکی هیوای گەل کە لە ساڵانی ڕابردوودا بە گشتی لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئێرانیشدا هیچکات مانای ڕاستەقینەکەی هەستی پێ نەکراوە.

شۆڕشی ژینا، شۆڕشێکی مۆدێرنە، شۆڕشێکر لێوڕێژ لە وزە و پۆتانسییێل ، شۆڕشێکی دەگمەنە کە ئەگەر بە ئەنجامی دڵخواز بگات، دەچێتە مێژووەوە و نەوەکانی داهاتوو نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکوو لە هەموو جیهاندا وەکوو وانە دەبێ لێی فێر بن.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەوەی کە لەم ڕاپەڕینەدا گرینگە، فاکتەرەکانی بەجەماوەریبوون، هاوهەنگاوبوون، هاوهەڵوێستی و لە هەمووی گرینگتر پێشەنگایەتیی ژنانە.

زۆر بابەتێکی سەرنجڕاکێشە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکان بۆ پەروەردەی ئیدئۆلۆژیکی ژنان و بەستنەوەیان بە بیری چەقبەستووی ئیدئۆلۆژیکی دەسەڵات و بەکارهێنانی ئەو هەموو بوودجەیە، ئەوە ژنانن کە دەنگیان هەڵبڕیوە و داوای مافەکانی خۆیان دەکەن، ژنانن کە سینگیان کردووەتە قەڵغان و بە لابردنی ڕووسەری و وەدەرخستنی قژەکانیان پایەکانی دەسەلاتی ڕێژیمیان خستووەتە لەرزە و خەریکن هەیمەنەی پووشاڵیی ڕێژیم ڕادەماڵن.

بەڵام خاڵی گرینگ لەم ڕاپەڕینەدا ئەوەیە کە ئاراستەی دروشمەکان خەریکە لە ژنانەبوونەوە دەگاتە جێگایەک کە باس لە هاوپێوەندیی نەتەوەکان دەکات، باس لە خواست و ویستی گشتیی کۆمەڵگە دەکات و هەر هەموو ئەمانەش دیسانەوە لە دروشمە بەناوبانگەکەی "ژن، ژیان، ئازادی"دا خۆیان ڕێک دەخەنەوە، ئێستا ژینا و شۆڕشەکەی بوونەتە هێڵی هزریی کۆمەڵگە و، ئاراستەی کۆمەڵگە لەم ڕێبازەدا بەرەوپێش دەچێت و بە پێچەوانەی هەموو ڕوانگەکان، پیاوان پاڵپشتی ڕاستەقینەی ژنان و داخوازییە ڕەواکانی ئەوان و خۆیانن.

جەماوەریبوونی ئەم ڕاپەڕینانە و سەرهەڵدانی بەربڵاوی خەڵک لە شارە جیاوازەکان، لەلایەک لاوازیی هێزی سەرکوتی بەدواوە بووە و لەلایەکی تریشەوە یەک گوتاری جەماوەری ڕاپەڕیو، هەر خودی ئەم دوو فاکتەرەشن کە ئەتوانن هێزێکی چەند قات بە ڕاپەڕینەکە ببەخشن و هیوای ئەوە بە خەڵک بدەن کە ئەم ڕاپەڕینانە ئامانجەکەیان دڵخواز دەبێ و بە ئاکام دەگات.

لە کۆتاییدا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە هەرچەند مەرگی ژینا، مەرگێکی دڵتەزێن بوو، بەڵام بێگومان خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی ئێمەدا بەئەژمار دێت و دەتوانێ وەک لە دروشمەکانیشدا هەبوو ببێتە هەوێنی ژیان.

شۆڕشی ژینا نیشانی دا دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی"، دروشمێکە بۆ ڕزگاری و دەتوانێ کاروانی خەبات بە وێستگەی ئازادی بگەیەنێ.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# تێچووی ئێمە و گیرفانی ئەوان



**کەیوان دروودی**

لە ڕۆژانی ڕابردوودا بەشێوەی خشکەیی و بەئەسپایی، تێچووی قورسی کوردستان و بەلووچستان خرایە گیرفانی کۆمەڵێ کەسەوە کە لای نووسەر، لەخۆیدا مەترسییەکە لەسەر دەستکەوتەکانی ئەو قوربانیدانە. هەر لە یەکەم ڕۆژەوە ناوی ژینا بە هەشتەگێک گۆڕدرا بۆ ئەو ناوەی دامودەزگا حکوومییەکان دیارییان کردبوو. ئەمە یەکەم ململانێی مانایی بوو کە دەریخست، سەرەڕای گشت لایەنە ئەرێنییەکانی ڕاپەڕینەکە، جۆرێ لە شەڕی گێڕانەوە لە ئارادایە. شەڕێ کە وەکوو هەر ململانێیەکیتری نێوان هێژمۆنخوازی و ڕزگاریخوازی، نابەرانبەر و ناڕەوایە. بەرەبەرە و بە بانگەوازی مانگرتنێ کە لەلایەن ڕەوتە کوردستانییەکانەوە بڵاو کرایەوە، جۆرێکیتر لە گێڕانەوە دروست بوو کە یەکێکیان هەوڵی دەدا ئەم هەنگاوە پراکتیکییە بخاتە گیرفانی خۆیەوە و بەناوی "مانگرتنی گشتی" و ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە کوردستان تاقە شوێنێکی سەر جوغرافیای ئێرانە کە پێشوەختە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئامادەیی مانگرتنی هەیە. هەر بۆیەش بە بەردەوامی پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە نابێ ناوی ئەم مانگرتنە پاشگری کوردستانی پێیەوە بێ! کەچی بەڕوونی دەرکەوت هیچ مانگرتنێ لە هیچ شوێنێکیتر نەکراوە، بەوەشەوە دیسان پاشەکشەیان لە بۆچوونەکانیان نەکرد. هەر لە درێژەدا و بەو ڕەشەکوژییە لە کوردستان و بەلووچستان ڕووی دا، دانیان بەوەدا نەنا کە شێوازی سەرکوت لەسەر کورد و بەلووچ لە ڕووی بەکارهێنانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

چەک و تێچووی گیانی و ماددی جیاوازییەکی زۆری لەتەک شوێنەکانیتر هەیە، ئەوە گەورەترین زەنگی مەترسی بوو کە بزانین، نکۆڵی لە قورسایی لەڕادەبەدەری سەرشانی ئەو دوو میللەتە دەکرێ لە پێناو ئەوەی شوێن‌پێکان بسڕنەوە، ئەمەش سەرچاوە لەو عەقڵانییەتە دەگرێ کە فرچکی بە گێڕانەوەی ساختە گرتووە. ئەم عەقڵانییەتە تەنانەت کاتێ دەیهەوێ هاوخەمی دەرببڕێ، دەست لە ساختەکاری هەڵناگرێ و ناوی ڕەسمی و مێژوویی ڕێکخراوی سیاسی پشتگوێ ئەخات و بە "پەنابەر" ناویان دەبات! ئەم نەریتە فیزەونە لای وایە هێز لەسەرووی خواستی ئینسانی و ئەقڵانییە و پێویستە سۆز و ئاوەزی مرۆڤ لەلای هێزێکەوە ئاراستە بکرێ تا بە تێگەیشتنی خۆی، مەترسییەکان بۆ دەرفەت بگۆڕێ! ئەم ڕەوتە حاشای لەو ڕاستییە کرد کە تێچووی ئەم ڕاپەڕینە بە ماددی و گیانییەوە بالانسێکی هەرەبچووکیشی نەبوو. ڕێژەی بەندکراوان، بانگهێشت کراوان و گیان لەدەستداوانی ئەو ڕۆژانە، دەسەلمێنێ کە چەقی ئەو ڕاپەڕینە کوێیە و کێیە. وەکیتر لایەنێ کە ئەو تێچووەی داوە، وەکوو هەمیشە هێز و ئامانجی خۆی بۆ کرانەوە و بەختەوەرییەکی کۆیی تەرخان کردووە و بە بەردەوامی داوای هاوپێوەندی و لێکتێگەیشتنی کردووە. ئەمە لە خۆیدا دژی ئەو ئەقڵانییەتەیە کە بە گشت توانایەکەوە نکۆڵی لەو زەرووەرتە دەکات و وا دەنوێنێ کە کێشەیەک جیا لە بوونی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەر نییە. لێرەدایە کە هەڕەشە دروست دەبێ و دەبێ بزانین باوەشی کراوە، هەمیشە ئاکامی دڵخوازی نابێ، بەڵکوو جار وایە هێزی و ئیرادەی تۆ بۆ ئاشتەوایی وەکوو ئامێرێ بەکار دێنێ تاکوو لەکۆتاییدا بە هەمان هێز، مامەڵە بکات و نە لە درگای یەکسانی و عەقڵانی، بەڵکوو لە درگای سەردەست و بندەستەوە کایە بکات.

ئەم ڕاستییە ئەوکات زیاتر دەردەکەوێ کە تێگەیشتنێکی قووڵمان لە ڕای گشتی "public opinion" هەبێ. ئەم چەمکە مودێڕنەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ستراکچری دەوڵەت - نەتەوە. ڕای گشتیی لە پەراوێزی دەوڵەت دروست دەبێ و خۆی لەفۆرمی جیاواز نوێ دەکاتەوە. لە ئێراندا و لە یەک سەدەی ڕابردوودا ئەم ڕای گشتییە فۆرمێکی تایبەتی گرتووە کە بەرهەمی باڵادەستیی یەک نەتەوەیە، بۆیە لە کاتێکی وەک ئەم ڕۆژانەدا، لەلایەن جەماوەرەوە بەرهەم دێتەوە ئەگەر تەنانەت دژی دەسەڵاتیش بێ، بەڵام لە هێڵە سەرەکییەکانی لا نادا. یەکێ لەو هێڵە سەرەکییانە کە بە هاتنەسەر کاری ڕەزا شاوە بەرجەستە بوو، حاشاکردن بوو لە بوونی داخوازیی دابەشکردنی دەسەڵات و نکۆڵی لە بوونی ئیرادەی گشتی. هەر بۆیە لەبەرامبەر دروشمی پڕ لە مانا و زیندوویی "ژن، ژیان، ئازادی" دروشمی پیاوساڵارانە و گەشەسەندوویی ساختە قیت ئەبێتەوە. ڕای گشتی لەبەر ئەوەی شوێنکەوتەی دوو سەرکوتکەی هێژمونخواز بووە و هیچکات دەرفەتی سازان و خۆدەرخستنی نەبووە، ترسێکی یەکجار زۆری هەیە کە بەم گۆڕانە کوتوپڕە بەرەورووی ڕاستییەک بێتەوە کە دەیان ساڵە لەژێر ناوی پیرۆزی و تەقدیسدا شاردراوەتەوە. لە ئێستەدا پێگەی پیرۆزی پاوشا و وەلی فەقیە تێکشکاوە و جێگرەوەیەکی ڕوون نییە تاوەکوو ئەو ئاوەز و سۆزە کە لە سەرەتا باس کرا، ئاراستە بکات. هەر بۆیە دروشمی ژن، ژیان و ئازادی گەڕاندنەوەی هێزە بۆ شەقام و کۆمەڵگە و دەچوونی لەژێر باری دەسەڵات سەرەوڕۆ و تاکەکەسی و پێویستە نیوەچڵ بکرێ. بەڵام



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نەوەیەک کە ئەمڕۆ دینامیزمی ڕاپەڕینە بەزۆری پێملی ئەم نەریتە باوە سەپێندراوە نییە و ئەوەش جێی دڵخۆشییە.

هەر بۆیە، دەبێ بەوردی ئاگامان لەوە بێ کە سەرەڕای درێژەپێدان بە مەیل و خواستی هاوکاری و هاوسۆزی، تێچووی نەتەوە بندەستەکان نەخرێتە گیرفانی ئەو لایەنانەوە کە تەنیا وەکوو ژمارە حسێب بۆ ئەو تێچووە دەکەن و بارە مانایی و مێژوویی و فەرهەنگییەکەی پەراوێز دەخەن. پتەوکردنەوەی پەیوەندیی نێوان ئەوانەی تێچووی ئەم ڕاپەڕینە دەدەن و هەروەها یارمەتیدان بەو هێزە بەخرۆشەی لە کۆتوبەندی ئایدیۆلۆژیی چەقبەستوو ڕزگار بووە و قسەی تازەی پێیە، گرینگترینی ئەو ئەرکانەیە کە ئەمڕۆ هەستی پێ دەکرێ. هەروەها شەفافیەت و ڕاشکاوی لە وتاردا ڕێگەی ئەوە دەگرێ کە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆژانەش، وەکوو ڕابردوو بکرێ بە بەڵگەیە بۆ نکۆڵی و حاشا لە دوارۆژدا. دەبێ ئەو ڕاستییە بە ئەرێنی وەربگرین کە نە لە ستراکچری دەسەڵاتی ئیستبدادیی مودێرن و نە لە ڕای گشتیی بەزۆی شوێنکەوتە کراودا، نەک هەر ڕۆچنەیەک بۆ مامەڵە و لێکتێگەیشتن نییە؛ بەڵکوو وەکوو هێڵێکی سوور سەیر ئەکرێ. تێچووی لابردنی باری گرانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، لەسەر شانی ئەوانەیە کە لەم ڕۆژانە لەشەڕی گێڕانەوەدا پەراوێز خراون.

و ئەوەش ئێمە لەڕووی ئەخلاقی و مێژووییەوە ئەرکدار دەکات ئەو گێڕانەوەیە لە گشت ڕوویەکەوە تێک بشکێنین. ئەمە نەک کێشە و لەمپەر دروست ناکات، بەڵکوو ڕێخۆشکەر دەبێ بۆ داهاتوو تا بەگێڕانەوەیەکی ساختەوە نەکەوینە نێو دۆخێکی کوتوپڕدا. بێگومان ڕەوایی و هێزی ئێمە زیاتر لەوەیە کە بە ساختەکاری پەردەپۆش بکرێ.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٨ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

# پشت پەردەی گوشارەکانی ئەم دواییەی تاران لەسەر هەرێمی کوردستان




**زریان رۆژهەڵاتی**

## بەرایی

خۆپێشاندانەکانی ژینا پێی ناوەتە هەفتەی چوارەم و لە رۆژانی رابردووشەوە گوشارەکانی ئێران بۆسەر هەرێمی کوردستان لەبارەی مانەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵات زیادیکردووە. ئێران لە ٢٨ی سێپتەمبەردا بۆ لێدانی حیزبەکانی رۆژهەڵات، بەجارێک نزیکەی ٧٠ مووشەک و درۆنی نا بە خاکی هەرێمی کوردستانەوە کە بەشێکی ئامانجەکانیش بە دووری زیاتر لە ١٠٠ کیلۆمەتر لە سنوور بوو و شوێنی کەسانی سڤیل بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا هەڕەشەکانی ئێران سەبارەت بە ئەگەری دەستوەردانی زیاتر و تەنانەت هاتنی هێزی ئێرانی بەردەوام بوو. پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە کە دوا گۆڕانکارییەکانی پەیوەست بەو بابەتە چین و پشت پەردەی ئەو بابەتە چی تێدایە کە بەرپرسانی سیاسی و سەربازی تاران مژاری مانەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتیان لە هەرێمی کوردستان گەرم کردووەتەوە؟



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## بۆچی ئاگربەست؟

میدیاکانی نزیک لە سوپای پاسداران دەستەواژەی ئاگربەستیان بۆ دۆخی دوای هێرشە مووشەکی و درۆنییەکان بەکارهێناوە و جەختیان لەوە کردووە کە درێژەکێشانی ئەو ئاگربەستە، پەیوەندی بە رەفتاری بەرپرسانی هەرێمی کوردستانەوە هەیە. وا پێدەچێت کە ئێران سەبارەت بە مانەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە چوار شوێنی نزیک سنوور (بەردە سۆر، سەقەر، بەربزین و ئالانە) لە ناوچەیەکی نێوان چۆمان و سیدەکان لە پارێزگای هەولێر زۆر هەستناک بووبن.

هەروەها نیگەرانیش بووبن لە ئەگەری پەیوەندی کۆنسوڵخانەی وڵاتانی دەرەوە و بەرپرسانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ حیزبەکانی رۆژهەڵات. هێشتا بە تەواوی روون نییە کە ئەم بابەتە بە کوێ دەگات، بەڵام لەوانەیە دانوستاندنەکانی پشت پەردە جۆرە رێککەوتنێکی کاتیی لێکەوتبێتەوە، بۆیە باسی ئاگربەست دەکرێت! هەڵبەت بەکارهێنانی دەستەواژەی ئاگربەست دەتوانێت بۆ خۆی نیشانەی هەبوونی ئامانجێکی فراوانتر لە بابەتی شوێنەکانی مانەوەی پێشمەرگەکانی حیزبەکانی رۆژهەڵات یان دیداریان لەگەڵ لایەنە جیاوازەکانیش لەخۆ بگرێت. ئەو حیزبانە بە نزیکەیی لە ساڵی 1996وە چالاکییە چەکدارییەکانیان لە دژی ئێران راگرتووە و پرسی مانەوەییشان لە ساڵانی رابردوودا نەبووەتە گرفتێکی گەورە لە نێوان هەولێر و تاران. بەڵام ئەوە پرسیارەیە، بۆچی لەم کاتەدا وەک پرسێکی گەورە لە پەیوەندییەکانی هەردوولادا قیت بووەتەوە؟

## پاڵنەری گوشارەکانی تاران

بێشک یەکێک لە گرنگترین فاکتەرەکانی پشت ئەو هێرش و گوشارانەی ئەمدواییەی تاران دوورخستنەوەی سەرنجەکانە لەسەر خۆپێشاندانەکانی ناوخۆی ئەو وڵاتە کە بە یەکێک لە گرنگترین رووداوەکانی ٤ دەیەی رابردووی ئەوێ هەژمار دەکرێت. هەبوونی نارەزایی لە شوێنێکی وەکو کوردستان یان بەلوچستان لە ئێران شتێکی ئاسایی بووە، بەڵام ئەوەی کە ئێستا جیاوازە ئەوەیە کە خۆپێشاندان بە شێوەیەکی بەرچاو لە شارە شیعەنیشنەکانی ئێرانیش دەکرێت و ئەمەش دوور نییە لەو شەپۆلە نارەزاییە جەماوەرییەی کە چەند ساڵێکە لە لوبنان، عێراق و ئێستاش لە ئێران دروستبووە. رەنگە بەرپرسانی ئێران بە هیوابن بەوەی کە ئەگەر خۆپێشاندانەکان بە دەستوەردانی دەرەکی، پلانی وڵاتان و هەوڵی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ببەستنەوە، ئەوسا دەتوانن بە لەونێک رای گشتی وڵاتەکەیان ئارامتر بکەنەوە!

خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە لەوانەیە ئێران دڵنیا نەبێت لەوەی کە لە ماوەی درێژخایەندا چی لە عێراق روودەدات. بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەبەرچاوگرتنی ئەو شەپۆلە بیرکردنەوە دژە ئێرانییەی کە لە ٢٠١٨ـەوە لە عێراق بەردەوام گەشە دەکات، لەوانەیە دۆخی ئێستا بە باشترین دەرفەت بزانێت بۆ ئەوەی پرسی مانەوەی ئۆپۆزیسیۆنی کوردی وڵاتەکەی لە هەرێمی کوردستان یەکلابکاتەوە، وەک ئەوەی کە سەبارەت بە موجاهیدنی خەڵق کردی. لە بیرمان نەچێت ئەو کاتەی کە عادل عەبدولمەهدی بووە سەرۆکوەزیران، بۆ جاری یەکەم لە دوای ٢٠٠٣ـەوە، چارەسەرکردنی پرسی مانەوەی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی وڵاتان لە عێراق لە بەرنامەی حکومەتدا جێگیر کرا. بۆیە ئەم بابەتە شتێکی تازە نییە و دەتوانێت ریشەیەکی درێژتر لە خۆپێشاندانەکانیشی هەبێت.

هەڵبەت ئەمە تاکە فاکتەر نییە و دەشێ مژاری پێکەوەنانی حکومەتی بەغداش بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار بەو گوشارانە بێت. سەرەڕای ئەوەی کە لە مانگی رابردوودا رێککەوتنێکی نێوان چوارچێوەی هاوئاهەنگی و پارتی دیموکراتی کوردستان و سوننەکان هاتە ئاراوە، بەڵام پێدەچێت ئەو رێککەوتنە کێشەیەکی تێکەوتبێت! لایەنە کوردییەکان هێشتا نەگەیشتوونەتە رێککەوتن و ئەمەش بۆ خۆی دەتوانێت رەنگدانەوەیەکی رێکنەکەوتنی کۆتایی چوارچێوەی هاوئاهەنگی و پارتی دیموکراتی کوردستان بێت.

دیدگایەکی بەهێز لەنێو ئێران هەیە کە پێویستە دەسەڵاتی ئێران یەکدەست بێت و رەنگە بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی ئێستا، تاران زیاتر حەزی لەوە بێت کە لە بەغداش حکومەتێکی یەکدەست و نزیکتر لە خۆی ببینێت، یان لانیکەم حکومەتێک بێت کە مەرجی زۆر قبوڵ نەکات. بێگومان ئەمەش دەتوانێت کاریگەریی لەسەر هەوڵەکانی ئەوان بۆ کۆنترۆڵکردنی شەپۆلی ناڕەزایی نێوخۆی وڵاتەکەیان هەبێت و ئەگەر لە عێراقیش خۆپێشاندانێکی دیکە رووبداتەوە، لەوانەیە هاوشێوەی پێشتر بە توندی هەوڵی سەرکوتکردنی بدرێت وەک ئەوەی پێشتر کرا. بۆیە پێدەچێت یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو گوشارانە ناچارکردنی پارتی بێت بە رێککەوتن لەگەڵ چوارچێوەی هاوئاهەنگی بە مەرجێکی کەمترەوە.

فاکتەرێکی دیکەش دەتوانێت پەیوەندی بە پرسی رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە هەبێت و لەوانەیە، هاوکاتبوونی هێرش و گوشارەکان لەسەر هەرێمی کوردستان لەگەڵ زیادبوونی هێرشی گرووپە چەکدارییەکان بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە سووریا و تەنانەت عێراقیش نیشانەیەکی ئەوە بێت. دەشێ ئەمەش بۆ ئەوە بێت کە تاران بە تەمابێت کاریگەریی خۆی لەسەر ئارامی و نائارامی ناوچەکە پیشانی ئەمریکا بداتەوە.

## کۆتایی

بابەتی مانەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵات لە هەرێمی کوردستان بۆ سەردەمێکی زۆر زووتر دەگەڕێتەوە و بۆ چەند دەیە دەچێت



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کە ئێران بە جۆرێک لەگەڵ ئەو پرسەدا راهاتووە. حیزبەکانیش تەنانەت چالاکییەکی چەکدارییی ئەوتۆیان لە دژی ئێران ڕێکنەخستووە. بگرە هەندێک لەو بارەگایانەی کە کراوەنەتە ئامانج نزیکەی ١٥٠ کیلۆمەتر لە دووری سنووریش بوون. بۆیە دەشێ هۆکاری گوشارەکان لە ڕێی ئەو بابەتەوە، زیاتر پەیوەندی بە خۆپیێشاندانەکانی ژینا، پرسی پێکهێنانی حکومەت و دۆخی عێراق، هەروەها مژاری ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی تارانەوە هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو – ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## هەڵوێستی هێزە شیعەکانی عێراق لەمەڕ دوا پێشهاتەکانی ئێران



**یاسین تەها**

یاسین تەها، خوێندکاری دکتۆرا لە مێژووی ئایین و ئایینزاکان، هەروەها شارەزا لە کاروباری عێراق

**دەسپێک**

بە سەرنجدان لە سەرقاڵبوونی هێزە سیاسییەکانی شیعە بە کێشمەکێشەکانی پێکهێنانی حکوومەتی عێراق و گرژییەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نێوماڵی خۆیانەوە تاکوو ئێستا و، هەروەها خۆپیشاندانەکانی ناوخۆی ئێران دژ بە ڕژێمی حوکمڕان و هێرشەکانی سەر بنکە و بارەگاکانی حزبە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات لە قووڵاییی خاکی هەرێمی کوردستان و، دوا بە دوای ئەمەیش هاتنەسەرهێڵی پێشهات و دەمەقاڵێکان، ئەم بابەتە هەوڵ دەدات تێڕوانینی شیعەی عێراق لەبارەی ئەو دوو تەوەرەیە شەنوکەو بکات.

## یەکەم: ئیشکالییەتی پەیوەندیی شیعەی عێراق لەگەڵ ئێران

هەڵوێست لە دەوڵەتی ئێران و چۆنێتیی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕژێمی حوکمڕان لە ئێران جێگەی مشتومڕی بەردەوامە لە عێراق بەگشتی و لە شەقامی شیعەدا بەتایبەتی، جەمسەرێکی بەهێزە کە هەندێک لە هێزە شیعە چەکدارەکان لەخۆ دەگرێت بەبێ سێ و دووکردن لە هەموو هەڵوێستێکدا پشتیوانی لە ئێران دەکەن و خەونیان ئەوەیە ئەزموونی ئەو وڵاتە لە ویلایەتی فەقیه، بگوازنەوە بۆ عێراق؛ نموونەی زەقی ئەمانەیش حزبوڵلا و هێزە وەلائییەکانی تری هاوشێوەیەتی لە چەشنی بزووتنەوەی نوجەبا[1] ؛ هەندێکی تر لەوانە لە هاوپەیمانییەکی بەهێزدان لەگەڵ تاران بەبێ ئەوەی لە نموونە سیاسی و مەزهەبییەکەیدا بتوێنەوە یان هەوڵی کۆپیکردنی بدەن، وەک حزبی دەعوەی ئیسلامی کە ئەگەرچی بۆ دەستخستنی پشتیوانی و کۆمەکی ئێران، پشتوانی لە هەڵوێستەکانی دەکات، بەڵام بەکردەیی بڕوای بە ویلایەتی ڕەهای فەقیه نییە و لە بری ئەوە نموونەی سیاسیی تایبەت بە خۆی پەسەند کردووە کە شوورا و فرەییی سیاسییە تا گەیشتن بە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی لە کۆتا وێستگەدا[2] . ئەم حاڵەتەی دەعوەیش، کە دایکی هێزە سیاسییە شیعەکانە، بۆ هەندێک هێزی تری وەک ڕەوتی حیکمە هەر هەمان شتە کە لە ناوەڕاستدا لەنگەری گرتووە؛ بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە، سەرجەم ئەم هێزانە ئێستا لەژێر چەتری "چوارچێوەی هەماهەنگی"دا کۆ بوونەتەوە کە یەک لە دوو جەمسەرە سەرەکییەکەی شیعەی عێراقە و بەگشتی لەسەر بەرەی ئێران ئەژمارە.

پەیوەندیی شیعەی عێراق لەگەڵ ئێران تەنیا بە ناکۆکی و وردەکاریی بیری سیاسییەوە پەیوەست نییە، بەڵکە تێکەڵ دەبێت لە ڕکابەریی نێوان قوتابخانە ئایینییەکانی نەجەف و قوم؛ هەروەها ئەو هەستیارییە ناوچەیییەیشی کە ساڵانێکی زۆرە لە نێوان عێراق و ئێراندا هەیە وەک دوو وڵاتی عەرەب و فارس کە مێژوویەکیان لە پێکدادان هەیە. هەر بەم هۆیەیشەوە پاشکۆیەتیکردنی زەقی ئێران لە گوتاری زاڵی جەماوەریی عێراقیدا ڕەخنە و لاقرتێی بەسەریدا زاڵە. هەر لەم نێوەیشدا ئەم چەند ساڵەی دوایی زاراوەی "کلکەکان - الذیول" بە شێوەیەکی بەربڵاو لە ئەدەبیاتی میدیایی و لەلایەن خۆپیشاندەرانی نارازییەوە دابڕێنرا بەسەر ئەو هێز و لایەنانەی بەرەهایی شوێنکەوتەی ئێرانن و بەرژەوەندییەکانی تاران پێش بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی عێراق دەخەن و پاساو بۆ ئەوەیش دەهێننەوە[3] . هەرچەندە ئەم زاراوە و چەمکە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

زیاتر داتاشراوی خەڵکە ڕەخنەگرە مەدەنییەکەی شەقامی شیعییە، بەڵام لە ناوەندی شیعە پابەندە عێراقچییەکانیشدا هەر ئامادەیی هەیە و ئەوانیش هەستیارن بەرامبەر پەلکێشانی بەردەوامی ئێران بۆ ناو قووڵاییەکانی عێراق، بەتایبەت کە نموونەی ویلایەتی فەقیهی ئێرانی شەریک قبووڵ ناکات و سروشتەکەی زیاتر شوێنکەوتەییە تا هاوتایی لە پەیوەندی و مامەڵەکردندا.

بەرکەوتنی هەستی عێراقچێتی و ئێرانیزم ناوبەناو لە پەنهانەوە دێتە رووکار، بۆ نموونە کۆتاییی ئەیلوولی ڕابردوو بیرمەندی شیعەی عێراقی، غالب شابەندەر، لە "دیداری ڕافیدەین" بەڕووی بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی ئێراندا تەقییەوە، کاتێک هۆکاری سەرکەوتنی بەسەر داعشدا کورت کردەوە لە هەوڵەکانی قاسم سلێمانی و پشتیوانییەکانی ئێران؛ لە کاتێکدا شیعەی عێراق پێیان وایە فەتواکەی سیستانی و پاشان هەڵمەتی حەشد و هێزە عێراقییەکان هۆکاری یەکەمی سەرکەوتنن([4]). ئەم دەمەقاڵێیە کە دەچێتەوە سەر ڕیشەی هاوتایی و پاشکۆیەتی لە مامەڵەکردندا، بەخێرایی دەرگەی کردەوە بۆ حساب و کتابی دەستەبژێری شیعە عێراقییەکان لەبارەی هاوکارییەکانی ئێران و پەیوەندیی هەردوو وڵات؛ هەندێک لەوانەیش باسیان لەوە کرد ئێران پاداشتی هاوکارییەکانی عێراقی بەزیادەوە وەرگرتووەتەوە؛ داعشیش مەترسییەکی هاوبەش بووە لەسەر هەردوو وڵات و ئێرانییەکان لەبەر خاتری خۆیان بەدەم عێراقەوە هاتوون و زۆر قسەی تری هاوشێوە([5])، کە سەرجەمیان گوزارشتن لە هەستیاریی هەردوولا بە یەکتر. لەسەر ئەمەیش حەسەن نەسروڵڵا، ئەمینداری گشتیی حزبوڵڵا، لە لوبنانەوە هاتە سەرخەت و ڕەخنەی توندی لەو دەنگە عێراقییانە گرت و ڕای گەیاند، "چۆن دەبێت عێراقییەکان پاڵپشتییەکانی ئێران لەبیر بکەن!؟" ([6]).

### دووەم: هەڵوێستی شیعەی عێراق لە خۆپیشاندانەکانی ئێران

سەرباری هەستیاریی بەشێک لە شیعەی عێراق بە پەلکێشانی بەردەوامی ئێران لە عێراقدا، سەرجەم هێزە شیعەکان لەو پرسە جەوهەرییانەی کە پەیوەندیی بە ئایندە و چارەنووسی ڕژێمی "کۆماری ئیسلامی"یەوە هەیە، زیاتر لایەنگری لە تاران دەکەن یان لانی کەم ناچنە بەرەی خوازیارانی ڕووخانییەوە. لەم نێوەندەیشدا هێزە سەرەکییەکانی شیعە و تەنانەت ئەوانەیشیان کە ڕاستەوخۆ پاشکۆی ئێران نین، خۆیان لا داوە لەوەی دوور و نزیک باس لە خۆپیشاندانەکانی ئێران بکەن. سەرجەم میدیا شیعەکانیش بەبێدەنگی نارەزایەتییەکانی ئەو وڵاتە و کاردانەوە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە خۆپیشاندنەکانیان بەڕێ کردووە ([7])، لە کاتێکدا خودی عەلی خامنەیی، ڕێبەری باڵای ئێران، لەبارەی ئەو خۆپیشاندانانەوە کاردانەوە و ڕوونکردنەوەی هەبووە و دانی ناوە بە مەترسیی پێشهاتەکە و وەک نەریتی هەموو جار، پەیوەستی کردووەتەوە بە ئەمریکا و ئیسرائیلەوە([8]).



https://serchawe.com

شیعەکانی دەرەوەی ئێران، بەتایبەت عێراق، ئەوە لەبەرچاو دەگرن کە ئێران لە ئێستادا گرنگترین و گەورەترین سەنتەری مەزهەبیی شوێنکەوتووانی ئاییینزاکەیە، چونکە لەو ساڵانەی شیعەگەری لە عێراقدا لەژێر گوشاردا بووە، شاری قوم دەرفەتی بۆ ڕەخساوە ببێتە پێگە و بنکەی مەرجەعەکان و کۆڕەکانی خوێندنی حەوزەیی و، بەشێکی بەرچاوی نیشتەجێکانی ئەم شارە ئاییینییەش عێراقین. هەروەها ئێران سەنتەری ئایدیۆلۆژیای هاوچەرخی شیعەیە و زەقترین نموونەی دەوڵەتداریی ئەم پێکهاتەیە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی؛ بەم هۆیەیشەوە ئێران لای سەرجەم شیعەی دەرەوەی خۆی، جێگەی ڕێز و قورساییە، چونکە بەهۆی ئەزموونی حوکمڕانیی ئەم دەوڵەتەوە کەلتووری شیعەگەری بووژاوەتەوە، لە کاتێکدا لە عێراق و لوبنان و وڵاتانی کەنداو لەژێر چەپۆکدا بووە([9]).

ئەم ڕێزگرتنە گشتییەی ئێران لای سەرجەم شیعەکانی عێراق بە ڕێژەی جیاواز ئامادەییی هەیە، بە موقتەدا سەدر و ڕەوتەکەیشییەوە، کە هەمیشە لە ڕەخنە و بەرخوردەکانیاندا ئێران لە باڵەکانی جیا دەکەنەوە و لە پەیامێکی بەناوبانگیشدا جارێکیان سەدر پاکانەی بۆ ئێران کرد لە دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە کاروباری عێراق لە پاش هەڵبژاردنەکان([10])؛ ئەمە لە کاتێکدا هێرشی توندی کردە سەر باڵەکانی لە عێراق. هەروەها لەو کاتانەیشی سەدر ڕەخنە لە ئێران دەگرێت، خۆی لە ناوهێنانی ڕاستەوخۆی یان بەکارهێنانی وشەی زبر لا دەدات([11])؛ لە هەندێک کاتیشدا زمانی تکاکردن و موجامەلە بەکار دەهێنێت، وەک لە کۆتا نامەیدا بۆ قائانی لەبارەی هێرشە مووشەکییەکانی سەر هەولێرەوە بەڕوونی دیارە([12]). ئەوەی لە هەڵوێستەکانیشییەوە دەخوێنرێتەوە، سەدر دوژمنی ئێرانییەکان نییە و خوازیاری کەوتنی ڕژێمەکەیشی نییە، بەڵام هەوڵ بۆ دروستکردنی باڵانس دەدات لە نێوان هەژموونی ئێران و بەرژەوەندییەکانی عێراق؛ خوازیارە ئێرانییەکان وەک کاریگەرترین هێزی شیعەی عێراق قبووڵی بکەن و، پەیوەندییەکەیش لە پاشکۆیەتییەوە بگۆڕێت بۆ هاوتایی، یان ڕێژەیەکی زۆر هاوسەنگیی تێدا بێت.

شیعەکان بەگشتی هەمیشە ترسی تارماییی پلانی ئەمریکا و ئیسرائیلیان بەسەردا زاڵە؛ بەرچاویشیان ڕوون نییە دەربارەی پێشهاتەکانی ئێران و ئاییندەی ئەو وڵاتە لە حاڵەتی کەوتنی ڕژێمەکەیدا. ئەمەیش هاندەریانە لەوەی بەهەستیاری و دڵەخورتێوە مامەڵە لەگەڵ هەر ئەگەرێکی چاوەڕواننەکراو بکەن لە ئێراندا، بەتایبەت کە ئەم وڵاتەیش وەک عێراق و سووریا فرەپێکهاتەیە و ئەگەر هەیە کەوتنی ببێتە هۆی لاوازبوونی شیعەگەری؛ ئەوانەیشی بەرگریکاری "کۆماری ئیسلامی"ن، هەر لەسەر ئەم ترسە کار دەکەن. لەم چوارچێوەیەیشدا بەر لە عەلی خامنەیی، ڕێبەری ئێران، حەسەن نەسروڵڵا ئەوەی ورووژاند کە ئەوەی لە ئێران ڕوو دەدات "پیلانی دوژمنانە" و "ئێران باجی دوژمنەکانی دەدات"، هەروەها پێداگریی زۆری کرد کە خۆپیشاندانەکان پەیوەندییان بە حیجاب و ڕووداوی ناوخۆ و کەیسی "ژینا (مەهسا) ئەمینی"یەوە نییە([13]).



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

### سێیەم: هەڵوێستی هێزە شیعەکانی عێراق لە هێرشەکانی ئێران بۆ سەر کوردستان

شیعەکان بە شێوەیەکی نیمچەبەردەوام ڕەخنە و ناڕەزایەتییان لە هێرشەکانی تورکیا بۆ سەر خاکی عێراق لە ئاراستەی هەرێمی کوردستانەوە هەبووە. لە هاوینی ئەمساڵدا کە کار گەیشتە بەئامانجگرتنی گەشتیارانی ناوەڕاست و باشووری عێراق لە هاوینەهەوارێکی دهۆک، کاردانەوەکان لە هەموو کات توندتر بوو و کار گەیشتە بانگهێشتی باڵیۆز و گەڕاندنەوەی باڵیۆز و پەنابردن بۆ ئەنجومەنی ئاسایش[14]. ئەم هەنگاوانەیش لانی کەمی ئەو پەرچەکردارنەن کە دەبوو عێراق لە ئاست هێرش بۆ سەر هاووڵاتییەکانی هەیبێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە ئاست هێرشەکانی ئێران بۆ سەر کەمپی ئاوارەکانی کۆیە و بنکە و بارەگای حزبە پەنابەرەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە زرگوێز و پردێ و باڵەکایەتی و شارباژێڕ کە دەرهاوێشتەی خۆپیشاندانەکانی ئێرانن، هێزە شیعەکان بێدەنگییان هەڵبژاردووە؛ لە کاتێکدا هێرشەکانی ئەم دواییەی ئێران پێشهاتی نوێ و پەرەسەندنی گەورەیان تێدا بوو؛ یەکەم جارە لە یەک کاتدا چەند میحوەرێک بە ئامانج بگیرێت، ڕۆکێت و درۆنی تێدا بەکار بهێنرێت، قووڵایی هێرشەکانیش فراوانتر کران و جگە لە ئامانجی سەربازی، خەڵکی سڤیل و مەدەنییش بەرکەوتن کە هەندێکیان خوێندکاری بنەڕەتی بوون. شتێکی زانراویشە چەمکی سەروەری (السيادة)، گشتگیر و هاوبەشە و قابیلی بەشکردن نییە.

تاقە هێزی شیعەیش تا ئێستا بەئاشکرا دژی هێرشەکان وەستابێتەوە، "ئیئتیلافی نەسر"ی "حەیدەر عەبادی"یە، بەڵام ئەویش بە زمانێکی دیپلۆماسییانەی نەرم و بە پەیوەستکردنەوەی هێرشەکانی ئێران بە هێرشەکانی تورکیاوە[15]. ئەم بێدەنگییەی شیعەیش لەسەر هێرشەکانی ئێران لە کاتێکدایە هەندێک لایەنی کوردی و بەدیاریکراوی بەرپرسانی پارتی لە بەغدا، داوای هەڵوێستیان لێ کردوون؛ بەو پێیەی بێدەنگییەکەیان لە ئاست پێشێلکردنی سەروەریی وڵاتە[16].

### چوارەم: هەوڵی وەبەرهێنان لە قەیرانی ئەم دواییەی ئێران

پاساوی فەرمیی حکوومەتی ئێران بۆ هێرشەکانی ناو هەرێم، جموجۆڵی گرووپە چەکدارە دژبەرەکانی خۆیەتی لەناو خاکی هەرێمدا، کە پێیان وایە سەرچاوەی مەترسییە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئێران([17])؛ هەروەها ئاژانسە ئێرانییەکان لە پاساودانی هێرشەکاندا باس لەوە دەکەن لە ساڵی ١٩٩٢ بەدواوە تا ئێستا سوپای تورکیا بەئاشکرا هاتووەتە هەرێمی کوردستان و بنکە و بارەگای سەربازیی تێدا دروست کردووە و، ئێستا لە ڕێگەی ٦٠ بنکەی سەربازییەوە نزیک بە سێ لە سەدی هەرێمی کوردستانی بەدەستەوەیە؛ ڕۆژانەیش زیاتر لە ٥٠ جار فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیا بەسەر ئاسمانی هەرێمدا



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەسووڕێنەوە و بە بیانووی گەڕان بە دوای چەکدارانی پەکەکە بۆردوومانی دەکەن[18]. لای خۆیشیانەوە هەندێک کەسایەتیی ناو چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعەیش پێیان وایە، مادەم حکوومەتی عێراق نیگەرانییەکانی ئێران نارەوێنێتەوە، ئەوە ئێران ناچارە، لەسەر شێوازی ئەو مۆدێلەی تورکیا پەیڕەوی دەکات، خۆی بە زەبری هێز ئامانجەکانی خۆی لە عێراق بەدی بهێنێت[19].

هەندێکی تر لە پەڕگیر (توندڕەو)ەکانی هێزە شیعەکان لە هەوڵی ئەوەدان، بارودۆخی ئەم دواییە بقۆزنەوە بۆ داواکردنی دەرکردنی هێزە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر خاکی هەرێمی کوردستان لەسەر شێوازی ناچارکردنی "موجاهیدینی خەلق" لە بەجێهێشتنی "کەمپی ئەشرەف"ی دیالە لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢ - ٢٠١٣ بە کەڵکوەرگرتن لە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق. لەم نێوەیشدا یەکێک لە بەرپرسە میدیاییەکانی حەشد (موهەنەد حسێن) لە دیداری میدیاکانی سوپای پاسدارانی ئێران هێرشی کردووەتە سەر ئەو حزبە کوردییانە و داوای کردووە "بۆ هەتاهەتایە لە کوردستان دەربکرێن". ئەم بەرپرسە عێراقییەی حەشد باسی لەوە کردووە ئەو هێزانە لەلایەن لۆبییەکانی ئیسرائیلەوە پاڵپشتی دەکرێن[20]؛ ئەمەیش دووبارەکردنەوە و کۆپیکردنی هەمان گوتاری فەرمیی سوپای پاسداران و ڕای فەرمیی ئێرانە کە سوورە لەسەر ئەوەی ئەو بنکە و بارەگایانەی دەیانکاتە ئامانج لە هەرێمی کوردستان، بەشێکن لە پێگەکانی ئیسرائیل[21]. ئەمەیش وشەکلیلی زۆربەی گوتارە سیاسییە شیعییەکانە لە تارانەوە تا بەیروت و لەژێر ئەم پاساوەدا هەرچیی دەستوەردانی ئێران هەیە لە سووریا و یەمەن و عێراق و لوبنان پەردەپۆش کراون؛ بەو پێیەی جەنگی مقاوەمەت و بەرەنگاربوونەوەی هەژموونی ئەمریکا و ئیسرائیلن.

هەندێک پەرلەمانتاری تری هاوپەیمانیی فەتحی شیعە هۆکاری بەئامانجگرتنی کوردستان، دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی "هەرێم بووەتە پەناگەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران"؛ هەروەها باس لەوە دەکەن خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئێران، لە هەرێمی کوردستانەوە ئاراستە کراوە[22]؛ ئەمەیش جۆرێکە لە پاساوهێنانەوە بۆ هێرشەکان و هەوڵی خۆدزینەوەیە لە سەرکۆنەکردنی ئێران بەرامبەر هێرش و مووشەکبارانەکان.

## پێنجەم: هەژموونی ئێران لە عێراق

بەشێکی بەرچاو لە بێتوانایی عێراق و هەواداریی هەندێک لە هێزە سیاسی و سەربازییەکانی شیعە بۆ سیاسەتی ئێران، بەتەنیا پەیوەست نییە بە پێگە و نفووزی تارانەوە لە دنیای شیعەدا، بەڵکوو ئەم دەوڵەتە لە ساڵانی ڕابردووا تۆڕێک کاریگەری و کارت و بەرژەوەندیی بنیات ناوە کە ڕێگرن لەوەی گوتاری فەرمی و گوتاری تاک بە تاکی هێزە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کاریگەرەکانیشی بتوانن هەڵوێستی سەربەخۆی خۆیان هەبێت لە ئاست ئێران؛ چ پشتیوانیی خۆپیشاندانەکانی ناوخۆیی ئەو وڵاتە بێت یان بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی بۆ سەر خاکی عێراق. ئەو کارتە ئێرانییانەیش بریتین لە:

- ئامادەیی دیپلۆماسییەتی ئێران لە شارەکانی عێراق لە زۆربەی وڵاتانی بیانی زیاترە: باڵیۆزخانەی بەغدا، کونسوڵخانە لە بەسرە، نەجەف، کەربەلا، هەولێر، سلێمانی[23] و، ئەم بنکانەیش ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا دیپلۆماسین بەڵام ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری و ڕێنمایی سوپای پاسدارانادا کار دەکەن. لە دوای ٢٠٠٣ سەرجەم ئەو باڵیۆزە ئێرانییانەیشی لە عێراق دانراون (کازمی قومی، دانایی فەڕ، ئیرەج مەسجیدی) لە هەناوی ئەم دەزگە ئەمنییە سەربازییەوە پێ گەیشتوون و دواترینیشیان کە مەسجدی بوو، یاریدەدەری قاسم سلێمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودس بووە[24]. هۆکاری ئەم بەئەمنیکردنەی پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانیش، زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بە لای ئێرانەوە عێراق زیاتر لە هێلێکی ڕووبەڕووبوونەوە و مەیدانێک بۆ چالاکیی سەربازی و خۆنواندن دەچێت تا دەرفەتێک بۆ پەیوەندیی سیاسی و دیپلۆماسی.

- لە پاش ساڵی ٢٠١٤ کە سێیەکی خاکی عێراق کەوتە بندەستی داعش، ئێران جگە لە بواری سیاسی، لە ڕێگەی باڵی سەربازییشەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان گرووپە چەکدارەکانی لەسەر خاکی عێراق بڵاو کردەوە. هەر لەو سەروبەندەیشدا چەند کەسایەتییەکی هەرە نزیک لە ئێران، بوونە فەرماندە و هەڵسووڕێنەری دامەزراوەی حەشدی شەعبی کە بە خەرجی و دارایی عێراق و فەتوای سیستانی دامەزراوە، بەڵام لە دوورمەودادا خزمەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانی تاران دەکات و بە بەشێک لە نفووزی ئەم وڵاتە دەدرێتە قەڵەم[25]. تا کۆتاییهاتنی پرۆسە سەربازییە سەرەکییەکانی دژی داعش لە ٢٠١٧، لە کۆی ٦٦ گرووپی چەکداری حەشدی شەعبی، ٤٤ گرووپیان ڕاستەوخۆ لایەنگر و شوێنکەوتەی سەرکردایەتیی سیاسی و ئایینیی ئێران بوون[26]. ئەم ژمارەیە کە ئێستا هەڵکشاوە و لق و گرووپی تری نوێی لێ دروست بووە، هەمیشە ئامرازی گوشارن لەسەر هەڵوێستی سیاسی و گوتاری هەر هێزێکی سیاسی کە بیەوێت بەرەنگاری نفووزی ئێران ببێتەوە یان دژایەتیی بەرژەوەندییە تایبەکانی بکات.

- تێکەڵی و بەیەکداچوونێکی زۆر لە کایەی مەزهەبیی شیعەی عێراق و ئێراندا هەیە. لە سەردەمە مێژووییەکاندا هەندێک کات ڕێبەرایەتیی شیعەی جیهان- بە عێراقیشەوە- کەوتووەتە شاری قوم، وەک سەردەمی مەرجەعییەتی سەید حسێن بروجەردی کە بۆ ماوەی 15 ساڵ مەرجەعی باڵای ئەم تائیفەیە بووە (١٩٤٦ - ١٩٦١) لە هەموو جیهان[27]. لە پاش کەوتنی ڕژێمی بەعسیشەوە پێگەی پیاوانی ئایینیی ئێرانی لە نەجەف هەڵکشا، بەتایبەت ئەوانەی هەوادارییان بۆ خامنەیی و ڕێبازی ویلایەتی فەقیە هەیە لە ڕێگەی دەستگیرۆیی هەزاران خوێندکاری ئایینی و فەقێ کە لە نەجەف وانەی ئایینی دەخوێنن[28]. ئەم حزوورە ئایینییەیش بەشێکە لە هێزی نەرمی ئێران و هۆکارێکی دروستکردنی کاریگەرییە لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

شەقامی ئایینی، ئەگەرچی بە شێوەی سنووردداریش بێت.

- ئێران گرنگییەکی زۆر بە گوتاری میدیایی دەدات بۆ ئاڕاستەکردنی ڕای گشتی لە عێراق. هەرچەندە زمانی فەرمی لەم وڵاتە فارسییە، بەڵام لە تێکڕای ئاژانسە فەرمییەکانی هەواڵ بەشی عەرەبی هەیە (فارس، تەسنیم. میهر، ئیسنا، ئیرنا) و گرنگیدانێکی زۆر بە عێراق هەیە بەپێی دیدی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بەم دواییانەیش تۆڕێک گرووپی تێلیگرام بۆ بڵاوکردنەوەی بۆچوونی ئێران بە زمانی عەرەبی، دروست کراون؛ بەناوبانگترین کەناڵی عەرەبیی ئێرانییش بە ناوی "العالم" لە ساڵی ٢٠٠٣ و پاش ڕووخانی ڕژێمی سەددام دەستی بە پەخش کردووە. جگە لەوەیش ئێران سەرچاوەی یەکەمی فیلمە مێژووییە ئایینییەکانی پەیڕەوکەرانی ئایینزای شیعەیە و بەم هۆیەیشەوە باڵادەستیی کەلتووری و فەرهەنگیی بەسەر بینەری عێراقیدا هەیە. ئەوەیشی ڕاستەوخۆ بە کەناڵە ئێرانییەکان ناکرێت لە گەیاندنی پەیامەکان، میدیا عەرەبییە پاشکۆکانی لوبنان هەوڵی گەیاندنی دەدەن کە بەناوبانگترینیان کەناڵی "المیادین" و "المنار" و ڕۆژنامەی "الأخبار"ی لوبنانین لەگەڵ تۆڕێک لە سۆشیال میدیا کە سوود لە ئەزموون و شارەزاییی لوبنانییەکان وەردەگرن بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر وەرگری عێراقی و، هەر ئەم باڵە میدیاییانەیش گرنگیی زۆریان داوە بە ڕاپۆرتە پزیشکییە فەرمییەکانی ئێران دەربارەی ژینا ئەمینی و وابەستەییی خۆپیشاندانە ناوخۆییەکانی ئێران بە دەستی دەرەکییەوە، بەتایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل.

## ئەنجام

### لە ڕانانی ئەم بابەتەوە دەگەینە چەند ئەنجامێک کە گرنگترینیان بریتین لە:

- هێزە شیعەکانی عێراق دابەش بوون بەسەر دۆست و هاوپەیمان و شوێنکەوتەی سیاسەت و بەرنامەکانی ئێران؛ ئەوانەیشی نەیار و دژی هەژموونی ئێرانین، زیاتر ڕەوتە سیکۆلار و مەدەنییەکانی شیعەن و کاریگەریی ڕاستەقینەیان بەهێز نییە، ئەگەرچی دەنگیان بڵندە.
- لە جەمسەرگیرییە نوێیەکانی شیعەدا بەرەی "چوارچێوەی هەماهەنگی" شوێنکەوتەی ئێرانن و ڕکابەرەکەیان کە "سەدر"ە خوازیاری پەیوەندییەکی هاوسەنگە لەگەڵ ئێران و گوتارەکەی دوژمنایەتیکردنی ئێران نییە.
- شیعەی ئێران وەک قووڵاییی ستراتیژیی خۆیان تەماشای ئێران دەکەن و خۆیان بەدوور دەگرن لە کۆمێنتدان و شەنوکەوکردنی گۆڕانکارییە ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە و، تارماییی ئەمریکا و ئیسرائیل بەسەریاندا زاڵە.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

- کاریگەری و هەژموونی ئێران لەسەر هێزە شیعەکانی عێراق، بێدەنگی کردوون لە ئاست هێرشەکانی سەر هەرێمی کوردستان؛ لە کاتێکدا بەرامبەر هێرشەکانی تورکیا چالاکن.

• هۆکارەکانی باڵادەستیی ئێران لە عێراق، تێکەڵەیەکن لە هەژموونی سیاسی، ئەمنی، مەزهەبی و کەلتووری و، ئەوانەیش رێگرن لە گەڵاڵەکردنی بڕیاری سەربەخۆی عێراقییانە لە هەمبەر سیاسەتەکانی تاران.

## پێشنیاز

مەترسی هەیە هێزە شیعەکانی عێراق هەوڵ بدەن ئەزموونی موجاهیدینی خەلق بەسەر هێزە کوردییەکانی پەنابەری هەرێمی کوردستاندا دووبارە بکەنەوە. باشترە هەرێمی کوردستان پێداگری بکات لەسەر سەروەریی خاکی عێراق؛ دەتوانێت لە رێگەی پەنابردن بۆ ئۆرگان و هێزە کاریگەرە نێودەوڵەتییەکان، گوشاری ئێرانی و شیعیی عێراقی لەسەر خۆی کەم بکاتەوە. پێویستە بۆ بەرگرتن لە ئەگەری دروستکردنی پشتێنەی ئەمنی لە هەرێم، لایەنە کوردییەکان هەموو کارتە ئابووری و سیاسی و دیپلۆماسییەکان لە ناوخۆ و دەرەوە بەکار بهێنن، بەتایبەت کە ئێران لە پێگەیەکی وەهادا نییە وەک تورکیا ئەندامی ناتۆ بێت و بتوانێت هەمان ئەزموونی ئەو دووبارە بکاتەوە. هەروەها ئێران بەرژەوەندیی ئابووری و پێداویستیشی لە عێراق و کوردستان زۆرە لە سەردەمی گەمارۆدا و، دەکرێت بە کارکردن لەسەر ئەو بەرژەوەندییە هاوبەشانە برێک لە بارە ناهاوسەنگەکە ڕاست بکرێتەوە.

[1] https://www.kataibhezbollah.me/about ؛ https://bit.ly/3T7uj6V

[2] https://www.iasj.net/iasj/download/0f62c3a7a721b80b

[3] https://www.iasj.net/iasj/download/0f62c3a7a721b80b

[4] https://bit.ly/3MmCtq1

[5] https://bit.ly/3C8LNci

[6] https://bit.ly/3STikK4

[7] https://bit.ly/3CdlgdX ؛ https://bit.ly/3rwIPud

[8] https://arabic.khamenei.ir/news/6558

[9] غراهام فولر و رند الرحيم، الشيعة العرب، بيروت، 2021، ص 102.

[10] https://arbne.ws/3C43hX8

[11] https://twitter.com/Mu_AlSadr/status/1577349615829008387

[12] https://www.nasnews.com/view.php?cat=95261



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

[13] https://bit.ly/3CyDoA2

[14] https://bit.ly/3yli9iW ؛ https://arbne.ws/3SViuAA

[15] https://www.nasnews.com/view.php?cat=94851

[16] https://bit.ly/3M99oOw

[17] https://bit.ly/3rBiOsv

[18] https://bit.ly/3fP3HcD

[19] https://bit.ly/3VdTTcq

[20] https://bit.ly/3CK6Gfv

[21] https://www.nasnews.com/view.php?cat=95028

[22] https://bit.ly/3fMctbg

[23] https://www.arab-states.com/safara/22197/Iran-Bagdad-Iraq

[24] https://bit.ly/3SHaUtL

[25] https://carnegie-mec.org/2017/04/28/ar-pub-68812

[26] https://bit.ly/3SIXxZS

[27] https://bit.ly/3T23dhC

[28] https://bit.ly/3EImUN7


سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنووس – ڕێکەوتی: ١٠ی ئوکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران.



**عوسمان کەوکەبی‌شاد**

وتارێکم لە سەر خۆپیێشاندانی ڕۆژی شەممەی ڕێکەوتی ١ - ١٠ - ٢٠٢٢ ی زاینی لە شاری هامار لە وڵاتی نۆرویژ، لە چەند ڕۆژنامەی نۆرویژیدا بڵاو کراوەتەوە. یەکێک لەو ڕۆژنامانە، "هامار ئەربەیدەربلاد" بوو، کە لە ڕێکەوتی ٥ - ١٠ - ٢٠٢٢ ی زاینی چاپی کرد بوو.

من وتارەکەم لە زمانی نۆرویژی را وەرگێراوەتە سەرزمانی کوری:

خۆپێشاندا بۆ پشتیوانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئیران لە شاری هامار لە ڕێکەوتی ١ - ١٠ - ٢٠٢٢ ی زاینی بەڕێوەچوو. دوای شۆرشی گەلانی ئێران و ڕوخانی ڕژێمی"حەمە ڕەزا شا"، "ئایەتوڵڵا خومەینی" دەسەڵاتی بە دەستەوە گرت و لە ساڵی ١٩٧٩ ی زایندا کۆماری ئیسلامی ئێرانی دامەزراند. گەلانی ئێران زۆر بە تامەزرۆە چاوەڕێی بەڵێنەکانی حکومەتی نوێ بوون. خەڵک ئاوات و ئامانجی ئەوە بوو کە حکومەت ئەو بەڵێنانەی بە گەلانی ئێرانی داوە جێ بە جێ بکات. بەڵام لە جیاتی جێ بە جێ کردنی بەڵێنەکان، حکومەت توند و تیژی و سەرەڕۆی بە کار هێنا. حکومەت دەستی بە گرتن، ئەشکەنجە، دارکاری، زیندانی و لە سێدارەدانی خەڵک کرد. حیزبەکانی کوردستانی و ئێرانی بە ناپاسای و هەڵوەشاوە ناو بردن. دەستی بە هێرشی بەربڵاو بە دژی گەلی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزب و ڕێکخراوەکان کرد.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

حکومەتی نوێی ئێران یاسای توند و تیژی و سەرەڕۆی جێ بە جێ کرد، یەکێک لەو یاسانە بە زۆری کردنی حیجاب بۆ ئافرەتان. بەڵام تەنیا خۆ داپۆشین بە حیجاب بەس نیە، دەبێ بە شێوەیەکی راست و دروست بە گوێرەی یاسای حکومەت خۆ داپۆشن.

وڵاتی ئیران زۆر دۆڵەمەندە بە بەرهەمەکانی ژێر زەوی و سروشتی. بەڵام بە داغەوە ئەو داهاتە بۆ پێداویستەکانی گەل و ئاوەدانی و خزمەتگوزاری گشتی بە کار ناهێنرێ. حکومەتی ئێران دەست تێوەردانی زۆی هەیە لە وڵاتانی رۆژهەڵات.

١

پارەیەکی زۆر لە داهاتی نەوت و گاز بۆ شیعەکانی، ئێراق، سوریا، یەمەن و لوبان دەنێرێت، بۆ گەیشتن بە ئاواتەکانی خۆی، وەک تێرۆر کردنی نەیارانی و ئاژاوەگێری لەو وڵاتانە و ناوچەدا.

سەرەرای ئەو دۆڵەمەندیەی ئێران، رێژەی بێکاری گەلێک زۆرە. هەروەها منداڵانی بنەماڵەی هەژارەکان لە جیاتی ئەوەی بچن بۆ قوتابخانە، دەبێ کارێ بکەن، بۆ ئەوەی بژێوی داهاتی خۆیان و ماڵەوە پەیدا بکەن.

ژینا ئەمینی کچە کوردی ٢٢ ساڵە، لە رێکەوتی ١٣ - ٩ - ٢٠٢٢ ی زاینی بە دەستی پۆلیسی بە ناو "رەوشت" دەستگیر کرا. بە قسەی پۆلیس، گۆیا "ژینا ئەمینی" هێندێک لە موی پێشەسەری داپۆشراو نەبووە، بۆیە دەستگیر کراوە. بە داغەوە لە بەر ئەشکەنجەی زۆرەوە لە رێکەوتی ١٦ - ٩ - ٢٠٢٢ ی زاینی گیانی لە دەست دا.

هەروها رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە رێکەوتی ٢٨ - ٩ - ٢٠٢٢ ی زاینی بە راکێت و درون هێرشیان کردە سەر بنکەو و بارەگاکانی حیزبە کوردیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کە لە باشوری کوردستان نیشتەجێن. لەو هێرشەدا قوتابخانەی سەرەتایی کراوەتە ئامانج و وێران بووە. هەفدە کەس لە خەڵکی سڤیل شەهید کراون. لە ناو ئەو شەهیدانە دا ژنێکی دوو گیانی تێدایە. بە داغەوە کۆرپەکەشی کە تەمەنی دوو رۆژ بوو، کۆچی دوایی کرد. خەڵکێکی زۆریش برینداا بووە. رژێمی ئێران پێیوایە، کە ئەو خۆپیشاندانانەی گەلانی ئێران ئەو جیزبە کوردیانە رێکیان خستەوە، بەڵام ئەوە بە تەواوی درۆیە. لە بەر ئەوەی ئەو خۆپێشاندانانە گەلانی ئێران خۆیان دەستیان پێکردووە و راپەریون، نەک حیزبێکی سیاسی دژبەری رژێمی ئێران. هۆی راپەرینی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئیران کوشتنی "ژینا ئەمینی" بوو بە دەستی پۆلیس. هەروەها لە جیهاندا خۆپێشاندانی بەربڵاو بۆ پشتیوانی گەلانی ئیران دەستپێکرا. پۆلیسی رژێمی ئێران بە گوللە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

وڵامی خۆپیشاندەران دەداتەوە. بە سەدان خۆپیشاندەر کوژراون. خەڵکێکی زۆریش بریندار کراوە و بە هەزارانیش دەستگیر کراون.

وڵاتی ئێران فرە نەتەوەیە. نەتەوەکانیش بریتین لە فارس، کورد، ئازەری، بلوچ، عەرەب و تورکمەن. هەموو نەتەوەکان دەست لە ناو دەستی یەکتر و شان بە شانی یەکتر بە دژی رژێمی ئێران بۆ مافە رەواکانیان راپەریون.

٢

لە بەر ئەوەی ئەوان، باش دەزانن کەس ئازاد نابێ ئەگەر هەموویان ئازاد نەبن. رژێمی ئێران زۆر هەوڵی داوە کە ئاژاوە و شەڕ لە نێوان نەتەوە جیاوازیەکانی ئێران بۆ هێشتنەوەی دەسڵاتی خۆی دروست بکات. بەڵام ئێستا زۆر گرینگە کە هەموو نەتەوەکانی ئێران یەک بگرن و دەست لە ناو دەستی یەکتر نێن.

گەلانی ئێران لە گەڵ ئەوەیدا کە دەزانن مەترسی ژیانیان لە خۆپیشاندانەکاندا هەیە، بەڵام سڵ ناکەن و بەردەوامن. شتێکی کەم کە ئێمە لە ئۆروپا دەتوانین بکەین، ئەوەیە کە خۆپێشاندان بۆ پشتیوانی گەلانی ئێران و لە دژی رژێمی ئێران رێک بخەین. هەروها دەسڵاتدارانی وڵاتانی ئۆروپا بۆ پشتیوانی گەلانی راپەریوی ئێران راکێشین. رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران چل و سێ ساڵە لە سەر کارە و بە شێوەیەکی نامرۆڤانە و سەرەرۆیانە، گەلانی ئێران دەچەوسێنێتەوە و مافی رەوایان پێشێل دەکات. داوخوازی گەلانی ئێران روخانی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێرانە و دامەزراندنی حکومەتێکی گەلی و دێموکراتی و فیدراڵە کە مافی هەموو فرە نەتەوەکان دابین و پەسند بکات.

من سوپاسێکی بێ پایان ئاراستەی "ئەرلینگ بێهرێنس" ئەندامی سیاسی و فەرمی ئەنجومەنی شارەوانی هامار، سەر بە حیزبی کار (سوسیاڵ دێموکرات) و "یانە مییەر" ئەندامی سیاسی و فەرمی ئەنجومەنی شارەوانی هامار، سەر بە حیزبی هۆیرە (راسترەو) دەکەم کە لە خۆپێشاندانەکە بەشدار بوون و وتاری سیاسیان پێشکەش کرد و پسێتوانی خۆیان و حیزبەکانیان بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و گەلانی ئێران دەربری. هەروەها سوپاسی تاک، تاکی ئەو کەسانە دەکەم کە لە خۆپێشاندانەکە بەشدار بوون.

عوسمان کەوکەبی‌شاد



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێکخەرە و بەڕێوەبەری خۆپێشاندان

ئەندامی سیاسی و فەرمی ئەنجومەنی شارەوانی شاری هامار، سەر بە حیزبی کار (سوسیاڵ دێموکرات)

شاری هامار وڵاتی نۆرویژ

سەرچاوە: ماڵپەڕی گیارەنگ – ڕێکەوتی: ٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## بەرگری یان هێرش؟



**حیسام دەستپیش**

لەو ڕۆژەوە "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە هێما و ڕەمزی هەستانەوەی ئەمجارەی کوردستان و لەو ڕۆژەوە خەباتکارانی شار ئیرادەی خۆیان لە سەر شەقامەکانی وڵات بە خۆپێشاندان، بەرخۆدان و مانگرتن پێشان داوە، بابەتێک هاتۆتە بەرباس کە چۆنە لە بەرگرییەوە بۆ هێرشکردن ناچین؟ واتا بۆچی تەنیا شەقامەکانی کوردستان دەبنە گۆڕەپانی بەرگری و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

**خەباتکارانی شاخ تەنگ بە دوژمن هەڵناچنن؟**

ئەوەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە مەیداندا بێ و پارێزگاری لە کەرامەت و گیانی مرۆڤە کوردستانی بکات، گومانی تێدا نییە و ئەرکی ئەوانە وەک هێزی پارێزگاری لە نیشتمان و خەڵکی کوردستان ئەرکی نیشتمانیی خۆیان بەجێ بگەیەنن. بەڵام پرسە گەورەکە ئەوەیە کە ئاخۆ دەرنەکەوتنیان لەوەها قۆناغێکدا بۆچی دەگەڕێتەوە و بە چ مانایەکە.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان کە فەلسەفەی دامەزرانی بۆ پارێزگاریی لە خاک و خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە، پێناچێ بەرپرسیارێتیی خۆی لەبیر کردبێ. بەڵام پێدەچێ پێشمەرگە برێک ئەولاتر بڕوانێت. ئەو دووڕوانینە کە تێیدا شار باڵای بە قەد قەندیل، ئاویەر، شاهۆ ، دالاهۆ و مانیشت گەورە بووە و قەڵای داگیرکەری هەژاندووە، ئاخۆ درووستە کە ڕێگای گەورەبوونی ئەم باڵایە بگیردرێ لەم قۆناغەدا گۆڕەپانی ململانێکە بگوازرێتەوە بۆ تەنیا کۆماری ئیسلامی و هێزی پێشمەرگە؟ یان ئاخۆ دەکرێ وێنای خەباتێک بکەین کە تێدا کۆمەڵگە باڵای بە ڕادەی باڵای شاخ بەرز نەبێ و لە دوارۆژی ڕزگاری و ئازادیدا شان لە شانی دامەزرانی کۆمەڵگەیەکی خاوەن سەروەری نەدەین؟

ئەوەی ئەمڕۆ لە شەقامەکانی کوردستاندا دەگوزەرێ وێنایەکی ڕوون لە داهاتووی ئەم نیشتمانەیە کە تێدا نەخشەی ژیانێکی باشتر دەنەخشێنێ. ژیانێک کە تیایدا نەک تەنیا قوتابخانەیەکە بۆ فێربوون، بەڵکوو وانەکانی ئاودیوی ئەولاتری خۆرهەڵات بوون و بە شارەکانی ئێراندا بڵاو بوونەتەوە. ئەم وانەیە خوڵقێنەری هەیمەنەیەکی نوێیە بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازیی کوردستان کە لەوێدا بە هێزی نەرمی ئاوێتە بە بەرخۆدان، قەڵای داگیرکەر بەرانبەر بە کوردستان ڕادەماڵێ و ئەوەی تا دوێنێ پاسدارە جیهادییەکانی بۆ کوردستان ڕەوانە دەکرد، لەمڕۆدا وانەکانی کوردستان بوونەتە دەنگ و ئیرادەیەک کە کۆڵەکەکانی دەسەڵاتداریی کۆماری ئیسلامی خستۆتە لەرزە.

ئێمە وەک کوردستان هەزاران فیداکاری و قوربانیمان لە ڕێگای ڕزگاری و ئازادیدا داوە و ئەو فیداکاریانە مانەوەی ئێمەی مسۆگەر کردووە. بەڵام ئێستا زیاترمان باڵ کردووە و هەموو دەوروبەری خۆمانمان خستۆتە ژێر کاریگەریی خۆمانەوە. چەک دەتوانێ تا ماوەیەک بمانپارێزێ، بەڵام ئەگەر ئیرادەی کۆمەڵگەیشی لەگەڵ بێ، هێز نیە جووڵەمان پێ بکات و هێز نییە لار چاو لە کوردستان بکات. ئەوەی هەیە گرێدانی هەمیشەیی ئیرادەی نیشتمانێکە. نە بەرگری و نە هێرشە، بەڵکوو شەپۆلە، شەپۆلی بەهاکانی کوردستان بۆ ئەو دیوی سنورەکان. سوپای ئێمە لە ئێستادا بە چەکی مانا، سیمبول و ئیرادە تەیار بووە کە هەمووان دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لە دواییدا دەبێ بگوترێ هاوکێشەیەک کە ئێستا لە ئارادا هەیە لە بەرگری و هێرشدا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو لە ئیرادە و سەلماندنیدا واتا پەیدا دەکات. ئیرادەی کۆمەڵگە بە هەموو لق وپۆپەکانیەوە. پارێزەرانی کوردستان لە هەموو کون و قوژبنێکی ئەم کۆمەڵگەیەدا بوونیان هەیە، بەڵام ئەوەی کە نایبینن مانای ئەوە نییە کە نابەرپرسیارە، بەپێچەوانە هاوکاری گەورەبوونی لانکەی هەمیشەیی کوردستانیبوونە.

ئەو ڕۆژە نزیکە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## پۆڵا دەشکێ بەڵام ناچەمێ


پۆڵا دەشکێ
بەڵام ناچەمێ

زانیار حوسێنی

پێشینیان دەڵێن بوێری بە باڵای کورد بڕاوە. کاتێک جینایەتی مووشکەبارانی چەند ڕۆژ لەمەوبەر لە ڕۆژی چوارشەممە ڕووی دا، پتر لە هەر کاتێک لە مانای قووڵی ئەو پەندە گەیشتن، چونکی بەچاوی خۆم دیتم کە قەڵای خۆڕاگریی ورە و باوەڕی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات چۆن خۆی لەبەرانبەر مووشەک و ڕاکێت و درۆنەخۆکوژەکان ڕاگرت.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کۆماری ئیسلامی لەو ڕۆژەدا بە زانینی ئەوەی کە قەڵای دیموکرات پڕە لە ژن و منداڵی کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، زیاتر لە پێنج کاتژمێر لەسەر یەک، ئەو شوێنەی بۆردومان کرد، بەبێ ئەوەی هیچ یاسایەکی شەڕ و مافی مرۆڤانە لەبەرچاو بگرێ.

کۆماری ویلایەتی فەقیهـ کە بنچینەکانی دەسەڵاتی، لە نێوخۆی وڵات کەوتۆتە لەرزە و ترسی ڕووخانی لەسەر نیشتووە، ماوەی زیاتر لە بیست ڕۆژە شایەتحاڵی خۆپێشاندان و مانگرتنە گشتییەکانە لە سەرانسەری ئێران. بەشێوەیەک کە خەوی لەچاو هەڵگیراوە و کەوتووەتە پەلەقاژە. هۆکاری ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ کووشتنی بەئانقەستی ژینا ئەمینی؛ کچە کوردێکی خەڵکی شاری سەقز کە بەدەست هێزەکانی گەشتی ئیرشاد دەسبەسەر کرا و بە شێوەیەکی دژەمرۆیی بەدەست ئەوانەوە کووژرا.

بەدوای ئەو ڕووداوە خەڵکی سەرانسەری ڕۆژهەڵات بەدەم بانگەوازی حیزبە ڕۆژهەڵاتییەکانەوە هاتن و بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی ژینا و نارەزایەتیدەربڕین سەبارەت بەم کردە دژەمرۆییە، ڕژانە سەرشەقامەکان و بە هەڵوێستێکی دروست و ئوسوولی و پڕمانا کە هەڵگری کولتوور و کۆمەڵگەی کوردەوارییە بەرەوڕووی ئەوجۆرە کردەوە قێزەونانەی دەسەڵاتی ئێستای ئێران بوونەوە. ئەوەش خۆی بوو بە هەوێنی خۆپێشاندان لە شوێنە جیاوازەکانی نێو ئێران و نەتەوەکانی دیکەی ئێران.

لەڕاستیدا ژینا بوو بە بیانوویەک بۆ هەڵڕژاندنی زوڵم و سەرکوتی زیاتر لە چلوسێ ساڵەی ئەو دەسەڵاتە و وەک هەوێنێکی پڕ واتا بووە خاڵی هاوبەشی تەواوی گەلانی ئێران بۆ یەکگرتوویی و یەکدەنگی لەبەرانبەر دەسەڵاتداران. بەهۆی سەرکوتی دڕندانە و لە ڕادەبەدەری ئەوجارەش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە زۆری نەبرد کە ژینا بوو بە کۆد و هێمایەکی تەواو دیار بۆ ڕزگاریی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران؛ بە شێوەیەک کە هەموو جیاوازییە ئێتنیکی، زمانی، کولتووری و چینایەتییەکان، ڕۆحی ژینایان کردۆتە پێشەنگی شۆڕش بە مەبەستی ڕووخاندنی ئەو دەسەڵاتە تێرۆریستە.

کۆماری ئیسلامی نەتەنیا هیچ مافێکی خۆپێشاندان بۆ خەڵک قائیل نییە (تەنانەت بەپێی یاساکانی خۆشی) بەڵکوو دەست لە هیچ کردەوەیەکی قێزەون و دڕندانە بۆ کڕ و کپکردنی دەنگی خەڵک نابوێرێ و بۆ مانەوەی خۆی پەنا بۆ هەموو جۆرە تاوانێک دەبات. لەو کاتەدا کە خەڵکی ئێران لەگەڵ قەیرانە جۆراوجۆرەکانی ئابووری، سیاسی و حقووقی بەرەوڕوون و ژیانیان لە هەموو ڕەهەندەکانەوە کەوتووەتە مەترسییەوە، ئەوەی لەبیری دەسەڵاتدارانە تالانی زیاتری وڵات و بێدەنگکردنی هەموو چینە ناڕازییەکانی خەڵکە، لەو کات و دۆخەدا، ئەو دەسەڵاتە تێرۆریستە بۆ بەلاڕێدابردنی ماف و ویستی خەڵک و دواکارییە ڕەوا و ئینسانییەکانیان دەستی کرد بە مووشەکبارانی قەڵای دیموکرات و چەسپاندنی مۆرکی



https://serchawe.com

جیاییخوازی بە خۆپێشاندەران و تێکدانی دۆخی ناوچەکە. لەڕاستیدا پیاوکوژانی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیهـ بە سازکردنی نائارامییەکی قووڵ و بەربەرین لەنێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هاوکات لەگەڵ بەلاڕێدابردنی خۆپێشاندانەکان و مانگرتنە گشتییەکانی خەڵک لەنێو بیروڕا جیاوازەکانی نێوخۆی وڵات و لایەنگرانی گۆپاڵ بەدەستی خۆی، لە هەوڵی وەشاندنی زەبرێکی قورسدا بووە لە پەیکەرەی سیاسی_نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆوەی بە بە سەرکوتی هەمەلایەنەی گەلی کورد، ترس و دڵەڕاوکێش بخاتە نێو گەلانی دیکەی ئێرانەوە. هاوکات بە جموجۆڵی جۆراوجۆری نیزامی هەوڵی ئەوە دەدات کە باشووری کوردستان و بەغداش تێوەگلێنێ و بە سازکردنی دۆخێکی تۆقێنەر و سامناک لە سێبەری بێدەنگیی وڵاتانی جیهانی و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ، زەمانەتی مانەوەی خۆی بگەڕێنێتەوە نێو ڕێکخراوە تێرۆریستییەکان و بەدەنەی خۆی. بەڵام هەر وەک لە مووشەکبارانەکەی ١٧ی خەرمانان دیترا ئەو هەڵە تاکتیکییەی کۆماری ئیسلامی کە تەنیا ناحەزی و ڕووڕەشیی لە ئاستی نێوخۆ و دەرەوەدا بۆ بەدواوە بووە، ئەوجارە بە دووپاتکردنەوەی هەڵەی چوار ساڵ لەمەوبەر و لەو کاتەدا کە زۆرینەی دەنگ لە نەتەوەکانی ئێراندا داوای لاچوونی دەسەڵات و ڕووخانی ئەو سیستەمەیان هەیە، نەتەنیا نەیتوانی لە دەنگ و داواکانی خەڵک کەم بکاتەوە، بەپێچەوانە خێرایی بە پرۆسەی ڕووخان و لەنێوچوونی خۆی بەخشی و ئەمجارە بە لێدانی بنکە و بارەگاکانی ڕۆڵەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵات لە باشووری کوردستان، زیاتر هاندەری ویست و داخوازییە جیاوازەکانی گەلانی نێو ئێران بوو. جگە لە ژینا، وانیار و ڕێڕەوانی وانیار و ناڕازییەکانی ئەو دەسەڵاتەی زیاتر لە جاران لە دەوری یەکدی کۆ کردەوە و ڕۆژ بە ڕۆژ خاڵە هاوبەشەکان بۆ یەکگرتوویی و یەکدەنگیی زیاتری گەلانی ئێران پتر دەکات بۆ نەمانی ئەو سیستەمە کۆنەپەرست و دژە خەڵکییە. کۆماری ویلایەتی فەقیهـ وەک تاکێکی خنکاوی لێ هاتووە کە لە ترسی لەنێوچوونی دەسەڵات و داگیرکارییەکانی پەلاماری هەموو کردەوەیەک دەدا و پەنا بۆ هەموو جینایەتێک دەبات و لەو نێوەدا تەنیا شتێک کە لای گرینگە مانەوەی خۆیەتی بەنرخی گیانی تاک بە تاکی خەڵکی ئەو وڵاتە لە هەر کوێی ئەو گۆی زەوییە کە بن؛ ئەمجارەش بەو کردەوە تێرۆریستییانە نیشان درا کە خەڵک و لایەن جۆراوجۆرەکانی سیاسی، مەدەنی و خەڵکی زیاتر لەگەڵ کێن و چ ئادرێسکیان پێ بەشێک لە خۆیان و داواکارییەکانی خۆیانە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ١٩ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕاپەڕین لە سەرەتای چوارەمین حەوتوودا



خالید حەسەن پوور

ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵک لەسەرانسەری ئێراندا چوە نێوو چوارمین حەتووی خۆی . لەو چوار حەوتوەدا خەڵکی ڕاپەڕیوو ئەو "سیکلەی" هێزە سەرکوتکەرەکان کە، ڕاپەڕین و خۆپێشاندانەکانیان دوای کەمتر لە حەوتوێک دەشکاند و پاشەکشە پێدەکرد، تێپەڕاندوە . ئەوەش لەلایێک نیشانەی بەربڵاوی ڕاپەڕینە لە سەرانسەری ئێراندا و لەلایێکی دیکەوە نیشانەی هەڵبژاردنی تاکتیکی دروست و گونجاو ( مانگرتن، خۆپێشاندان ) دەگەڵ سیستەمی سەرکوتە لە ئێراندایە . بێجگە لەوە خۆپێشاندانەکان بە تایبەتی لە ناوەندی ئێراندا نیشان دەدن کە، ڕێبەرایەتی مەیدانی یان خەریکی شکڵ گرتنە یان شکڵی گرتوە . بۆیە پێبەپیەی سیستەمی سەرکووت، ئێمە شاهیدی مودیریەتی هەنگاوەکانی دوای ڕاپەڕینین.

ئێستا لەسەرەتای چوارەمین حەوتوی ڕاپەڕیندا جوڵانەوەی خەڵک و سیستەمی سەرکووت لە کوێ ڕاوەستاوە ؟ لە سێ حەوتوی ڕابردودا ڕێژیم یان بە بەرنامە، یان بێ بەرنامە - بە سەرنجدان بە سەرکوتی ساڵی ٩٦ و ٩٨ - لە ئاخرین پتانسێلی خۆی بۆ سەرکووتی ناڕازیان کەڵکی وەرنەگرتوە ! هۆکاری ئەو هەڵسوکەوتەی ڕێژیم هەرچیکبێ، ئاکامەکەی بۆتە هۆی پەرەگرتنی زیاتری خۆپێشاندانەکان لەسەرانسەری ئێراندا . بەڵام لەسەرەتای چوارەمین حەتوودا، شاهیدی توندو تیژی زیاتر لەلایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم برامبەر بە خەڵکی ڕاپەڕیووین . لە سنەو بەشێکی دیکە لە شارەکانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

کوردستان، هێزە سەرکووتکەرەکان ڕاستەوخۆ تەقەیان لە خەڵک کردووە و ژمارێک لە خەڵکیان شەهید کردووە . لە باقی شارەکانی دیکەی ئێرانیش، - نەک وەک کوردستان - بەڵام لە ئاستێکی کەمتردا، شێوازی سەرکووت توندو تیژتر بووە.

بەربڵاوی و پانتای جۆغرافیایی خۆپێشاندانەکان بۆتە هۆی ئەویکە لە هێندێک لە شارەکانی ناوەندی ئێران بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، هێزە "ئینتزامییەکان" توانای ئەویان نەبێ پاشەکشە بە خەڵک بکەن. بۆیە لەو جێگایانە هێزی سپای پاسدارانیان لە جیاتی هێزە ئینتزامییەکان جێگر کردووە . ئەوەش نیشان دەدا کە بەدیلی ڕێژیم بۆ وەدەستهێنانەوەی شەقامەکان، هێزی نیزامییە. ! واچاوەروان دەکرێ کە ئەگەر خۆپێشاندانەکان بەردەوامبن، ئیمکانی ئەوە کە خەڵک لە بەشێک لە شارەکانی ئێران بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی هێزە ئینتزامییەکان ڕاماڵن زۆرە. لەو بارەوە کوردستان ئامادەگی زۆرترە، بۆیە ڕاپەڕین لە کوردستان پێویستە زۆر وەپێش ڕاپەڕینی سەرانسەری نەکەوێ. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا ڕێژیم ئیمکانی ئەوە کە لە بەشێک لە شارەکانی ئێران و کوردستان نیوە یان تەواو حکومەتێکی نیزامی ڕابگەیێنێ زۆرە.

بۆیە خۆپێشاندەران و ڕێبەرانی مەیدانی پێویستە بۆ درێژەدان بە ڕاپەڕین دژی کۆماری ئیسلامی بیر لە ڕێگا و "گوزینەی" دیکە بکەنەوە. لە حاڵەتێکی ئەوتۆدا کە ڕێژیم بە هێزی سەربازی شەقامەکان داگیر بکات، باشترین ڕێگا مانگرتن گشتی یان مانگرتنە لە کەرتە جیاجیاکاندا. تاقیکردنەوەی هەتا ئێستا دەری خستوە کە مانگرتن ریزەکانی خەڵک باشتر ڕێک دەخا و هێز (انرژی) زیاتر دەدا بە خەڵک، بۆ درێژە پێدان بە خەبات. سەبارەت بەوەش ئەگەر بیهەوێ بە هێزی سەربازی کووشتارێک لە چەشنی ساڵی ٩٨ لە خەڵک بکا، هەرچەند دوور لە چاوەڕوانی نییە! بەڵام بەسەرنجدان بە پشتیوانی بیروڕای گشتی جیهان و کۆڕوکۆمەڵە سیاسییە ناونەتەوییەکان و لەسەر خەت بوونیان، ئەو کارە بۆ ڕێژیم وەک ڕابردوو هاسان نییە.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# کێن و کامانەن ئەوانەی بەراستی دەبێ ببن بە جێگرەوەی کۆماری پەت وسێدارە



لوقمان زەهرایی

پێم خۆشە دەستپێکی وتارەکەم بە ئاماژە بە چەند وتەی پڕلە ناوەرۆک و پڕ لە هەست و سۆزی کوردانەی ڕێزدار کاک محەممەد سدیق کەبودوەند دەست پێبکەم کە لە تازەترین لێدوانی لە فەیس بووک دا بە زمانی فارسی ڕوو بە شاپەرستان و دارودەستەکەیان نووسیوێتی و دەڵێ "شعبان . بی . مخهای خارج نشین به ما که سه دهه مبارزه و زندان و شکنجه برای حقوق بشر در کارنامه داریم، بسیجی مزدور وسایبری میگویند!!

ما مردم کردستان و فرزندانمان الان هم زیر گلوله و آتشیم، آن وقت یک عده لمپن مجازی و فحاش بزدل شاه پرست در آن سوی آبها در هپروت سیر می کنند، بزدل فحاشی عکس تظاهرات دم خانه خودم را در کامنت گذاشته و میگه تو اگر عرضه دار برو کردستان !!! ".

لێرە دا پرسیاری گرینگ و خاڵی سەرەکی بۆ ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات ئەوەیە کە بەراستی جێگرەوەی کۆماری سێدارە لە دوای ڕووخاندنی بە دەستی کچان و کوڕانی گەلانی ئێران کە هەر ئێستا لە سەر شەقامەکانن و نزیک بە مانگێکە سینگی خۆیان کردۆتە قەڵغانی گوللەی هێزەکانی جەهل و نەزانی کۆماری پەت وسێدارە، دەبێ و ڕەوایە ئەو بە ناو گروپە ئۆپۆزیسیۆنانەی کە خۆیان پە سەراسەری دەزانن وساڵانێکە لە ئێران دوورن وبەشی هەرە زۆریشیان ڕەگەزپەرەست و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

نژادپەرستن و خۆیان بە خاوەنی هەموو ئێران بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە دەزانن و هیچ باوەڕیان بە دێموکراسی و مافەکانی مرۆڤەوە نیە، ببنە جێگرەوەی ڕێژیمی مەلایان و ببنە سەر حازری، بە تایبەت هەتیوەکەی شای گۆڕبەگۆڕ؟
بۆچی دەبێ ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات کە ٤٣ ساڵە لە خەبات و بەرخۆدانی بێ پسانەوە لە دژی کۆماری ئیسلامین و دەریایەک خوێنمان داوە بچین و خۆ بەو بێ مێشکانە هەڵواسین کە ساڵانێکە لە ئامریکا و ئوروپا دەژین و کاریان بوتە عەیاشی لە بارودیسکۆکانی "لۆسانجلس و لاسوەگاس" و هێشتاش فێرنەبوون کە دێموکراسی و مافی مرۆڤ یانی چی و هێشتا هیچ نەبووە هەڕەشە و گورەشە لە ئێمەی کورد دەکەن و بە دایم بە وتاری دوژمنکارانە و خۆ بە زلزانانە باسی کوردو کوردستان و مافەکانی دەکەن و تەنانەت لە خۆپێشاندانەکانی ئوروپا و ئامریکا دا چاویان بە ئاڵای کوردستان هەڵنایە؟

ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات دەبێ لەناوخۆی ئێران و لە گەڵ ڕێبەران و لیدرانی ئەو نەسەلەی کە لە کۆماری پەت و سێدارە ڕاپەریون بکەوینە دانووسان و گفتوگۆ . ڕاپەرینی ئەو جارەی گەلانی ئێران لە گەڵ ئەوەی کۆمەڵە گەلێکی زۆر داخوازی لە ناوەرۆک دایە و یەک لەوان مافی نەتەوایەتی، بەڵام لە بیرمان نەچێ ئەو ڕاپەرین و سەرهەڵدانەی کە ئێستا لە ئارادایە مۆرکی ژنانی پێوەیە و قوربانی و سەمبولی ئەو ڕاپەرینەش هەر ژنە و ئێستا ژنان لە شەقامەکانی ئێراندا یەکجار چالاکن بۆ ڕووخانی ڕێژیمی مەلایان و هەر ئەوەشە بۆتە هۆکاری ئەوەی کە لە زۆر وڵاتی دونیا دەیان سیاسەتمەدار و گۆرانیبێژ و هونەرمەند و ڕێکخراوەکانی ژنان و کۆمەڵگای مەدەنی پشتی ئەو بەرخۆدان و سەرهەڵدانەی ژنانی ئێران بگرن. پشتیوانی و بەرگرێک کە تاکوو ئێستا نموونەی نەبۆوە.

بە باوەری من حیزبەکانی ڕۆژهەڵات دەبێ بە یەکگرتوویی و بە یەک وتاری کار لە سەر ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بکەن و پشتی خەباتکارانی ژن وپیاوی کورد و باقی نەتەوەکانی دیکەی ئێران بگرن. جێگرەوەی ڕاستەقینەی کۆماری پەت و سێدارە لە ناوخۆی ئێراندایە. ئێستا کە شۆرشی ژینا ئەو هاوپشتی و هاوخەباتییەی گەلانی دیکەی ئێرانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست کردووە و دەرفەتێکی زێرینی بۆ ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات خوڵقاندووە کە بۆ جێگرەوەی کۆماری مەلایان ئاوڕ لە ناوخۆی ئێران بدەینەوە و نەک هەموو هێز وتوانامان تەرخان بکەین بۆ چەند گروپی بە ناو ئۆپۆزیسیۆنی سەراسەری کە مەعلوم نیە چەند دەرسەدی خەڵکیان لەگەڵە و نابێ ڕێگایان بدەین سواری شەپۆلەکە بن و بگەن بە دەسەڵات.

حیزبەکانی ڕۆژهەڵات با لە پشتگری و پەیوەندی چروپڕدابن لە گەڵ کەسانی خەباتکار و دڵسۆزو نیشتمانپەروەری ناوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەکرێ بەو شێوە بەرەیەکی نیشتمانی بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان دروست بکرێ، بەرەیەک کە بتوانێ ببێتە دەنگ ورەنگی داخوازەکانی کوردی ڕۆژهەڵات و لە گەڵ باقی لایەن و لیدرەکانی گەلانی ئێران بکەونە دانوسان بۆ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دروستکردنی ئالترناتیڤێکی دێموکراتیک کە باوەڕی بە کورد ومافەکانی ماباقی گەلانی دیکەی ئێران هەبێ، نەک کۆمەڵێک سیاسیی دۆڕاوی نژادپەرەستی ئوروپا و ئامریکانشین. ئێمەی کوردی ڕۆژهەلات دەبێ لە شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ هەتاوی دەرس وەرگرین و نەچین ببین بە پاشکۆی کۆمەڵێک خەڵکی درۆزن و ساختەچی کە دەیانهەوێ ئێمەی کورد بکەن بە پەیژە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## شۆڕشە و کۆشکی زۆرداریی دەڕوخێنم



هاشم ڕۆستەمی

شۆڕشە و هێزی لە بڕان نەهاتووم و کۆشکی ستەم و زۆرداریم لەرزاندووە.
شۆڕشە و نەعرەتەی شێرانەم گوێی دیکتاتۆری قوم و جەمارانی تەزاندووە
شۆڕشە و کۆڵان بە کۆڵان و شەقام بە شەقام دەچمە پێش و تەنگ بە هێزی دژی گەلی و سوپای جەهل و نەزانی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەڵدەچنم.
شۆڕشە و دەمهەوێ نیزامی سەدەکانی نێوەڕاست لە سەر گەلم ڕامالم!
شۆڕشە و دەمهەوێ شوورەیی ئەم سەردەمە لە سەر رووی گیتی نەهێڵم

شۆڕشە، هاواری پەنگ خواردووی دەیانساڵەی گەلێکی ماف پێ شێل کراو و ژیان زەوت کراوم. هەر بۆیە بە ورد و درشتەوە، بە ژن و پیاوەوە، بە کوڕ کچەوە، بە کاسبکار و خوێندکارەوە، بە دێهات و شارەوە، دەست لە ناو دەستی یەکەم و تا سەرکەوتن بە گوڕ و تینەوە، بە فیداکاری و قینەوە، تا رامالێنی زۆرداری، لە وڵاتی جوانی کوردەواری، بێ ترس و بێ سلمینەوە لە زەبر و زەنگ، دەچمە پێش و بومەتە پێشەنگ.

شۆڕشە ودوا هەناسەکانی ژینای ژیان و ژینی کوردان هەوێنی ئەم بەرخودانەمە و بوومەتە نەعرەتەی پر لە هاواری گەلانی ئێران هەر لە بلوچوستانەوە تا کوردستان، لە ئازەربایجانەوە تا تورکەمەنستان، هەر لە رۆهەلات تا رۆژ ئاوا، لە باکوور تا باشوور، لەهەر گۆشە و کەنارێکی نزیک و دوور، بەڵێ بوومەتە ئەو نەعرەتەیەی کە تەخت و بەختی زۆرداریم وەلەرزە خستووە. هێزی دوژمنم لە پێ خستووە.

شۆڕشە و سوێندی بڕوام بە دوا هەناسەی ئەو کۆرپەڵەیە کە دوای شەهید بوونی دایکی، چاوی بە گیتی هەڵێنا و دواتر هەر لە ئامێزی تەرمی دایکی شەهیدیدا وێکڕا بە خاکی پاکی کوردستان سپێردران، سوێندی بڕوام بە فرمێسکی دایکی شەهیدە، سوێندی بەڵێنم بە هەناسەی پر لە تاسەی باوکی شەهیدێکی سەرشەقامە، سوێندی خۆڕاگریم بە وەی خوشکی شەهیدێکی ئەم نیشتیمانەیە، سوێندی فیداکاریم بە گیانبازی ئەو رۆڵە نەبەزەیە کە دوای شەهید بوونی براکەی، چەکەکەی ئەوی کردۆتە شان و بۆتە پێشمەرگە، سوێندی بەردوام بوونم بە ناڵەی ئەو دایکە جەرگ سوتاوەیە کە دەڵێ، رۆڵەکانم! سەرخۆشیم لێ مەکەن و لە شۆرش بەردەوام بن، کورەکەم شەهید بوو، ئێوە و نیشتیمان و کوردستان خۆش.

سوێندم بە هەموو ئەو سوێندانە، سوێندم بەو نیشتیمانە داگیر کراوە، سوێند بەو کوردستانە دابەشکراوە،
سوێند بە هەموو ئەو خوێنانەی بۆ رزگاری ڕژاون، سوێند بە هەموو ئەو شەهیدانەی بە بێ نازی نێژراون،
تا سەرکەوتنی یەکجاری، تا گەیشتن بە ترۆپکی رزگاری، لەگەری گۆوەندی ڕاپەرین و شۆڕشدا، شۆرەسواری گیانفیدای ئەم کاروانە بم تا ئەوکاتەی جاڕی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا، بە گوێی جیهاندا دەدەم.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٠ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# شۆڕشێک لە ژنانەوە بۆ لاوان



شاهۆ حوسێنی

## سەرەتا

شۆڕشێک کە لەلایەن ژنانەوە بەدژ کۆشتنەکان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی بە ئایینیکردنی جەستەی ژنان لەپاش شەهیدبوونی ژینا بە دەست مرۆڤکوژەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردبوو، هەر ئەم جۆرەی چاوەڕوان دەکرا زۆر زوو تەشەنەی کردە نێو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە و لە درێژەدا زانکۆکان و لەپاشان قوتابخانەکانی گرتەوە.

## کۆمەڵناسیی بزاڤی لاوان

بلومر لەسەر ئەو باوەڕەیە کە مەبەستی لاوان لە بەشداری لە بزاڤە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، مەبەستگەلێکی گشتییە، ئەم جۆرە بزاڤانە بە هۆی ئەوە کە لاوان ڕادیکاڵ و ئارمانخوازن درێژەدەوە و بەردەوامن. دەرکەوتنی لاوان لە بزاڤەکاندا بە باوەڕی بلومر بەرهەمی ئاڵوگۆڕی بەردەوام، بەربڵاو و هێدی لە نەریتەکانی کۆمەڵگەدایە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لاوان تێگەیشتووانە و ئاگایانە بە مەبەستی ئاڵوگۆڕی نەزمی کۆمەڵایەتی مەوجود دەر دەکەون، ئەوان لەژێر کارتێکەریی گۆڕانکارییەکان لە کولتوور و بەهاکان لە کۆمەڵگە و جیهاندا دەبنە خاوەن ڕوانگەیەکی نوێ لەمەڕ خۆیان و مافەکانیان. بۆیە تێدەکۆشن بە ئارمان و ئامانجەکانیان بگەن، ئەمەش بێگومان کاتێ دەردەکەوێت کە فۆرماسیۆنە نەریتییەکان توانایی بەرهەمهێنانی خواستە مەشرووعەکانی لاوانیان نییە و بەم شێوەیە بەر دەگرن بە پەرەی لاوان. دەرکەوتنی لاوان لەنێو بزاڤەکاندا بە تەنیا هەڵسووکەوتێکی ڕەمەکی و چاوەڕواننەکراو نییە، بەڵکوو دژکردەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بەدژ هێز و ڕووداوە مێژووییەکان. لەڕاستیدا بزاڤی لاوان لەم کۆمەڵگە و وڵاتانەدا ڕوو دەدات کە ئاڵوگۆڕی خێرا بەخۆیانەوە دەبینن، ئەو کۆمەڵگەیانەی کە تووشی لاوازیی فۆرماسیونی سیاسی، دارمانی شەرعییەتی دەسەڵات و نەزمی سیاسیی مەوجوودن.

## لاوان لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا

دەرکەوتنی کۆماری ئیسلامی لە ئاسۆی سیاسیی ئێران وەک لێکەوتەی ئایدۆلۆژێکی فاندەمینتاڵ لێکەوتە گەلێکی گرینگی نەتەنیا بۆ کۆمەڵگە بە گشتی کە بە تایبەتی بۆ لاوان لێ کەوتەوە. یەکەم دیاردەی کولتووریی ئەم دەسەڵاتە حەول بۆ بە ئایینیکردنی عەقڵ. جەستە و کولتووری کۆمەڵگە بوو، بۆ ئەم مەبەستەش سەرتا هەموو سەرچاوەکانی بارهێنان و ڕاهێنانی قوتابیان لە قوتابخانەکان بە وانە ئایینییەکان ئاخندران، لە درێژەشدا لە ڕێی لێژنەی بالای شۆڕشی کولتووری بەمەبەستی ئایینیزەکردنی زانکۆکان، پەرەی کولتووری ئایینی و بەربەرەکانی لەگەڵ ڕۆژئاواخوازی و سێکۆلاریزم حەول درا لەڕێی ئایدۆلۆژی فەرمیی حکوومی، لاوان و خوێندکاران لە خزمەت بەرژەوەندی ئایینی دەسەڵات کۆمەڵگر بکەن. هاوتەریب لەگەڵ ئەمە لەڕێی شۆڕشی کولتووری لە زانکۆکان لە ساڵی ١٣٥٩ تا ١٣٦٢ بەشێکی زۆر لە خوێندکاران و مامۆستایان لەسەر کار و خوێندن لادران.

بەم شێوەیە کۆماری ئیسلامی دژایەتیی خۆی لەگەڵ زانست و لاوی تێگەیشتوو نیشان دا و حەولی دا لەڕێی ئیسلامیزەکردنی خوێندن، زانکۆ و قوتابخانە تاکی ملکەچ، گوێڕایەڵ و دەستەمۆ پەروەردە بکات. بەڵام دژکردەوە جیاوازەکانی خوێندکاران لە درێژەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی سەلماندی کە کۆماری ئیسلامی هیچکات نەیتوانی لاوانی خوێندکار دەستەمۆ بکات. دیارە هەر لە سەرەتای هاتنەسەرکاری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، زانکۆکان و لاوانی خوێندکار گرینگترین پێگەی دژایەتی و ڕەخنەگرانەی دەسەڵاتی پاوانخواز و پاشکەوتووی ئایینی بوون. هەربۆیەش زانکۆکان بە بەردەوامی کەوتوونەتە ژێر هێرشی هێزەکانی سەرکوتکەر و بە دەیان خویندکار، ئێعدام، بێسەروشوێن و شەهید کراون.



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

## تێکەڵبوونی قوتابیان بە شۆڕش

شۆڕشی ئەم جارەی کۆمەڵگەی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تەنیشت هەموو جیاوازییەکان و دیاردە نوێیەکانی کە بە خۆیەوە بینیویەتی، دیاردەیەکی تەواو جیاواز لە ڕاپەڕینەکانی پێش خۆی بە خۆیەوە بینیوە. ئەم دیاردە جیاوازە کە بە شێوەیەکی کوتوپڕ و بەربڵاو لێکەوتەی زۆر گرینگی لەگەڵ خۆی هێنا، تێکەڵبوونی قوتابیان کچی قوتابخانەکان لەگەڵ شۆڕش بوو.

ئەون بە لادانی حیجاب، داگرتنی وێنەی خومەینی و خامنەیی لە کلاسەکان و دڕاندنی وێنەی ئەوان لە کتێبە دەرسییەکان دژکردەوەیان نیشان دا و بەم شێوەیە پەیوەستبوونی فەرمی خۆیان بەم شۆڕشە ڕاگەیاند. قوتابیان بەم شێوەیە لاپەڕەی هەموو ملکەچی و جەستەبوون و ڕەگەزی دووهەمبونیان دڕاند و وەک سوبژەیەکی سەربەخۆ بڕیاری سەربەخۆییان لە خۆ دەرخستن، خۆپێناسەکردن و خۆ بارهێنان دا. ئەوان بە لەچکە سووتاندن، هێرشێکی ڕادیکاڵیان بۆ بناغە و ئایدۆلۆژی دەسەڵاتی حاکم دەست پێ کرد. لەچکە تەنیا پەڕۆیەک یان بەشێک لە بەرگ و لیباسی ژن نییە بەڵکوو کەرەسە و بەربەستێکە بۆ نەفی و نەهی ژن وەک جەستەیەک و بوونیکی کە حەول دەدرێت لەڕێی شاردنەوەی بە ئایینی بکرێت. ئەم شۆڕشە سەلماندی کە سیاسەتەکانی زێدە لە چل ساڵ دەسەڵاتی سەرکووت، پاوانخواز و سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی هیچکات نەیتوانیوە شەرعییەتێک لەنێو ژەین و هزری کۆمەڵگەدا بۆخۆی مسۆگەر بکات، نیشانی داوە کە سیاسەتەکانی ئایینی و ئۆبژەپەروەری کۆماری ئیسلامی لەماوەی زێدە لە چل ساڵ دەسەڵاتی بەربڵاوی خۆیدا هیچ کات نەیتوانیوە مرۆڤی ملکەچ و گوێڕایەڵ بەرهەم بهێنێت و ئەگەر زۆریی دەسەڵات، پارە و هێزی نیزامی نەبێت، تەنانەت بۆ یەک چرکەش ئەم دەسەڵاتە ناتوانێ حوکمی کۆمەڵگە بکات.

ئەم دەسەڵاتە ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو کاتێک لەلایەن ژنانەوە بە ژنانی گەورە ساڵ، خویندکاری زانکۆ و قوتابخانەکان مەترسیی ڕووخانی لەسەرە و هیچکات پایەکانی نەزەری، هزری و مەعریفی دەسەڵاتەکەی ئەوەندە لەرزۆک و هڵۆڵ نەبوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# مانگرتن ڕێگایەک بۆ شکاندنی شکۆی دیکتاتۆر



ت. ئاگری

لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای نارەزایەتی و خۆپێشاندانەکانی خەڵکی ئێراندا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کورستان وێڕای پێشەنگایەتییان لە خۆپێشاندان و هاتنە سەر شەقام، دوو جاریش بە داخستنی دووکان و بازاڕەکان بەشداریی ئەم نارەزایەتیانە بوون.

جاری یەکەم لە سەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و حیزبەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە هەمبەر کوژرانی ناجوامێرانەی ژینا ئەمینی بە دەست جەللادانی گەشتی ئیرشادی کۆماری ئیسلامی بوو. ئەو مانگرتنە وێڕای نیشاندانی ئاستی تووڕەیی خەڵکی کوردستان لەو کردەوەیەی کۆماری ئیسلامی و هاودەنگییان لەگەڵ حیزبەکانی خۆیان، بوو بە هۆی ئەوە کە نارەزایەتییەکان لە سەقزی شاری ژیناوە بە هەموو کوردستان و لە کوردستانیشەوە بە پانتایی هەموو ئێران بڵاو بێتەوە. بە جۆرێک کە خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکان بە شێوەیەکی کەموێنە هەموو جوغرافیای ئێرانی گرتەوە.

قورسایی نارەزایەتییەکانی خەڵک بە ڕادەیەک بوو کە کۆماری ئیسلامی بۆ ڕزگارکردنی خۆی لە چنگ خەڵکی وەزاڵەهاتوو، پەنای بۆ هەموو فرتوفێڵێک برد. یەک لەوانەش هەڵخڕاندنی هەستی ئێرانییەکان بە "لە مەترسیکەوتنی سنوورەکان" و



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

لەقاودانی مەترسیی دابەشکردنی خاکی ئێران لەلایەن حیزبەکانی کوردستانەوە بوو. بۆ ئەوەش دەستی بە تۆپباران، هاژەکباران و درۆنبارانی بنەماڵە ئاوارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بنکەی حیزبەکان لە باشووری کوردستان کرد. لەو هێرشە نامرۆڤانەیەدا بە داخەوە ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و ئەندامانی بنەماڵەکان شەهید و بریندار بوون و زیانێکی زۆر بەر ماڵ و ژیانی ئاوارەییان کەوت. بەپێی بانگەوازی ناوەندی هاوکاری و حیزبەکانی دیکە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ڕۆژی ٩ی ڕەزبەردا بۆ جارێکی دیکە دووکان و بازاڕیان داخستەوە و بێزاریی خۆیان لەو کردەوەیە و لە کۆی کۆماری ئیسلامی دووپات کردەوە. لە سەر بانگەوازی ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەم جارە مانگرتن و داخستنی بازاڕ تا ڕادەیەک پەلی بۆ شارەکانی دیکەی ئێرانیش هاویشت. بەشێک لە دووکانداران و بازاڕیانی تاران، ئیسفەهان، ڕەشت و هێندێک شوێنی دیکەی ئێران دژ بە سەرکوتی خۆپێشاندانەکان و بۆ هاودەردی لە گەڵ خەڵکی کوردستان دووکان و بازاڕیان داخست. هاوکات سەرەتایەک لە مانگرتنی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی ئێرانیش هاتە ئاراوە. ئەوە وێڕای مانگرتنی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە بەشێک لە شارەکانی کوردستان و لە پارێزگای فارس.

وەک چۆن کورد هەر لە سەرەتاوە پێشەنگی ئەم نارەزایەتی و خۆپێشاندانانە بوو، هەردوو جاری ئەم مانگرتنانەش گوڕوتینێکی نوێیان بۆ خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان لە ئاستی ئێران دایەوە و نیشانیان دا کە چۆن خەڵکی کوردستان لە باری خەبات و تێگەیشتنی سیاسییەوە چەند هەنگاوێک لە پێش خەڵکی ناوەند و بەشەکانی دیکەی ئێرانەوەن.

ئەو تێگەیشتن و ئەزموونەی خەڵکی کوردستان لە خەباتی سیاسی و مانگرتن، بە شێوەی کۆنکرێت بۆ خەباتی گەلی کورد لەم دوو دەیەی دواییدا دەگەڕێتەوە. ئەگەرچی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دوای تێرۆری دوکتور سادق شەرەفکەندی هەوڵی دا لەو شێوازەی خەبات کەلک وەرگرێ، بەڵام باری قورسی خەبات لە سەر خەڵکی کوردستان، سەرکوتی زۆری خەڵک لەلایەن کۆماری ئیسلامی، تاقینەکرانەوەی ئەو شێوە خەباتە تا ئەوکات و مەترسیی خەڵک لە نەگەیشتنی هاواریان بە گوێی دنیا بەشێک لەو هۆکارانە بوون کە ئەوکات مانگرتن سەرکەوتوو نەبێ. بەڵام ساڵی ١٣٨٤ لە نێو ئەو سەرهەڵدانەدا کە بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە کوژرانی شوانەی سەید قادر بە دەستی پاسدارانی کۆماری ئیسلامی هاتە ئاراوە، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە هەمبەر سیاسەتی تێرۆر و کوشتنی کۆماری ئیسلامی، لە ڕۆژی ٢٢ی پووشپەڕ، شازدەهەمین ساڵرۆژی تێرۆری دوکتور قاسملووی مەزن دووکان و بازارەکانیان داخست. سەرەڕای گوشار و ئازاری کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بازاڕیان و دووکانداران، ئەم ڕەوتە تا چەند ساڵ دواتریش بەردەوام دووپات دەکرایەوە. بەڵام گوشاری زۆری کۆماری ئیسلامی لەلایەک و ناهومێدیی خەڵک بە هۆی لێکترازانی ڕیزەکانی حیزب، بەرەبەرە ئەو شێوە خەباتەی بەرەو کاڵبوونەوە برد. دوای ئێعدامی فەرزادی کەمانگەر و هاوڕێکانی لە ١٩ی بانەمەڕی ١٣٨٩ی هەتاوی، خەڵکی کوردستان جارێکی دیکە بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان لە کۆماری ئیسلامی بە داخستنی دووکان و



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

بازاڕەکان دووپات کردەوە. دوا جاریش هاژەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ کە بوو بە هۆی شەهیدبوونی حەڤدە کەس لە ڕێبەران و تێکۆشەرانی حیزب و هاوکات سێ زیندانیی سیاسیش لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی لە دار دران، تووڕەیی زۆری خەڵکی کوردستانی لێ کەوتەوە. لە سەر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و پشتیوانیی حیزبەکانی دەرەوەی ناوەند مانگرتنێکی سەراسەرییان بەڕێوە برد. مانگرتن لە کوردستان ئیدی بووە بە نەریت و بە شێوە خەباتێکی زۆر ئاشنا لە دەست خەڵکدا. هەر دوو مانگرتنی دوایی دەریانخست کە لە باشووریترین شارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا باکووریترینیان، بەو شارانەشەوە کە لە نێوان کورد و نەتەوەکانی دیکەدا هاوبەشن، لە کاتە پێویستەکاندا بە پیر بانگەوازی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەوە دێن و خەڵک لەو ڕێگایەوە هاوپێوەندیی خۆیان لە گەڵ حیزبەکانی خۆیان و نەفرەتیان لە کۆماری ئیسلامی و کردەوەکانی دەردەبڕن.

مانگرتن بە شێوەی داخستنی بازاڕ و نەچوونە سەر کار لە ئاستێکی لۆکاڵی و ناوچەییدا، شێوەیەک لە خەباتی مەدەنی و لە ڕاستیدا جۆرێک خەباتی پێچەوانەیە. بەو واتایە کە خەڵک کارێک ناکەن کە دەسەڵات حەزی لێیە و بەم جۆرە بێزاری و ناڕەزایەتیی خۆیان لە دەسەڵات و لە کردەوەکانی، بە گوێی کاربەدەستانی حکوومەت و لە ڕێی مێدیاکانەوە بە دنیا ڕادەگەیەنن. بەڵام مانگرتن لە ئاستێکی گشتگیرتردا دەسکەوتی زۆر زیاتری بە دوادا دێ.

ئێرانییەکان ئەگەرچی ئەزموونی لاوازکردن و لە عەرز دانی دەسەڵاتی پاشایەتییان لە ڕێگای مانگرتن و داخستنی بازاڕ لە ساڵی پێش ئینقلابی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا هەیە بەڵام ئەو کاتیش بازاڕ تا ڕادەیەکی زۆر لە دەست ئەو ڕەوتانەدا بوو کە دواتر کۆماری ئیسلامییان پێک هێنا. لەو کاتەوە ڕێژیم بە درێژایی پتر لە چوار دەیە تەمەنیدا، تا ڕادەیەکی زۆر چەکی داخستنی بازاڕی لە دەست خەڵک دەرهێناوە. یەک لە دەسکەوتەکانی سەرهەڵدانی ژینا، دەرکەوتنی نیشانە سەرەتاییەکانی پەیوەست بوونی شارەکانی دیکەی ئێران بە خەباتی مانگرتنی خەڵکی کوردستانە. دوای دەسپێک و پەرە گرتنی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتییەکان، مانگرتنێکی گشتگیر و بەردەوام، قۆناغێکی گرینگ و چارەنووسسازە لە ڕەوتی ڕووخانی ڕێژیم. مانگرتنی سەراسەری ناڕەزایەتییەکان بە ناخی کۆمەڵگەدا شۆڕ دەکاتەوە و گشتگیرتری دەکا و چین و توێژی زیاتری پێوە پەیوەست دەکا. هەروەها ڕێژیم لە باری ئابوورییەوە لاواز دەکا. بە تایبەتی ئەگەر مانگرتن بوارەکانی گواستنەوە و خزمەتگوزاریی وڵات بگرێتەوە دەتوانێ دەوڵەت بە یەکجاریی نوقوستان بکا لە کاری بخا. بەڵام لە حاڵەتی ئاساییشدا لاوازیی ئابووری دەبێتە هۆی بچووکتر بوونەوەی دەوڵەت تا ئاستێک کە بە زەحمەت بتوانێ مووچەی کارمەندەکانی بە تایبەت بەکرێگیراوان و هێزە سەرکوتکەرەکانی بدا. بەڵام بێ لەوە، مانگرتنی سەراسەری لە باری سیاسییەوە هەیمەنە و ئیقتداری دەسەڵات تێکدەشکێنێ. لەو قۆناغەدایە کە دانگەڕێز کردنی هێزە چەکدارەکان دەست پێ



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکا و ڕێژیم لە باری سەربازییەوە تووشی داڕمان دەبێ. داڕمانی سەربازی، ئیزۆلە بوونی دەسەڵاتی لێ دەکەوێتەوە و حکوومەت بچووک و بچووکتر دەکاتەوە. ئیدی خەڵکیش زیاتر ترسیان لە دەسەڵات دەشکێ و دوای ئەوە ڕاپەڕینێکی چەکداری و تەنانەت بە بەرد و تێلاش دەتوانێ تەخت و بەختی جەماران و هەر حکوومەتێکی دیکتاتۆر بە یەکجاری تێکەوە پێچێ و ئەو پەڵە نەنگە لە داوێنی مرۆڤایەتی بشواتەوە.

ئەم بابەتە لە ژمارەی ٨٣٢ی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کراوەتەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

## چەند سانایە شۆڕشگێڕ؟!



**سەردار عەزیز**

ئەم ڕۆژانە لەئێران ڕووداوێک یان کۆمەڵێک ڕووداوی ئاڵۆز دەگوزەرێن کەکاریگەرییان دەبێت لەسەر زۆر جۆری دەسەڵات و شێوازی پیادەکردنیان: دەسەڵاتی دەوڵەت و هاووڵاتی، هاووڵاتی جێندەری، دەسەڵاتی پیاو بەسەر ژندا، هەروەها دەسەڵاتی جێندەری.



https://serchawe.com

کاتێک لەوێنـاو ڤیـدیوکانی ئێرانـی ئەمڕۆ دەڕوانم، دیاردەکـان، کەسـەکان، دیمەنەکـان ئەو پرسـیارەیان لەلا دروسـتکردم کەچەنـد سـاناو سـادەیە شۆڕشگێربوون. هەنـا ئارێنـت لەکتێبـی ئایندشمان لەقـودس، ڕووبەڕووی هاوکێشـەیەکی سـەختمان دەکاتەوە، ئایا کەسێک کە نیەتی نیە خراپەکاربێت، لەمیـانەی ئاساییبون و هـاکەزایی بـوون و ڕۆتینبـوون و بچووکبـوونی، دەبێتە خراپەکار؟ ئایا کەسێک بەوەی دەیەوێت سانا ڕەحەتخوازبێت دەبێتە خراپەکار؟

ئەم چوارچێوە ئەخلاقییە فیکرییە، وەهـای لێکـردم کەبیـر لەئەوە بکەمەوە، ئایـا دەکرێت کەسێک کە نیـەت و نیـازی نیە شۆڕشگێڕبێت بەڵام بەئەنجامدانی چەند کارێکی سـادەو سـانا لەدۆخێکی تایبەتـدا ببێتە شۆڕشگێڕ؟ شۆڕشگێڕ وەک کەسێک، کۆمەڵێـک زۆر لەوێنـاو چیـرۆک و سـەربووردەو حەکـایەتی هەیە. یەکێک لەوێنـا زاڵەکـانی ئەم بـوارە وێنـای چێ گیڤـارایە. گیڤارا، وەک خۆی نا، بەڵکو وەک ئایکۆنێک کە باڵاترە لەئاسایی. بەڵام کاتێک کچێکی لاو لەشـارێکی دوورەپەرێز لەگەڵ هاوەڵەکەیدا بەبێ سەرپۆش دەچنە شەقامەکان، لەکاتێکدا لەزۆربەی زۆری دونیادا کارێکی زێـدە ئـاساییە، بەڵام لەئێسـتای ئێراندا کارێکی شۆڕشگێڕانەیە. ئەمە تەنهـا خەسڵەت و جێنـدەری شـۆڕش ناگۆڕێت، بەڵکـو ڕەهەنـدەکانی ئەم کردەیە زۆرن. بەکـورتی لەو هەڵوێسـتەدا دەردەکەوێت کەچـۆن نەژیـت، وەک ئەوەی سیسـتەم یـان تـوێژی بـاڵا، یـان دەوڵەت یـان کۆمـار دەیەوێت بژیت. ئەم تـرازانە ئـاسـایی نیە. سـەرتـاپا هاوکێشـەی دەسـەڵات لەڕۆژهەڵات هەڵاوگێـر دەکـات. هێشـتا لەزۆر کۆمەڵگاکانی دەرەوەی ڕۆژئاوا مرۆڤ وەک کێڵگەیەک دەبینرێت کە دەسەڵات هەموو توانـایەکی هەیە، یـان تەنـانەت مافیشی هەیە چۆنی بەرهەم بهێنێت یان مامەڵەی لەگەڵدا بکات. هێشتا مرۆڤ وەها نـابینرێ کە دەکرێت خاوەنداریێتی لەخۆی یـان ئەینجینسی هەبێت. کەسێک بێت خۆی ئەخلاقی خۆی لەدونیـادا دابڕێژێت. خۆی جۆری ئامادەبوونی لەدونیـادا دەستنیشان بکـات. خۆی بڕیاربـدات کە چـۆن لەنێـو ئەوانیتـردا بـوونی هەبێت. ئەمە ئەگەر بـۆ هەموان ڕاستە، ئەوا بـۆ ئـافرەت زۆر تووندترە. ئەگەر سەیری ئەدەبیاتی دەسەڵات بکەین لەناوچەکە هەمووی لەو ڕوانگەیەوەیە کە دەبێت ئـافرەت چی بکـات و چی نەکات. ئافرەت بوونەوەرێکی پیادەکەرە. ئەو کەسێک نیە بۆی هەبێت بڵێت بۆ؟

لەکتێبـی زێـدە ناسـراویدا دەربـارەی کـامپی نازییەکـان، بەنـاوی ئەگەر ئەمەیە پیـاو (مـرۆڤ) Sequestoèunuomo پریمۆ لیڤی باس لەژیانی دەکات لەکامپی نازییەکان کەچۆن بۆیان نەبووە بڵێن بـۆ. هەرکاتێک کەپێیان گوتراوە کارێک یان جوڵەیەک بکەن، کەسێک گوتبێتی بۆ، خێرا لەوەڵامدا پێـی گوتـراوە، ئێرە جێگای بۆ نیە. دەسـەڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاست خوازیـاری دۆخێکـی لەو جـۆرەن، دۆخێـک کە کەسـەکان نەتـوانن بڵێن بـۆ. ئەمە زۆر بەتایبەت لەسەر جەستەو ژیارو چارەنووسی ئافرەت پیادە دەکرێت. ئەمە بنەمای پێکەوە بەستنی، ئەو سێینە گرنگەیە کە ئۆجەلان پێکەوەی گرێـدەدات، کە خۆی لەژن و ژیـان و ئـازادییدا دەبینێتەوە. ژن لەدۆخێکی ئـازاددا، ئـازادییەکەی بـۆ ئەوە بەکاردەهێنێت کە مافی ژیـانکردن، وەک ئەوەی ژیـانێکی ژنانەبێت بـژی. دیـاری چەمکـی ئـازادی زۆر زۆر ئـاڵۆزە، لەگەڵیدا



سەرچاوە Serchawe
https://serchawe.com

وابەستەیە بەچەمکی تری وەک نامۆبوون، کۆیلە، بەرپرسیارێتی، ئەرک. هەروەها چۆنیەتی فەراهەمبوونی دیسانەوە ئاڵۆزە. کەسێک تەنها لەلابردنی لەمپەرەکان لەبەردەمیدا ئازاد نابێت، بەڵکو دەبێت بەبێ ڕێگریی دەرفەتی هەبێت بۆ دەستگەیشتن بەسەرچاوەی تواناکان. ڕەنگە ئەمە ئەمڕۆ لەکرۆکی دۆخی ململانێکانی ئێراندابێت. لەکاتێکدا ئافرەت دەچێتە بەر خوێندن، یانی سوودمەندبوون لەتواناکان، ئەوا لەدەرئەنجامدا دەبێتە خاوەن خواستی ئازادی، بەڵام لەهەبوونی تواناو بوونی لەمپەر، ئەوا بەریەککەوتن حەتمییە. ئەمەیە کرۆکی ئەو ڕەوتەی کە دژ بەخوێندنی ئافرەتانە. توانایان پێ مەبەخشە بۆ ئەوەی داوای ئازادی نەکەن. لێرەدا ئەدەبیاتێکی فراوان هەیە، تەنها ئاماژە بە ئەشعیا بەرلین و ئەمارتیا سین دەدەم.

ئەوەی ڕوودەدات لەڕاستیدا کۆتایی جۆرێکە لەدەسەڵات کە تەمەنی زیاتر لەدوو سەد هەزار ساڵە. لەچەند هەفتەی رابردوودا ستونناسی دیاری ڕۆژنامەی فایناننشاڵ تایمز سایمۆن کوپەر، ستونێکی سەرنجراکێشی نوسیبوو لەژێر ناونیشانی: پیاوبیت لەکۆتایی دوو سەد هەزار ساڵی پیاوسالاریی. سایمۆن باس لەچەند کتێبێک دەکات دەربارەی چۆنیەتی پیاوبوون لەسەردەمێکدا کە ئافرەت زەمینەی ئەوەی بۆ سازاوە کە وەک خۆی ببێت. یەکەم کتێب باسی دەکات بەناوی کۆتایی پیاوە، لەنووسینی هەنا ڕۆسین. لای سایمۆن پرسەکە ئەوەیە کەچۆن پیاو رابهێنرێت بەوەی ئافرەت وەک کەسێکی ئازاد هەبێت. پیاو بەئاسانی دەستبەرداری ئەم دەسەڵات و پێگەو پلەو پایەی نابێت. هاورێیەکی ئافرەتم بۆی گێڕامەوە، کاتێک کەوەرزشی ڕاکردن دەکات هەر کاتێک پێش پیاوێک دەکەوێت، بەزۆری پیاوەکان هەوڵدەدەن پیایدا بگەن یان پێشی بکەونەوە، زۆرجار کە بۆیان ناکرێت دوای دەکەون، کاتێک کە ماندوو دەبن و بۆیان دەردەکەوێت کە ناتوانن، بە جنێوێک یان پلارێکی ناشیرین داخی دڵی خۆیان دەڕێژن.

ئەم دۆخە دەرخەری ئەوەیە کە پیاو وەک دەسەڵاتدار ئاسایی بووەتەوە. دۆخی ئاساییبوونەوە وەک سروشتی بوون وەهایە. میشێل فۆکۆ بەچڕی کاری لەسەر پەیوەندی ئاسایی و ئاسایی بوونەوە کردووە: normandnormal. کاتێک کردیەک یان ڕەفتارێک ئاسایی دەکرێتەوە وەک سروشتی لێدێت. لەم دۆخەدا چیدی لەئەوە دەردەچێت پرسیار یان گومان یان نەیارێتی بکرێت بەڵکو پیادەکردنی نابێتە جێگای پرسیارو گلەیی و ڕەخنە. ئەمە بالاترین دۆخی دەسەڵاتە کە چیدی هیچ بەرگرییەک بەرامبەری بوونی نابێت. پیاو لەمیانەی چەند هەزار ساڵی دەسەڵاتی ناتوانێت بەئاسانی ئەم ئاساییە وەک نائاسایی ببینێت.

ئەم ڕەهەندە وەها دەکات کە ئەوەی لەئێراندا ڕوودەدات شۆڕش بێت. شۆڕش بەمانای هەڵتەکانی ئاساییەکان. ئەمە زۆر کاریگەرترە لەهەموو خەباتێکی چەکداریی و پارتیزانی. لەخەباتی چەکداری یان پارتیزانیدا، لایەنەکان بە بەکاربردنی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

تووندوتیژی باڵا، ڕەنگە لایەک بەسەر لایەکی تردا زاڵ بێت یان بیباتەوە، بەڵام مەرج نیە سروشتی پیادەکردنی دەسەڵات و نۆرمەکان بگۆڕێن، بۆیە دووبارەبوونەوە زیاتر چاوەڕوانکراوە. بەڵام کاتێک کردەیەکی مەدەنی دەیەوێت کۆتایی بەئاسایی و دووبارەو سروشتی بهێنێت و نیزامێکی تەواو جودای پەیوەندی دەسەڵات و ئامادەیی کەسەکان و پەیوەندی نێوان جێندەرەکان دروستبکات، ئەوا هەر لەسەرەتاوە شۆڕشە.

لێرەدا دوو پرس یان ڕەهەندی سەرنجڕاکێش لەئارادان کەدەکرێت قسەیان لەسەر بکرێت: یەکەم ئەو دیدەی کە دەڵێت کاتێک دیکتاتۆرییەت واقیعە، شۆڕش ئەرکە. فەیلەسوفی سویسری RaimundGregorius

لەڕۆمانی شەمەندەفەری شەو بۆ لیشبۆنە، ئەم دێرە دەڵێت. شۆڕش لەوێدا یانی ڕووبەڕووبوونەوەی چەکداریی. بەڵام دیدێکی تر جیاواز لەشۆڕش، ڕۆماننووسی گەورەی ئەمریکی هێرمان میلڤیلله بەناوی بارتلبی. بارتلبی وەک کەسێک کە دەیەوێت هیچ کارێک نەکات کە بەدڵی نیە لەشوێنی کارەکەی بەردەوام بەنەرمی دەڵێت وەهام پێباشە نەیکەم. "Iprefernot." Bartleby ئەم ڕەوتە ئێستا لەدونیادا بووە بەڕەوتێکی بەرفراوان لەژێر چەمکی وازهێنانی هێمن quietquitting.

ڕەوتێکی تر هەیە کەزیاتر لەئەدەبیاتی پۆستمۆدێرندا باوە، ئەویش چەمکی دانوستانە. بەم پێیە لایەنە ڕکەبەرەکان بەردەوام لەدانوستاندان لەمیانەی بەریەککەوتنیان لەنێو کات و شوێندا. لەمیانەی ئەم دانوستانەدا هەردوولا سەرکەوتن و شکستیان تووش دەبێت. چەمکی دانوستانی دەسەڵات و چونیەتی بەرجەستەبوونی لەژیاری ڕۆژانەدا، تەواو نامۆیە بەپانتایی کەلتوریی لەباشوور.

هەموو ئەمانە کۆمەڵێک گۆڕانکاری گەورە لەشارستانیەتی مرۆڤایەتیدا دروستدەکەن. یەکەم، چیدی پیاو، نەک باڵا نیە، بەڵکو دەبێت خۆی بگۆڕێت بۆ ئەوەی نەچەوسێتەوە. بۆ نموونە، کچان زووتر لەڕووی عەقلییەوە پێدەگەن، بۆیە وەها بەباش دەزانرێت کوڕان ساڵێک درەنگتر بخرێنە بەر خوێندن، هەتا دوانەکەون و تووشی گرێی دەروونی و کێشەی کۆمەڵایەتی ببن. چیدی، کار قۆرغ نیە بۆ پیاو، بەتایبەتی پاش بەشاربوونی مرۆڤایەتی و گەشەی تەکنەلۆجیا. هەروەها گەشەی زۆر بواری تر وەک زانست و دەزگا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی هاوڵاتی – ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# پێویستیی پێکهێنانی بەرەی رۆژهەڵاتی کوردستان:



حوسێن نازدار

لە بارودۆخی ئەمڕۆدا کۆڕو کۆمەڵو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان

پتر لە رابردوو باس لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی وەک پێویستییەکی سیاسیو هەنگاوێکی گرینگ لە رەوتی بزووتنەوەی نەتەوەیی . دێموکراتیکی کوردستان دەکەنو لەو باوەڕەدان کە پێکهێنانی بەرە ئەوەندە گرینگو پڕبایەخە کە ناکرێو نابێ گیروگرفتو کۆسپەکان رێگای لێ بگرن.

لەم پێوەندییەدا پێویستە هێزو لایەنە سیاسییەکانی رۆژهەلاتی کوردستان پێداچوونەوە بەو بۆچوونو هەڵوێستانەیاندا بکەنەوە کە لە رابردوودا بوونەتە کۆسپی سەر رێگای پێکهێنانی "بەرە"و ئازایانەو راشکاوانەو بە نیازپاکیو بە گیانی هەست کردن بە بەرپرسیارێتی نەتەوەییو بە پلاتفۆڕمو رێکاری گونجاو و روونو شەفافو بە وتووێژی بنیاتنەر کاری جیددی بکەن بۆ لێک نزیک کردنەوەی روانگەو بۆچوونە جیاوازەکانیان لە پێناو پێکهێنانی بەرەیەکی فرەچەشنو یەکگرتوو و دێموکراتیکی کوردستان دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

بەرە پەیمانێکە کە لەودا هێزو لایەنە سیاسییەکان بە شێوەی ئازادانەو دڵخوازانە لە سەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەش بۆ گەیشتن بە یەک یان چەند ئامانجێکی دیاریکراو رێککەوتنێکی هاوبەش لە نێوان خۆیاندا دەبەستنو سەرەڕای پاراستنی شوناسی پێشووی خۆیان شوناسێکی گشتگیری نوێ بە نێوی بەرە پێک دێنن.

مەبەست لە پێکهێنانی بەرەی رۆژهەلاتی کوردستان ئەوەیە، کە بۆ گەیشتن بە مافە رەواکانی گەلەکەمان هەموو هێزو توانای حیزبو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان بخرێتە سەریەک بۆ رووخاندنی رێژیمی ئیسلامی ئێرانو بەدیهێنانی ئەو بەرنامەو ئامانجانەی کە هێزو لایەنەکان پێکەوە گەلاڵەی دەکەن خەباتێکی هاوبەشو یەکگرتوو و شێلگیرانە بکرێ.

بەرەی کوردستانی پێویستە لە سەر بناغەی پڕەنسیپو بنەما سەرەکییەکانی ئازادی، دیموکراسی، مافی مرۆڤ، مافی نەتەوەکان، دادپەروەری کۆمەڵایەتیو سێکۆلاریزم پێک بێتو لایەنە پێکهێنەرەکانی دەبێ باوەڕی قووڵیان بە پلۆرالیزمی سیاسیو جۆراوجۆریو فرەلایەنیو هەمەڕەنگیو ئازادی رادەربڕینو پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەو چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان لە رێگای وتووێژی هێمنانەو بنیاتنەر هەبێو بۆ پراکتیزەکردنی، خەباتی جیددی بکەن.

بۆ مانو بەردەوام بوونی کارو تێکۆشانی" بەرە "پێویستە؛ فرەچەشنیو یەکگرتوویی لە ناو بەرەدا پارێزراو بێ، سنووری مافو ئەرکو دەسەڵاتی ئەندامانی بەرە روونو دیاریکراو بێ، سەربەخۆیی سیاسیو تەشکیلاتی لایەنە پێکهێنەرەکانی بەرە پارێزراو بێ، رێگە لە پاوانخوازیو سەرەڕۆیی هەر ئەندامێکی بەرە بگیرێ، هەموو ئەندامانی بەرە تێگەیشتنێکی هاوبەشیان بۆ پیرەوپرۆگرامی بەرە هەبێو بە کردەوە پێبەندی رێوشوێنو بڕیارەکانی بەرە بن.

بەرەی کوردستانی، پێویستە بۆ بارودۆخی دیاریکراو لێکدانەوەی دیاریکراوی هەبێو خوێندنەوەی دروستو واقعبینانەی بۆ کێشەو پرسە سیاسییەکانو رووداو دیاردەو پێکهاتە جۆراوجۆرەکان هەبێو لە پێناو دابینکردنی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کوردلە رۆژهەلاتی کوردستان لە هەموو شێوە رەواکانی خەبات کەڵکی پێویست وەرگرێ.

ئەوە راستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بۆ گەیشتن بە بەشێک لە ئامانجەکانی نەتەوەکەمان دەبێ وشیاریو ئیرادەو بیرو بڕیارو زمانو گوتاری یەکگرتووی سیاسی هەبێ کە پێکهێنانو وەکارکەوتنی بەرەی کوردستانی لەم پێناوەدا کاریگەری گرینگی هەیە، بەرەی کوردستانی دەبێتە دینامیزمی خەباتی یەکگرتووی هێزو لایەنە سیاسییەکانو لەگەڵ پێشوازی خەڵکی کوردستان بەرەوروو دەبێ، وشیاری نەتەوایەتیو هەستی نیشتمانپەروەری بەهێز دەکات، هیواو هێزو ورەی خەڵک بەرز دەکاتەوە، بەدبینی سیاسی لە نێو لایەنە سیاسییەکاندا کەمڕەنگو لاواز دەکاتو باوەڕ بەیەکگرتن و یەکریزی لە نێو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەڵکو خەباتگێڕاندا پتەوتر دەکاتو گەشبینیو وتووێژی سەردەمیانەو بنیاتنەر دەبێت بە شێوازێکی باش بۆ پێکەوە ژیانی ئاشتیخوازانەی لایەنە سیاسییەکانو خەڵکی کوردستان.

بەرە ی کوردستانی یارمەرمەتیدەر دەبێت بۆئەوەی کە لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بە یەکڕیزیو یەک هەڵوێستیو ئیرادەی یەکگرتووی سیاسیو بەهێزو سەنگی زیاتر لەگەڵ لایەنە بیانیو ئێرانییەکان وتووێژو هەڵسوکەوت بکەن ،هەروەها لە ئاستی نێونەتەوەیشدا قورساییو ئێعتباری کوردستانو خەباتە ڕەواکەی بەرچاوتر دەبێو پێشوازی زیاتری لێدەکرێ.

سەرچاوە: دیواری فەیسبووکی نووسەر – ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕۆڵی گرنگی مامەڵەی ڕاست لەگەڵ سەرهەڵدانەکەی ئێراندا



عیماد عەلی

کەس لاری نیە لەوەی کە سەرجەم شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات لەم کاتەدا ڕۆڵی جوامێرانە دەگێرن و ئەوەی گلەییە و زۆر حەقیشە لە دەسەلات و خەڵکی کوردستانی باشوورە، کە وەک پێویست لەبەر ئەو پاساوانەی پەیوەستن بە سیاسەت و ملکەچبونی ئەم و ئەو لایەنی کوردستانی باشوور بۆ ئەم و ئەوی دەرەکی و ناوەکیەوە، پشتگیری براکانمان ناکەین. ئەگەر کرماشان وەکو کەرکوک تەماشابکەین و لەبەر هۆکارگەلێک بە نمونەی شاری شۆرش وەرینەگرین، با لە سنەوە تەماشای سەرجەم شارەکانی ئێران و ئەم شۆرشە بکەین و باش بزانین ئەم شارەش کە بۆ شەش هەزار ساڵە بوونی هەیە و شوێنەوارەکانی گەواهی ڕۆشنبیری و ئاستی بیرکردنەوەی سەرجەم کورد و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەلات دەردەخەن. بۆ زیاتر پەند وەرگرتن، کە ڕووداوێکی مێژووی نزیک باس بکەین، دەشێت بتوانین زیاتر جۆری مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەمرۆ دیاریبکەین، لەبەر ئەوەی بارودۆخ و زەمینەکە تا ڕادەیەک گۆرانی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە و دەکرێت ئەمرۆش کتومت لەبەر چاو بێت، بۆ ئەوەی چارەسەری گرفتەکان ی ئەمرۆ لەوێوە دەربخەین و، ناکرێت مارەکە دووجار لە هەمان کونەوە گازمان لێ بگرێت. ئەوەی گرنگە لە سەرەتادا، دەبێت باش بزانن بەرژەوەندیە گشتیە هەنوکەییەکە لە کوێیە نەک بیرو فکر و فەلسەفەکەی ئەوەی پەیوەوستە بە سەرهەڵدانەکەوە چییە، ئەمەش هەر چیەک بێت هەمیشە جێگەی ناکۆکیە بۆ هەمووان.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

با لەوە گەڕێین، بۆ ئەوەی مێژووی نزیکی سنە و ئەوەی دەگوزەرێت ئێستا بخەینە بەر تیشکی یادگەمان لە لایەک و چۆنێتی مامەڵەکردنمان لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەمڕۆ لە لایەکی ترەوە، بۆ ئەوەی خەڵکی ئەم شارە و سەرجەم کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەوە لەبیر نەکەن کە فرتوفێڵی ئیسلامگەرای دەسەڵات و چەپی توندڕەوی پان کۆمۆنیزم و زۆر کەسی خۆ بە فریشتە زان ڕۆڵێکی باشیان لە پێشتردا نەگێڕاوە و دەبێت خەڵکی ڕاپەڕیو باش پەند لەو هەڵانە وەرگرن.

ئەوەی ڕوونە کە لەم شارە وەک نمونەی سەرجەم کوردستان وەریدەگرین، ناوەندی چەپگەرایی و ئیسلامیە توندڕەوەکان بوو و تا ڕادەیکی زۆر بە تایبەتی لەکاتی شۆرشی ئیسلامی ئێراندا و زۆرینەشیان لەگەڵ یەکتردا ناکۆک بوون و ئەوەی هەمیشە نەخۆشیی کوردە لێرەدا زاڵتر بوو، کە ئەویش هەوڵی زاڵبونی هەریەکەیان بوو بەسەر ئەویتردا. ئەوەی گرنگە، کە دەبێت ئێستا ئاگاداری ئەوەبین ئەحمەد موفتیزادەیەک و چریکێکی تر خۆی لەو ناوە هەڵنەقورتێنێت بەناوی هەر بۆچونێیەکەوە بێت، کۆمێتەیەک دامەزرێنێت، یان هەر لایەنێکی دیکەی پان نەتەوەیی ئێرانی بەدوور لە تایبەتمەندیەکانی کورد و کوردستانی ڕۆژهەلات بیر بکاتەوە و دەسەڵات قازانجی لێبببینێت و دژایەتی کێشە نەتەوایەتیەکەی پێبکات. ئەمە جگە لەوەی ڕێگە نەدرێت زۆری و بۆری خۆی بسەپێنێت و هەریەکەو لای خۆیەوە بەناوێک بێتەمەیدانەکەوە (هەر کەس و لایەنێک بێت، جگە لە لایەنە ڕاستەقینەکانی نوێنەری زۆرینەی خەڵک) ئەوانیش جارێک تەماشای خەڵکەکە بە گشتی بکەن و لە ژێرەوە و بەناڕاستەوخۆ بەشدار بن یان هاندەر بن یان چاوەرێ بکەن، پشوو درێژبن تاوەکو ئەو قۆناغە بێتە ئاراوە کە هەوێنی ئەم شۆرشە دەگمەنە بێ هاوتا و بێ پێشینەیە چی هەڵدێنێت.

بەڵام بۆ بەشداری زیاتری خەڵک پێویستە لەم کاتەدا نەبونی و کەمدەرامەتی و بەرژەوەندی و پێویستیە تاکە کەسیەکانی لەمەر ئازادیی ژن و پیاو لەبەرچاو بگیرێت و قسە لەسەر هەر بۆچونێک بکرێت کە وا بکات خەڵکەکە بە لێشاو لەم سەرهەڵدانە بەشداربن، وەکو خستنە بەرچاوی جاربەجاری پەلاماری شوێنە نیزامیە ئابووریەکانی دەسەڵات و پرسی حیجاب، لەگەڵ خۆپیشاندانەکانی شەودا کار بۆ بەکارهێنانی سەرجەم شوێنە هەمەجۆرەکانی جێ ئەگەری دروستبونی چالاکی جیاجیا لە ڕۆژاندا، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ خۆپیشاندانی شەو و تیشک خستنە سەر ئاماژەکانی دەرخستنی بوونی پلانی نهێنی بۆ شۆرشەکە لە لایەن کەس و لایەنی نادیارەوە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە دڵنیا بێت کە پلانی پشت پەردەش بۆ سەرکەوتنی سەرهەڵدانەکە هەیە.

ئەگەر لە سەردەمی شۆرشی ئیسلامی لەم شارەدا لە پاش هاتنی هێز لە کرماشانەوە بۆ سنە بۆ شەڕ لەو سەربازگەی کە خەڵک هێرشی کردە سەر، لە یەک کاتدا ٧٧ کەس کوژران و ٣٤٣ بریندار و ١٣٢ کەسیش بەدیل گیران. ئەوا لەم شەپۆلی نارەزاییە درێژخایەنەدا نابێت لە کاتێکی کورتمەودادا قوربانی ئەوەندە زۆر بێت و بەرهەمەکەشی بەزەقی دەرنەکەوێت،



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەبێت بە هەوڵی تاکە کەسی و جادەگرتنی شەوانە و هیلاککردنی رژێمی ئاخوندە و خۆلادان لە شەڕی سەرکردایەتی کردنی رابونەکە و هێشتنەوەی سەرهەڵدانەکە تاوەکو پێگەیشتنی زەمینەی لەبار بۆ دەرکەوتنی سەرکردایەتی لە جادەوە، بۆ ئەوەی کەس پێشوەختە دیدی جیاوازی لەسەر رابەرانی نارەزایەتیەکە نەبێت و بۆ دواجار و لە کاتی نزیکبونەوەی سەرکەوتنی کۆتایی ئەوجا سەرکردەی راستەقینە چی لە جادەوە بێت یان لە نێو لایەنە راستەقینەکانی نوێنەری خەڵک دەرکەوێت و لەسەرەتاوە کەس قۆرخی سەرهەڵدانەکە نەکات و ئەوە بسەلمێنرێت کە کەس شۆرشی بۆ خۆی ناوێت و هەمووان رزگاریی میلەتیان مەبەستە.

ئەوەی خاڵی یەکلاکەرەوەیە کە نابێت کەس بە ناوی خەڵکەکەوە لەگەڵ رژێم دانیشێت و گەلاڵە نامەی هیچ شتێک نەکرێت لە نێوان رژێم و هەر کەسی و لایەنێکدا بێت، ئەمەش لەبەر ئەوەی لە کاتی دەرکەوتنی هەر سەرێکدا لە کاتی نابەجێ و نەگونجاو و نەرەخساوی زەمینە بۆ هەنگاوی یەکلاییکەرەوە، بواری هەڵخەڵەتاندن و لەناو بردنی جموجوڵەکە زۆرتر دەبێت.

بۆیە دەبێت بزانین کە ئێستا تەنهاکاتی هاندان و یارمەتیدانی ئەو خەڵکەیە لە لایەن سەرجەم کەسە خەمخۆر و لایەنەکانەوە، بۆ ئەوەی هەڵەکانی کاتی سەرەتای ئۆرشی ئیسلامی دووبارە نەبێتەوە و ئەمە شۆرشە درێژ خایەنە توانای بەردەوامی هەبێت، بۆ کەیشتن بە ئامانجە سەرەکیەکان.

سەرچاوە: ماڵپەڕی ئاوێنە – ڕێکەوتی: ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ڕەنجی بە خەسار



**هیوا خانی**

**بەفیرۆچوونی ٤٣ ساڵ**

تەواوی شۆڕشەکانی جیهان لەدژی ناتەواوی و زەختی دەسەڵاتدارانی سەردەمەوە هەڵگیرساون، ئەو دەسەڵاتدارانە بە کردەوەکانیان بوونەتە هۆی نارەزایەتیی جەماوەر، بەڵام کەم شۆڕش و هەستانەوە وەک شۆڕش و هەستانەوەی ساڵی 57ی ئێران فەشەلی هێناوە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵانی پێش ٥٧ و ڕووداوەکانی بەرەبەری سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە خەڵکی وەزاڵەهاتوو لەدژی برسێتی و پەراوێزخران و ڕق و قینێک کە بەنیسبەت زوڵم و زۆریی دەسەڵاتی پەهلەوی هەیانبوو، نەبوونیی ئازادی و بەربەستکردنی مافە سەرەتاییەکان، هاتە مەیدان و شۆڕشێکی دەست پێ کرد کە توانی ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی پێکبێنێ. شۆڕشێک کە ئاواتی هەموو گەلانی ئێران بوو. شۆڕشێک کە بە خوێنی لاوانی هەموو خەڵکی



Serchawe
https://serchawe.com

ئێران سەرکەوت. هەموو حیزب و سازمان و ڕێکخراو و بزوتنەوەکانی ئۆلی و نەتەوەیی تێیدا بەشدار بوون. ئەوان لە گۆڕەپانی سیاسی و لاوان لە گۆڕەپانی خەبات بە دەستی بەتاڵ سینگیان کردبووە قەڵغان لە بەرامبەر یەکەم دەسەڵاتی سەربازیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ڕاوەستان و بەربەرەکانێیان کرد، بەربەرەکانێیەک کە بۆ هەر تاکێکی ئەم وڵاتە مەسەلەی مان و نەمان و مەرگ و ژیان بوو.

شۆڕش لە ماوەیەکی کورتی چەند مانگیدا سەرکەوت. لاوان توانییان شا لەسەر تەخت و تاجەکەی بێننە خوار و جێژنی سەرکەوتن بگرن. بەڵام گۆڕەپانی سیاسی تەمومژاوی بوو، سیاسییەکان تەبا لەهەمان حاڵدا لێڵاوی بوون یان کەم ئەزموون بوون. ئاخوندەکان و هێزە ئایینییەکان قورئانیان بەدەستەوە گرتبوو و دروشمی بەرابەری و برادەری و عەداڵەتی عەدڵی عەلیان دەگوتەوە. خومەینی ڕایگەیاند کە پاش سەرکەوتنی شۆڕش ئێمە مەلاکان دەچینەوە سەر مزگەوتەکانی خۆمان. هێندێک حیزب و ڕێکخراوی ناوەندگەرای ئێران لە سەر بنەمای مەشروتەخوازی تەبلیغی ئازادی و دەسەڵاتێکی دێموکراتیکیان دەکرد. چەپەکان سبەینێیەکی پڕ لە کامەرانییان لە بەهەشتی سۆسیالیزمی جیهانییان لە پێش چاوی جەماوەر دەخستە ڕوو. بەکورتی تەنانەت تاکی کۆمەڵگەش کە خەون و خەیاڵێکی لە دەروونی خۆیدا پێگەیاندبوو لە مەیداندا چاوەڕوان! کەچی خومەینی بە ناوی "ئیسلامی نابی محەممەدی" و وادە و بەڵێنی بەدرۆ و وەرێخستنی ڕێفراندۆم، جڵەوی شۆڕشی بەدەستەوە گرت و هەموو حیزب و سازمان و بەشدارانی گۆڕەپانی سیاسی بە تێپەڕبوونی زەمان یەک یەک و دوو دوو دوور خرانەوە و وەدەر نران.

کوردستان و داوا ڕەواکانی پشتگوێ خران و فەرمانی جیهادی دژ دەرکرا. شەڕی ئێران و عێراقی هەڵایسا و ئەو شەڕەی بوو بە نێعمەت بۆ کۆماری ئیسلامی. بەڵام هەر لە هەنگاوی یەکەمدا بە ژیری و تێگەیشتوویی دوکتۆر قاسملوو خەڵکی کوردستان لەو گەمە سیاسی و گەمژاندنی خەڵک کە لەلایەن خومەینییەوە بەڕێوە دەچوو بەشدار نەبوون و دەنگیان پێ نەدان. دوکتور دەسەڵاتی مەلاکانی بە دواکەوتوویی کۆمەڵگە لێکدەداوە. کەچی زۆربەی خەڵک فریوی باری ئایینی ئاخوندەکانیان خوارد بوو، چەپەکانیش فریوی دروشمی دژە ئیمپریالیزمی خومەینییان خواردبوو. خەڵکی کورد لە ماوەی ئەو چل و چەند ساڵەی تەمەنی نگریسی دەسەڵاتی مەلایان هەموو کات دژیان وەستاوەتەوە و هەموو کات سوور بووە لەسەر داوای ڕەوا و بەرحەقی خۆی، خەباتی بۆ کردووە و خوێنی بۆ داوە و بۆتە چقلی چاویان و ئێستاش لەم ڕێبازە بەردەوامە.

ئەمڕۆ کە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری دژبە ڕێژیمی ئاخوندی کە دوێنی بە قسەی خۆیان ٩٨ لەسەدی خەڵکی ئێران دەنگی پێدابوون هاتۆتە ئاراوە و شەقام شڵەژاوە، خەڵک دژبە زوڵم و زۆر و دەسەڵاتی سەرەڕۆیی ویلایەتی فەقیهـ وەزاڵەهاتوون و برسیەتی و پەراوێزخستن و فەرق و جیاوازیدانان گاڵە بە خەڵک دەکا، هاواری نەمانی دیکتاتۆر و، ئازادی و ڕزگاری لە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەموو شەقام، گەرەک و زانکۆ و قوتابخانەیەک بەرز بۆتەوە. ئەگەر سەرنج بدەیە دروشم و ناڕەزایەتییەکانی ئەمڕۆ ئامانجەکانی و دروشمەکانی لەگەڵ دروشمەکانی ساڵی ٥٧ لە شەقام و زانکۆکان، هەر هەمان شتن! دیکتاتۆر، زوڵم و زۆر، ئازادی، هیچ فەرقێکیان نەکردووە! ئەوە یانی فەشەلهێنان، یانی هاتنەوە سەر حوللەمەرەسێ، یانی ٤٣ ساڵ بەفیرۆچوونی کات! ئیتر پێویست ناکا جیاوازییەکانی شای موتەممەدین و مەلای کۆنەپەرست شی بکەمەوە! بەڵام هەرچەند خەڵکی ئێران لە هەر دوو قۆناغدا دژی زوڵم و زۆر و سەرەڕۆیی ڕاپەڕیوە، کەچی دەبینین لەم نێوەدا دۆڕاوی سەرەکی خەڵکی ئێرانن!

ئەوە یاسایەکی گشتییە کە خەڵک ڕادەپەڕێ و ئاڵوگۆڕ پێکدێنێ بۆ ئەوەیە ئەو بارودۆخەی بەدڵ نییە. دەیگۆڕێ بۆ باشترکردنی دۆخەکە بۆ باری دڵخواز. نەک پاش ماوەیەک بارەکە بگەڕێتەوە سەر دۆخی پێش ڕاپەڕین یان خەراپتر! کەچی ئەوەی خەڵکی ئێران کردی پاش ماوەیەک ڕێک گەڕانەوە بوو بۆ بارودۆخی پێش ڕاپەڕین و تەنانەت خەراپتریش.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دزینی لەلایەن ئاخوندەکان و بەرتەسککردنەوەی گۆڕەپانی سیاسی و حەزفی نەرم و فیزیکیی حیزبە سیاسییەکان و داسەپاندنی دەسەڵاتی ویلایەتی فەقیھ و فرۆشتنی بەهەشتی زۆرەملێ لەلایەن مەلاکانەوە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕەخنە و نارەزایەتیی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەی ئێران بەرینتر دەبنەوە و ماوەی ناڕەزایەتییەکانیش ساڵەکانی نیزیکتر بوونەتەوە: ساڵی ٧٨، ٨٨ ، ٩٦، ٩٨ ، ٩٩ ، ١٤٠٠ ، ١٤٠١ هەستانەوە و ناڕەزایەتییەکان بە بیانووی جۆراوجۆر وەڕێ کەوتوون.

## خوێنی ژینا

مەرگی ژینا دەبێ بڵێین مەرگی ڕێژیمی بەدواوەیە. خوێنی ژینا وەک خوێنی سیاوەشی وەکوڵ هات و تەواوی کوردستان و ئێرانی داگرت. ئەوە بۆ مانگێک دەچێ لە ١٣٠ شاری ئێران خۆپێشاندان و ناڕەزایەتی و مانگرتن سەری هەڵداوە. دروشمی پێکهاتەشکێن کۆشکی دەسەڵاتیان دەلەرزێنێ، ناو و مەرگی ژینا لە هەموو دنیا دەنگی داوەتەوە، بڵێی ئەمە چ پاڵنەرێک بێ کە ئەم خەڵکەی هێناوەتە سەر شەقام، چ بانگەوازێک بۆتە هۆی ئەو دەستوێکدانە سەرانسەرییە!؟ چ ورەیەک لە نێو خەڵکدا بڵاو کراوەتەوە کە لاوان ئاوا نەترسانە سینگیان دەکەنە قەڵغانی گوللەی دوژمن!؟

وەک باس کرا خەڵک گەڕاوەتەوە بۆ ساڵانی پێش ٥٧ کە دەسکەوتی لەو شۆڕشە نەبوو ئێستا دیسان لەو نوقتەیەی وەک چۆن بەگژ دەسەڵاتی پەهلەویدا هات - بە جیاوازیی زەمانی - هەر بەم شێوەیە بەگژ مەلای کۆنەپەرست و دەسەڵاتە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ئەهریمەنییەیدا هاتۆتەوە. دیسان خەڵک بە دەستی بەتاڵ و بێ چەک بەڵام بە ئیرادەیەکی پۆلایینەوە بەدژ ڕێژیمێکی مەترسیدار و تۆقێنەر و داپڵۆسێنەری زۆر بەهێز هەستاوەتەوە، هەستانەوەیەک کە زەهلە و زەندقی سەرانی کۆماری سێدارەی بردووە. ئەو قسەیەی میشل فۆکۆ کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و بەتاڵانبردنی لەلایەن مەلاکانەوە، بۆ هەستانەوە و شۆڕشی جەماوەری خەڵکی لە ساڵی ٥٧ کردبووی، چوونکە شۆڕشەکە ئەوکات ڕەنگ و بۆی ئیسلامی پێوە بوو و مەلاکان لەگەڵ خەڵک هاتبوونە سەرشەقام واتای "معنویت سیاسی" پێ دابوو، بڵێی ئێستا کە مابا و بۆ ئەو هەستانەوەیەی جەماوەر کە بەشی هەرە زۆری لە جیلی دابڕاو و نەترس و پشتگوێخراوی لاوانی تازە پێگەیشتوون و هەتا ڕادەیەکیش ڕەنگ و بۆنی فیمینیستیی پێوە دیارە، چ واتایەکی دیاری دەکرد! دیارە ڕوانگەکان و تێگەیشتنەکان لەسەر هەر چەمکێک بەپێی پێناسە و ناساندن لە مرۆڤەکاندا جیاوازیی هەیە. هێندێک ڕواڵەتی و هێندێک بە وردبوونەوە، ڕا و ڕوانگەی خۆیان دەخەنە ڕوو. چوونکە ئەگەر لە ئەرکان و ڕاهێنانەکانی دین بۆ پێگەیاندی مرۆڤ و گەیاندنی لە "اسفل السافلین"ەوە هەتا قاپی قەوسەین، فرینە بە باڵی خۆپارێزی (تقوا) و ڕەوشت بەرزی، ئەویش بەکۆمەڵ نابێ! خۆت و خودای خۆت. یانی دین بواری کەسیی (شخصی) هەیە، تاک دەتوانێ هەموو فەرمودەکانی ورد ورد بەڕێوە بەرێ. بەڵام ئەگەر بەسەر خەڵکدا بەکۆمەڵ فەرز بکرێ و بەزۆر خەڵک ببەن بۆ بەهەشت، وەک ئەمڕۆی خومەینی و ئۆردۆغانی لێ دێت.

میشل فۆکۆش ئەو بوارە کەسییەی کە لە دەقەکانی دینیدا هاتووە دیتووە و بە دروشمی برادەری و بەرابەری بای ڕەگوێ کەوتووە و ئەو واتا جوانەی بۆ داتاشیوە! دەنا دەسەڵات و حاکمییەتی ئیسلامیی نەدیوە کە مەلا بەڕێوەی بەرێ. لە تەواوی قۆناغەکانی مێژوودا هەموو کات ساڵحان خاوەن دەسەڵاتیان ئامۆژگاری کردووە کە پێویستە لەگەڵ خەڵک بە عەدالەت هەڵسوکەوت بکا، ئەوانە خۆیان بە نوێنەری خوا لەسەر زەوی دەزانن کێ ئامۆژگاریان بکا! لە ڕاستیدا دین زیاتر ئەرکی چاوەدێریی بووە. لە تەواوی مێژووی ١٤٠٠ و چەند ساڵەی هاتنی ئیسلام قەت لە هیچ قۆناغێکی زەمەنی وەک حکومەت و دەسەڵاتی بەڕێوەبردن لە ساحەی سیاسی خۆی نیشان نەداوە و حکومەتداری نەکردوە. ئەوە یەکەم ئەزموونی دەوڵەتداری ئیسلامی شیعەیە کە ئاوا ئابڕووی دین و ئیسلام و موسوڵمانی بردووە. هێندێکیش ئەو ڕێزیۆنیزمەی شۆڕشی ئیسلامی دەگەڕێننەوە بۆ کاڵبوونی شۆڕشەکە و لەسەر ئەم ڕایە بوون کە دین بە تەواوی لە کۆمەڵگەی ئێراندا پێ نەگەیشتبوو و زووتر لە وادەی خۆی شۆڕش کراوە و پێ نەگەیشتووە و کامڵ نەبووە!

## ڕاپەڕین یان ناڕەزایەتی

هەستانەوەی جەماوەریی ئەمجارە دڵەڕاوکێی لەنێوان ڕاپەڕین و ناڕەزایەتی زۆر لێک نیزیک کردۆتەوە، بەو مانایە کە ناڕەزایەتی سەبارەت بە مەرگی ژینا تایبەتمەندیی زۆری ڕاپەڕینی جەماوەری لەخۆ دەگرت. لە هەمان کاتیشدا شیمانەی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ناڕەزایەتییەکی گڕوکفانە توندئاژۆیانەشی لێ دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا وێکچوونێک لەنێوان ئەو ناڕەزایەتییانە و ناڕەزایەتییەکانی دژی دەسەڵاتی پەهلەوی بەدی دەکرێ. بەڵام ئەو سەردەمی تا ڕادەیەک کەم و زۆر کارڕاستیی بۆ کرابوو کەچی ئێستا بەشێوەی چاوەڕوانکراو ئەوە بەدی ناکرێ، نیگەرانی لە جێگای خۆی دایە. بەڵام پاڵنەری سەرەکی ئەم ناڕەزایەتی و خۆپێشاندان و مانگرتن و هاتنە سەر شەقامە لەکوێ سەرچاوە دەگرێ، چ شتێک خەڵکی بەم چەشنە یەکگرتوو کردووە، داوای لاوانی پشتگوێخراو و دابڕاو چ شتێکە، دروشمەکان کوێ بە ئامانج دەگرن، هۆی ئەو هەمووە تووڕەییە و شەقام جووڵاندنە دەبێ چ بێت؟ ئەوەی بۆ هەمووان ڕوونە و دەکرێ وەک تاوانبار و هۆکاری سەرەکی پێناسە بکرێ لە هەنگاوی یەکەمدا دەسەڵاتە و لە هەنگاوی دووهەمیش هەر دەسەڵاتە! چوونکە جیلی تازەپێگەیشتوو کەش و هەوا و بەستێنێکی بۆ خوڵقاوە کە بەرەی پێش خۆی لێی بێبەش بوو. ئەو گوندە جیهانییەی بەرەی پێش خۆی بیستی، ئەو تاقیی کردەوە و لەگەڵی ژیا. ئەمڕۆ دنیاش هاودەردی و پشتیوانی دەکا. ئەوەی ئەو جیلە بە دابڕاو نێو دەبات ڕاست ئەوەیە لە بەرەی پێش خۆی بێگانەیە و لەگەڵ دنیا دەستی وێکداوە! لەگەڵ ئەوەی بەرەی پێش خۆی بە پارێزەوە و دوربەدوور چاوەدێری ئەو ڕاپەرینە دەکا، دڕدۆنگە لە تێکەڵبوون!

هەنگاوی دووهەمیش کردەوەکانی نابەجێی دەسەڵاتە، پێشگرتن و مەنعی زۆر شت کە خەڵک دەیانهەوێ، یاساغکردنی ئازادی لە هەموو ڕەهەندەکانی کۆمەڵگە لە هەموو چین و توێژەکان بە تایبەت ئەو جیلە ئاڵتوونییە. کردەوە قێزەون و زوڵم و زۆر و زەبروزەنگی دەسەڵات لە کەوشەنی خۆی تێپەڕیوە. بۆیە ئێستا ئەو لاوانە دەڵێن "ئامادەین هەزاران قوربانی بدەین هەتا ئەو ڕێژیمە نەمێنێ"، خەڵک وەزاڵە هاتووە، تووڕەیە، هاتۆتە سەر شەقام هەتا سیپاڵی ئەو کۆنەپەرستانە تێکەوە پێچێ. لەلایەکی دیکەوە ژینایان ئەوەندە بە مەزلوومی و بێتاوان و بێبەزەیانە کوشت کە هەر تاکێکی ئێرانی لە دەروونی خۆیدا وای هێنایە بەرچاوی خۆی کە لەوانەیە سبەی خوشک و دایک و کچی خۆشی ئەو بەڵایەی بەسەر بێنن. هیچ دوور نییە ئەوان کە لێپێچینەوە لەو زوڵمە ئاشکرایە ناکەن ئەو هەمووە بێشەرمی و جینایەتە دەکەن، سبەی بۆ ئەویش هەر ئاوا دەبن. ئەوەیە بنەمای هاودەردی و هاوخەمی خەڵکی ئێران لەگەڵ بنەماڵەی ژینا. بۆ دووپاتنەبوونەوەی ئەو کارەسات و نەهێشتنی هەموو جینایەت و ترس و تێرۆر و تۆقاندنی دەسەڵاتی ڕەشی ئاخوندی بڕیاری یەکجارەکی دراوە و مەلا دەبێ بە مێژوو بسپێردرێ. مەرگی ژینا هەر بەهانە نییە، بەهایە.

### شەقامی ئەمڕۆ

لەگەڵ ئەو هەمووە ئەگەر و ترس و دڵەڕاوکێیانە هەستانەوەی ئەمجارەی گەلانی ئێران زۆر جیاوازی لەگەڵ ناڕەزایەتییەکانی ساڵانی ڕابردوو بەدژی کۆماری ئیسلامی هەیە.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەرچەند خەڵک لە ساڵانی ڕابردوودا هەنگاو بە هەنگاو دروشم و داواکانی ڕادیکاڵتر بووە، بەڵام ئەمجارە بەردی بناغەی دەسەڵاتی کردۆتە ئامانج، نیشانە هەڵتەکاندنی بنەمای ویلایەتی فەقیهـ و نەهێشتن و تێکەوەپێچانی دەسەڵاتی ئاخوندییە. ئەویش بە ناوی ژن و بە بەهانەی پەچە کە ڕێژیم زۆری نمایش و مانۆڕ لەسەر دەدا و کاری بۆ چەسپاندنی دەکرد و بۆ وردکردنی کەسایەتیی ژن، گەشتی ئیرشادی بۆ ساز کردبوو و بنکەی ڕاهێنان و چاکسازی و تێگەیاندنی بۆ کردبۆوە؛ کەچی ئەمڕۆ بنچ و بناوانی خۆیانی گرتۆتەوە و زۆر ترساون و بۆیان چارەسەرە ناکرێ. بۆیەش بەتوندی لە بەرامبەر خەڵکدا ڕاوەستاون و هەموو یەک قسە دەکەن، هەموو پاڵپشتی یەک دەکەن و هەر سێک دەزگای دەسەڵات و دەسەڵاتی سێبەر و هێزەکانی چەکداری و ڕاگەیاندنەکان، لە سەرووی هەموان شەخسی خامنەییە کە لەنێو هێزە چەکدارەکانەوە هەڕەشە لە خەڵک دەکات.

لە لایەکی دیکەوە خەڵکی ئێران وەپێش حیزب و سازمان و ڕێکخراوە مەدەنی و سیاسییەکانیان کەوتوون و بڕیاری ڕووخانی ڕێژیمیان داوە، بەڵام لە کوردستان جیاوازیی بەرچاوی هەیە و خەڵک لەسەر داوای حیزب و ڕێکخراوە مەدەنییەکان هاتوونەتە سەر شەقام و دروشمی دیاری هەڵگرتووە و سینگی کردۆتە قەڵغانی گوللەی دوژمن. بۆیە ئێستا لە تەواوی ئێران خاوەن دەنگە و وەک بەڕێز بەرپرسی ناوەندی بەڕێوەبەریی گشتیی حیزب فەرمووی شوێندانەرە. ئەو شوێندانەرییە دەتوانێ داهاتووی کوردستان و ئێران بۆ قۆناغێکی زێڕین بگوازێتەوە. ئەگەر وردە وردە دروشمی " تجزیە طلبی" کاڵ بێتەوە، دەتوانرێ فارسیش وەک نەتەوەیەک لەگەڵ نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ گەڵاڵە بۆ دوارۆژی پڕ لە کامەرانی دابڕێژرێ و دروشمی ئازادی و دێموکراسی و فیدراڵی ببێتە کەڵکەڵەی زەینیی هەموو تاکی ئێران. ئێستا پێویستە هاواری ئازادی، ئازادی، زانکۆکان کەشی زانکۆکان پڕ بکا و باس لە ئێرانێکی فیدراڵ ببێتە باسی گەرمی هەموو کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی فارس و نەتەوەکانی دیکەی ئێران. پێویستە ئەو سێ چەمکە هێندە لە ڕۆژەڤدا بن و بە گەرووی ناوەندخوازی شۆڤێنیدا بکرێ و گوێیان پڕ بێ لە بەرابەری و مافی یەکسانیی گەلانی دانیشتووی ئێران. چونکە ئەو ڕاپەڕینە شۆڕ بۆتەوە ناخی لاوی یاخی بە جیهانی بوو بۆیە وەک نارەزایەتییەکانی دیکە نانیشێتەوە لەوانەیە پشوو وەربگرێ بەڵام خامۆش نابێ لەو پشوو وەرگرتنەدا پێویستە حیزبەکان گەڵاڵە و بەرنامە و ڕێکار بۆ سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینە ئینسانییە دابڕێژن و بە چەشنێک خەڵک بە ئاواتی خۆی بگا نەک وەرێ کەوێ و داهاتوویەکی نادیاری لە پێش بێ و دیسان دەم لە پووش بمێنێتەوە.

ئەم وتارە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە ناوەڕۆکی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەم بڵقە کەی دەتەقێتەوە؟ (شەقام، مانگرتن، دیپلۆماسیی چالاک)



ڕەزا دانشجوو

## هەنگاوی یەکەم: دەستپێکردنی ناڕەزایەتییەکان، ئامادەبوون لە شەقام

ئەمجارەیان کۆماری ئیسلامی کچێکی بێتاوانی کوردی شەهید کردووە، ڕێژیم تەنانەت لە نەخۆشخانەی تاران بەزەیی بە بنەماڵە و کەسوکاری دانایەت، کوردکوشتن بۆتە خوو و شتێکی تەواو بێبایەخە لەلایان. ڕەنگە لەبەر ئەوەی تا ئێستا تێچووی ئەو هەمووە تاوانەیان نەداوە؟ بەڵام ئێستا دۆخەکە جیاوازە، ئەمجارەیان ڕۆژهەڵات لە جاران بەئاگاترە، حیزبە کوردییەکان لێدوان دەدەن و خەڵک پاڵپشتی دەکەن، سەقز و سنە داستانێکی گەورە دەخوڵقێنن و دەبنە دەسپێکی بەرخۆدانێکی گەورە کە زۆر بە زوویی هەموو ڕۆژهەڵات بەدوای خۆیدا دێنێت. هۆشیاری توخمێکی جیاکەرەوەی بزووتنەوەی ئەمجارەیە لە ڕۆژهەڵاتدا، لە هەڵبژاردنی دروشمی گشتگیری "ژن، ژیان، ئازادی" تا دەگاتە هێرشکردنە سەر نۆرمەکانی ئیختیارکراوی ڕێژیم بە سووتاندنی لەچک و ڕووسەری. خەڵک دروشمی "مەرگ بۆ دیکتاتۆر" دەڵێنەوە، پەیامێکی ڕوونە کە مەبەست ڕووخاندنی ئەو سیستەمە گەندەڵەیە و ئامانج دروستکردنی سیستەمێکی ئازاد و دێموکراتیکە. ئەم هەڵبژاردنە وشیارانە و دوورکەوتنەوە لە تاقمێک بیروبۆچوونی تەسک و بێبنەما و کوێر، ناڕەزایەتییەکان بۆ هەموو ئێران بڵاو



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکاتەوە. "ئێمە ناسیۆنالیستی بیرتەسک نین کە تەحەمولی ئەوانی تر نەکەین"، ئێستا گۆڕەپانی یاریکردن تەواوی جوغرافیای ئێرانە و ئەوە ڕێژێمی بێدەسەلات کردووە. ئێستا نارەزایەتیەکان بوون بە سەرەتای شۆڕشێکی کۆمەڵایەتیی گشتگیر.

**هەنگاوی دووەم: پەرەسەندنی شۆڕش، مانگرتنی سەرتاسەری**

ڕێژێم کە توانای کۆنترۆڵکردنی کۆڵان و شەقامەکانی نییە، هێرش دەکاتە سەر بارەگای حیزبە کوردییەکان. هێرشێکی ترسنۆکانە کە دەبێتە هۆی شەهیدبوونی ژمارەیەک لە ئەندامان و بنەماڵەی حیزبی دیموکرات. ئامانجی کۆماری ئیسلامی بەلاڕێدابردنی ئاراستەی ڕووداوەکانە بە بەکارهێنانی درۆن و موشەک تەنانەت بە نرخی شەهیدکردنی ژنی دووگیان و کۆرپەکەی.

ئەمە جۆرێکە لە بانگهێشتکردن بۆ جەنگ. لەبەرامبەردا حیزبە کوردستانییەکان دەستبەجێ داوای مانگرتنی سەرتاسەری دەکەن، کوردستان جارێکی دیکە پێشەنگایەتی دەکات و ڕێگایەکی نوێ دەست پێ دەکات. ئێستا، کۆماری ئیسلامی زیاتر لە هەموو کات لە چارەسەری گرفتەکاندا ناتوانایە. خۆپیشاندانی نارەزایەتی هاتۆتە نێو قوتابخانە و زانکۆکانەوە. ئێستا "مەرگ بۆ خامنەیی" چۆتە نێو یاریی منداڵانی سەرشەقامەوە. کۆماری ئیسلامی پڕوپاگەندە بڵاو دەکاتەوە و دەڵێت نارەزایەتییەکان کەم بوونەتەوە. جارێکی دیکە شەممە دێتەوە و خاڵێ وەرچەرخانێکی دیکە لە شۆڕشی گەلی ئێراندا تۆمار دەکرێت.

ئێستا بڵاوبوونەوەی شۆڕش چ لە ڕووی جوغرافی و چ لە ڕووی گرووپەکانی بەشدار گەیشتووەتە ئاستێکی باوەڕپێنەکراو. ئێستا خەڵک دەپرسن تا تەقینەوەی یەکجاری چەند ڕۆژی شەممە ماوە؟

**هەنگاوی سێیەم: بەرەو ڕووخانی ڕێژیم، دیپلۆماسیی چالاک**

چەند وڵاتێکی ئورووپی داوایان لە هاووڵاتیانی خۆیان کرد ئێران بەجێ بهێڵن، ئەوان دەنگی شۆڕشی گەلانی ئێرانیان بیست، تێگەیشتن کە ئەم شۆڕشە گەیشتووەتە خاڵی نەگەڕانەوە. ئێستا کاتی دیپلۆماسییە، کاتی کۆکردنەوەی نەیارانی کۆماری ئیسلامییە بە هەموو بیر و فکرەکانیانەوە. ڕۆژهەڵات دووجار بانگهێشتی لایەنە کوردستانییەکانی قبوڵ کرد و دیمەنەکەی ڕێک خست. ڕۆژهەڵات شۆڕشی دەست پێ کرد و باڵی پێدا، خەڵکی کوردستان بە گیانی خۆیان "شۆڕشی ژینا"یان بردە پێشەوە و شوناس و مانایان پێدا، ئێستا داوا لە سیاسەتمەدارەکانیان دەکەن ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ گەیشتن بە



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

ڕێککەوتن، بە دڵنیاییەوە ڕێککەوتن لەگەڵ هەندێک ڕەوت و کەسانی دۆگماتیک سەخت و پێویستیی بە پشوودرێژییەکی یەکجار زۆرە، بەڵام کاتێک خەڵکی کوردستان توانییان دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بگەیەننە دوورترین ناوچەکانی ئێران و لە زمانی ژنانی تەنانەت زۆر مەزهەبی باشووری تارانەوە بیخوێننەوە، بۆچی سیاسەتمەدارانی کورد ناتوانن؟

بەڕێزان ئێستا نۆرەی ئێوەیە تا لەم وەرچەرخانە مێژووییەدا بەرپرسیاریێتی خۆتان جێبەجێ بکەن. پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی شۆڕشگێڕ لە هەموو گرووپ و ڕەوتی سیاسییەکان دەتوانێت وەشانی کۆماری ئیسلامی بپێچێتەوە. ئێستا ناوبەناو بڵاوکردنەوەی پەیام کاریگەریی نەماوە وخەڵک پێویستییان بە پەیوەندیەکی زۆر نزیکتر و ڕاستەوخۆ هەیە. لەبیرمان نەچێت گەورەترین ئافاتی شۆڕش بێدەنگە نارازییەکانن، ئەوانەی لە کۆماری ئیسلامی نائومێد بوون بەڵام پێیان وایە هیچ بەدیلێک نییە بۆ گرتنەوەی جێگای کۆماری ئیسلامی و دوای ڕووخانی ڕێژیم بارودۆخی وڵات بەرەو نائارامی دەڕوات. دیپلۆماسی دەتوانێت نیگەرانیی زۆر کەسی نابڕیار چارەسەر بکات، لە هەمان کاتدا پەیامێکی ڕوونە بۆ وڵاتانی جیهان کە سەرلەنوێ بە پرسی پشتیوانی خۆیان لە کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە.

با لە بیر نەکەین ڕۆژهەڵات لە هەموو شوێنێکی ئێران زیاتر پێویستیی بە سەرکەوتنی ئەو شۆڕشە هەیە، ئەگەر بە هەر هۆکارێک ئەم بزووتنەوەیە ئەنجامێکیی باشی لێ نەکەوێتەوە، زۆربەی زیانەکانی بە کوردستان دەگات.

شەقام، مانگرتن و دیپلۆماسیی چالاک سێ لقی ڕووباری ڕزگارین، دەبێ بەیەک بگەن و ببن بە لافاو بۆ سڕینەوە و پاککردنەوەی تەواوی ناڕاستییەکان و ڕووخاندنی پایەکان ڕێژیمی پەت و سێدارە. تکایە هەموو توانا و هێزی خۆتان بەکاربهێنن بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتووی شۆڕشگێڕ.

زۆری نەماوە بۆ کۆتایی ژیانی ئەو کابوسە ٤٤ ساڵەیە، ئەمە ئەرکێکی مێژووییە. ئێتر لە ئیمپراتۆریەتی درۆ و فریودان جگە لە بلقێک هیچی تر نەماوە. ئێستا شەهیدانی سوورخەڵاتی ڕۆژهەڵات هەر ڕۆژ بە دەنگی دروشمەکانی سەرشەقام هەڵدەستن و سەرخۆش لە وەرەی بەرز و ئازایەتی هاوڕێیانیان لە ڕۆژهەڵات دەپرسن: ئەم بلقە کەی دەتەقێتەوە؟

ئەم وتارە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە ناوەڕۆکی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢٠ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٢ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

# ئەمجارە جیاوازە



**ئایەت ڕۆحانی**

**کورتەباسێ لەسەر جیاوازیی نێوان نـاڕەزایییەتییە یەک لەدوای یەکـانی نەتەوەکـانی ئێـران دژی کۆمـاری ئیسلامی، لە سەرەتاوە هەتا ئێستا.**

**بە پلەی یەکەم، ئەو پرسیارە دەخەینە ڕوو کە بۆچی ناڕەزایەتی و ڕاپەڕینەکـانی ڕابـردوو، نەیـانتوانی بە شێوەی ئەمجـارە گشتگیر و بەربڵاو بن؟**

**هەروەها تیشک دەخەینەسەر هۆکاری ئەوەی کە بۆچی شۆڕشی "ژن، ژیـان، ئـازادی" لە نـاڕەزایەتی دەرچووە و نـاوی شۆڕشی لێ نراوە؟**

**لە درێژەدا، هەوڵی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەدەین: هۆکار چییە کە ئەمجارە خەباتی نەتەوە بندەستەکان بەتایبەت**



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

خەباتی نەتەوەی کورد، داوی فاشیستیی "تەجزییەتەڵەب"ی تێپەڕاندووە و پاش شەهیدبوونی "ژینا ئەمینی"، دەبینین کە هەموو ئێران ئەم سەرباشقە بوون و پێشەنگایەتی کردنەی خەباتی کوردی بە ئەرێنی وەرگرتووە و تا ڕادەیەک بەشداریی کردووە؟

کاتێک دەڵێین ناڕەزایەتی بە پێی پێناسەکەی واتە مەترەحکردنی داخوازییەک یان دژایەتیی بڕیارێک و یاسایەک کە ئەکتێکی سنووردارە، واتە ئامانج لە ناڕەزایەتیدەربڕین بۆ دەستەبەرکردنی داخوازییەکی سێنفی یان هاوشێوەیە.

شۆڕش بە واتاکەی خۆی واتە دژایەتیی سیستەم یان حکوومەتێکی دواکەوتوو و دیکتاتۆر و تۆتالیتەر بۆ ئەوەی سیستەمێکی جیاواز جێی بگرێتەوە کە ئەمەیان جێگای وتوویژ و سازانی تێدا نییە و دروشمەکان ساختار شکێنە و تێکۆشان بۆ ڕووخاندنی کۆی دەسەڵاتە.

کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی، بە بایکۆتکردنی ڕێفراندۆمی ١٢ی خاکەلێوەی ١٣٥٨ واتە چەند مانگ پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی، یەکەم جار هەڵوێستی جیدیی خۆی گرت و "نە"یەکی گەورەی بە نێوچاوانی خومەینی و دارودەستەکەی دا و هەر ئەودەم ڕایگەیاند کە ماهییەتی ئەم ڕێژیمە نادیارە، بەڵام ڕێژیم بە کەڵکاژۆ لە کەفوکوڵی ڕزگاری لە پاشایەتی، توانیی ئەو کەفوکوڵە بگوازێتەوە.

بەڵام ئەوکات زۆرینەی حەشیمەتی ئێران لە دەنگدان بەشدارییان کرد، ئەگەرچی لەبەر ناوەڕۆکی بژاردەکانی ڕێفراندۆم، ئەو بەڵێ وتنەی خەڵک هیچکات ڕەوایەتی بۆ سیستەمەکە ئەژمار نەکرا.

پاشان دەبینین دەیان ناڕەزایەتی و خۆپیشاندان و میتینگ و مانگرتن و ڕێپێوان لە کوردستان سەری هەڵدا و لەوانە دەتوانین بە مانگرتنی خەڵکی شاری کامیاران دژی لەشکرکێشیی ئەرتەش و سپای پاسداران بۆ سنە و مەریوان ئاماژە بکەین کە دەبوو لە کامیارانەوە تێپەڕیبا. ئەوکات خەڵک لە سەر جاددەی سەرەکیی کرماشان-سنە مانیان گرت و لە پێش تانک و نەفەربەر و هێزی پۆشتەی ڕێژیم ڕاوەستان و ئیزنیان نەدا ئەو هێزە تێپەڕێت. شایانی باسە کە پیر و لاو، ژن و پیاو بە منداڵی ناو لانکیشەوە، لەو ناڕەزایەتییە بەشدار بوون.

هەروەها لە هەمان کاتدا خەڵکی شاری مەریوان بەهۆی سەرەڕۆیی و ئاژاوەنانەوەی سپای پاسداران، بڕیاری ڕێپێوانێکی مێژوویان دا.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەهـا دیـان نمـوونەی دیـکەی هاوشـێوە ڕوویـان داوە لە کوردسـتـان و هەنـدێک شـوێنی دیـکەی ئێـرانیش. دواتـر ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی مەشهەد لە ساڵی ١٣٧١،

ناڕەزایەتیی قەزوێن بەهۆی ئەوەی لە مەجلیس ڕەدیان کردەوە ببێتە پارێزگا، ئیسلام شار کە بەهۆی گرانیی کرێی مینی بووس و کەم ئاوی ڕووی دا.

خۆپێشاندانەکانی کرماشان و جوانڕۆ بەهۆی تیرۆری مەلامحەممەدی ڕەبیعی، خۆپێشاندانی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٧٧ ی کوردستان کە لەبەر گیرانـی عەبـدوڵلا ئـۆجەلان ڕووی دا و زۆربەی شـارەکانی پارێزگاکـانی ورمـێ، سـنە و کرماشـانی گـرتەوە، هەروەهـا ناڕەزایەتییەکـانی تـاران لە سـاڵی ١٣٧٨ی قوتابیـانی زانکۆ لەمەڕ داخسـتنی ڕۆژنـامەی سـەلام و ڕووداوی "کووی دانشگاه".

ناڕەزاییەکانی کوردستان لە ساڵی ١٣٨٤ بەهۆی شەهیدکردنی شوانە سەیدقادر کە زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتەوە، مانگرتنی بازاڕییانی کوردستان لە ساڵی ١٣٨٥،

خۆپێشاندانەکانی ساڵی ١٣٨٨ کە بەهۆی ساختەکاری لە ژماردنی دەنگەکان ڕووی دا و بوو بەهۆی سەرهەڵدانی نـاڕەزایەتی کە دروشمەکەیان تەنیا ئەوە بوو دەیان گوت دەنگی ئێمە کوا؟ ئەو ناڕەزایەتییە هەرچەند بەرین و پڕ حەشیمەت بـوو بەڵام لەبەر ئەوە داخوازییەکە بۆ گەڕاندنەوەی دەنگی نێو هەڵبژاردنی سیستەم بوو و هەروەهـا ڕێبەرانی ئەم بەنـاو بـزووتنەوەیە دەسبەسەر کران، سەرکوت کرا و کۆتایی پێ هات.

مانگرتنی گشتی لە کوردستان لە ساڵیادی تیرۆری ڕێبەری مەزنمان شەهید د. قاسملوو، لە ساڵی ١٣٨٩ کە دووکان و بـازاڕ داخران.

مانگرتنی گشتی بەبۆنەی ئیعدامی فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی.

هەروەها ناڕەزایەتییەکانی ساڵی ١٣٩٤، ١٣٩٦ و گرینگترینیان ١٣٩٨ بوو کە بە پێی ئامار زیـاتر لە ١٥٠٠ کەس بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێـزە سـەرکوتکەرەکانی ڕژێـم گیانیـان لەدەسـت دا، ئەمـانەش هەر بە همـان شـێوەی پێشـوو داواکـاری و داخوازییەکی دیاریکراو و سنووردار بوون، بۆیەش هەموویان بە شێوەیەک سەرکوت کران.



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

هەروەها پاش هاژەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ دا، لە مانگرتنێکی بەربەرین کە هەموو ڕۆژهەڵاتی گرتەوە بەشدارییان کرد. ئەمەش کاردانەوەیەک بوو بۆ مەحکوومکردنی کردەوەیەکی قێزەونی دیکەی ڕێژیمی تاران.

وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێ کرد ئەوەی لە ڕابردوودا کراوە بێجگە لە کورد هەمووی داخوازییەکی دیاریکراو و سنوردار بوون، تەنیا کورد و هێزە دژبەرەکانی ڕێژیم لە کوردستان دروشمی ڕووخانیان هەبووە .

بەڵام ئەمجارە واتە پاش گرتن و شەهیدبوونی "ژینا ئەمینی" بە دەستی گەشتی ئێرشادی ڕێژیم، کورد لە ڕۆژهەڵات بە بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کە داوای مانگرتنی گشتییان کرد، جگە لەوەی بەدەم بانگەوازەکەوە چوون، دەستیان دایە خۆپێشاندان و وتنی دروشمی مەرگ بۆ دیکتاتۆر. لێرەوە دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە هەوێنی ئەم ڕاپەڕینە و هەر زوو کاردانەوەی خەڵک لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانی لێ کەوتەوە.

ئەمەش لەخۆڕا و لەپڕێکدا سەری هەڵنەدا، بە درێژایی مێژووی ڕێژیمەکانی ئێران چ پاشایەتی و چ کۆماری ئیسلامی، هەردەم کوردیان بە هەڵبەستنی کۆدی فاشیستیی تەجزییەتەڵەبی و.... ناوزەد کردبوو و هەر بەم شێوەیەش کوردیان سەرکوت و قەڵاچۆ کردبوو.

کورد لە ڕۆژهەڵات هەردەم لە خەباتدا بووە و بەردەوامە لەو خەباتە بەدژی ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیتەرە و ئەم ماوە دەرکەوت هەموو ئەو پێشبینیانەی لە سەرەتای هاتنەسەرکاری ئەم ڕێژیمەوە کردبووی، ڕاست و دروست بوون. ئەمەش بوو بە هۆکاری ئەوەی خەڵکی بەشەکانی تری ئێران بگەن بەو قەناعەتەی کە ئێمە دوژمنێکی هاوبەشمان هەیە و ئەوەی ئەو دەسەڵاتە دەیڵێ و باسی دەکات، تەنیا بۆ تێکدانی یەکگرتوویی هەموو پێکهاتەکانی ئێرانە و نایهەوێ ئەم یەک دەنگی و یەکگرتوویە درووست ببێت.

هەربۆیە بینیمان دروشمی "ژن، ژیان، ئازادی" بوو بە دروشمی هەموو پێکهاتەکانی ئێران و لەوەش زیاتر بینیمان دەیانگوت "کوردستان، کوردستان چشم و چراغ ایران"، لێرەدا بۆیان دەرکەوت کە ئەوەی بە درێژایی تەمەنیان پێیان دیکتەکراوە تەنیا بۆ فریودان و تەفرەقە بووە بۆ ئەوەی بتوانن بەم شێوە درێژە بە جینایەتەکانیان بدەن.

هوکارێکی گرینگتر ئەوە بوو کە لە ئێراندا تەنیا کوردستان حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و چەکداریی هەیە و خاوەنداریيەتی



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com

دەکات و خەڵکیش متمانەیان پێیەتی.

ئەمجار داخوازییەکان سنووردار و سادە نین بەڵکوو دروشمی ساختارشکێنی وەک "مەرگ بۆ دیکتاتۆر"، "ژن، ژیان، ئازادی"، "خامنەیی قاتڵە، ویلایەتی باتڵە" و دیان دروشمی تر ئەوترێتەوە کە واتاکەی هەوڵ بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕێژیمەیە و ڕۆژ بە ڕۆژ توندتر و بەربڵاوتر دەبێت.

هۆکارێکی دیکە کە ئەمەش کاریگەریی خۆی هەیە، دەنگدانەوەی نێودەوڵەتییە، دوای بەشداریی چالاکانەی تاراوگەنشینان کە لە نزیک ١٥٠ شار لە جیهاندا ڕێپێوانیان دژی کۆماری ئیسلامی وەڕێخست، ئەم خۆپیشادانانە لە بەر باڵوێزخانەکانی ڕێژیم، نەتەوەیەکگرتووەکان، یەکیەتیی ئورووپا و پارلمانی وڵاتانی دەرەوە بوو و کارت فشارێ بوو بۆ هەڵوێستگرتنیان کە کاریگەری ئەرێنیی بۆ خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران بە دواوە بێ.

ئەم وتارە ڕا و تێبینیی نووسەرە و ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە ناوەڕۆکی بەرپرسیار نییە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا – ڕێکەوتی: ٢١ی ڕەزبەری ٢٧٢٢ = ١٣ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢

---

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**خەزڵوەری ٢٧٢٢ی کوردی = ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢ی زایینی**

---

# هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕاپەرینی گەلانی ئێران



سەرچاوە
Serchawe
https://serchawe.com